
ڕۆمان

ناوەندی ڕەها

# دوایین پیاوی ئەندەلووس

ئەو ڕۆژەی بۆ دواجار موسڵمانان ماڵئاواییان لە ئەندەلووس کرد

نووسینی: ئەحمەد ئەمین



زامدار قادری

لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی

گروپێك بۆ خزمەتی

خوێنەران و نووسەران و وەرگێرەكان و قوتابیانی

خۆشەویست هەمیشە لەخزمەتانین و بەردەوامین



ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەری گشتی
ناوەند: زامدار قادری

بەڕێوەبەری چاپ و
بڵاوکردنەوە: ئەیاد نادر

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
هەولێر، بازاڕی ڕۆشنبیری، تەنیشت پارێزگا
+964 750 406 6674
Nawandi Raha / ناوەندی ڕەها

# دواین پیاوی ئەندەلووس


نووسینی

ئەحمەد ئەمین

وەرگێڕانی

زامدار قادری



چاپی دووەم

٢٠٢٠

ژمارەی بڵاوکراوە: ٣٧

ناوی کتێب: **دوایین پیاوی ئەندەلووس**

نووسینی: **ئەحمەد ئەمین**

وەرگێڕانی: **زامدار قادری**

هەڵەبڕ: **هۆگر یاسین**

دیزاینی ناوەوە: **ئەیاد نادر**

دیزاینی بەرگ: **محەممەد جەبار**

ساڵی چاپ: **چاپی دووەم (٢٠٢٠)**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی ( ١١٤ )ـی ساڵی ٢٠١٩ـی پێدراوە.

© **مافی ڕایشان و لەبەرگرتنەوەی بۆ ناوەندی ڕەها پارێزراوە.**

ڕۆمانێک، بۆ سەدەیەک ژیان.

بۆ برای کوردی ئازیزم -زامدار قادری- ســــڵاوی خوداتان لێ بێت.

پـاش ئەوەی نـامەکەی بەڕێزتـانم بینی کە داوای مۆڵەتـدانی منتان کردبوو بۆ وەرگێڕانی کتێبی -دواین پیاوی ئەندەلوس- لە زمانی عـەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی، منیش بەوپەڕی شـەرەفەوە خۆشـــحـاڵی خۆم دەردەبڕم و مۆڵەتی تـەواوتـان پێـدەدەم بۆ وەرگێڕانی کتێبەکە، بەهیوام هەموو کوردێکی موسـڵمان سـوود لەو کتێبە مێژووییەی من ببینێت .

هەروەهـا داوات لێ دەکەم پەلەنەکەیت لە چاپکردن و چەنـدین جار پێداچوونەوەی بۆ بکەیت .

ئەگەر کاتت هەبوو و توانیت ئەوا کتێبی -علی أعتاب غرناطە- کە لە نووسینی خۆمە، ئەویش وەربگێڕن .

داوای سەرکەوتن و سەرفرازیت لە خودا بۆ دەکەم.

برات

ئەحمەد ئەمین _ میسر

٢٠٢٠_٥ _٤

ئەم کتێبە پێشکەشە بە:

- ❖ خوێنی هەموو ئەو شـــەهیدانەی لە ئەندەلووس گیانیان بەخشی.
- ❖ بە هەموو ئەو مســولْمانە خۆڕاگرانەی لە ئەندەلووســدا مانەوە.
- ❖ بە هەموو ئەوانەی تـا ئەمڕۆش یـادی ئەنـدەلووس لە دڵیاندایە.

نازانم **پێشەکی** دەخوێنیتەوە یان نا؟

بەس وەهام پێ باشە چاوەکی بدەیە ئەو نووسینەی.

لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووودا، گەلێ سەربردە و ڕووداوگەلێکی زۆرمان بیستووە کە لەهەژمار نایەن. زۆرجار هێندە ئەو مێژووە دووبارە بۆتەوە، خەریکە لێی بێزار ببین. تایبەتتر سەردەمی دوای حەزرەتی موحەممەد (سەلامی خودای لەسەر بێت) تا دەگاتە خەلیفە هارووونە ڕەشید، وەلێ دوای ئەمەو تا دەگاتە سەردەمی ڕووخانی عەباسی ئاگاداری ڕووداوەکان نین، بەڵام لە سەردەمی هاتنی مەغۆلەکاندا و شکانی دەولەتی عەباسی ئاگادارین، ئەویش لەبەر زۆر گوتنەوەی وانەکان و وەعزی واعیزان. بۆیە دەکرێت بڵێین لەو ڕووەوە کەمتەرخەمی زۆرمان هەیە لە نەزانینی سەردەمی دوای ڕووخانی عەباسیی. بەڵام ئەوەی لە هەموو لایەکان بێنازتر و کەمباستره مێژووی قوربەسەری وماڵوێرانی -ئەندەلووس-ە، کە ئیسپانیای ئێستا دەکات. ئەو مێژوویەی پڕ پڕبوو لە پێشکەوتنی شارستانییەت و داهێنانی مەزن. سەرباری ئەو هەموو زوڵم و ناڕەحەتییانەی بەسەر موسڵمانانی ئەوێدا هات، لەکاتی زانین و باسکردندا

مرۆڤ له بەرانبەریدا له قوڵپی گریانێ دەدا و به دەســــتان له کەشکی ئەژنۆ دەدا .

ئەندەلووس، ئەو دەوڵەته پڕ شــــکۆ و ســــەنگەی که هەرگیز خۆڕاگرییان لەســەر ئایینی پیرۆزی ئیسـلام، لەبیر ناکرێت. ئەو جیهادەی ئەوان لەپێناو مانەوەی ئیســــلامدا، جێگای ئەوپەڕی شکۆیه .

*خوێنەری ئازیز و سەنگین، ئەم ڕۆمانەی بەردەستت پێکدێت له بــاســــکردنی نەهــامەتترین ٥ ڕۆژی کۆتــایی کەوتنی غەرناتەی دوا شــاری ئەندەلووس. ئینجا دەپەڕێتەوه بۆ ســاڵانی کۆتایی ســەدەی هەژده و ســەردەمی موســڵمانبوون لەژێر ناوی مەســـــیحی و کریســــــتیانی زۆر دڵنیام که له خوێندنەوەی تەواوبوویت فرمێســک له چاوانت دەبارێ و حەیفێ دەخۆی که لەســــەردەمی ئەواندا نەبوویت تا هاوکاریان بکەیت، بەڵام من ڕێیەکی گچکۆکەت نیشان دەدەم که ئەویش گەڕانه و دەتوانیت لەمەوه دەست به گەڕانی زۆرتر بکەیت و بگەڕێیت، لەسەر ئەو دەوڵەته بێنــازه شـــــت بزانیـت و به نەوەی داهــاتوو و خەڵکی ڕابگەیەنیت. ئینجا باســــی ئەو جوامێرییەی ئەو مەردانه بۆ

خەڵکی بگێڕیتەوە کە چەشـــــتوویـانە، بەوە حەقێکی زۆر بە هاوکاریان دەدەیت.

*ســەبارەت بە وەرگێڕانی ئەو بابەتە، بە پێویســتم زانی کە بڵێم بۆچی ئەمەم وەرگێڕا؟

دەمێکە ئەوەم دەزانی کە خوێنەران ســـەبارەت بە ئەندەلووس کەم شـــارەزان، بۆیە پێویســـــتە کتێبێکی وەها بهێنینە نێو هەگبەی خوێنەرانەوە، چونکە دڵنیام بەر لە ئێستا زۆربەمان ئاگاداری ئەو مێژووە نەبووین، یـان کەمتر ئـاگـادارین. لە هەمـان کـاتـدا ئەو ئیمـانە پۆڵایینەی ئەو موســــڵمـانـانە بکەینە مـایەی پەنـد و ئامۆژگاری بۆ خۆمان و بتوانین لە ســـەردەمی ئەمڕۆدا پەندی چاکی لێوەرگرین کە وڵاتـانی بە نـاو شـــــارســـــتانی هەموو هەگبەیان بۆشە و تەنیا قسەی باق و بریق و بێبنەمایە .

*لە کــاتی وەرگێڕانــدا هەوڵمــداوە بە زمــانێکی بێ گرێ دایبڕێژمەوە، بەڵام ئەگەر لەهەر جێیەک عاســــێ بوون و باش حـاڵی نەبوون و لێی بە گلەیی و گــازانـدە بوون، ئەوە بەمنی بـدەنەوە و بە کەمتەرخەمی منی بزانن، خۆ ئەگەر وەهـا نەبوو، گەلەکتان لێ مەمنونم و ماڵتان ئاوەدان بێت .

مزگێنیشتان بدەمێ کە لە باسکردنی ئەندەلووس و ئەو مێژووە لەبیرکراوە ناوەستین، هەر بەردەوام دەبین.

بە ئومێدی ئەوەی هەموو لایەک لەو کتێبە سوودمەندبن.

زامدار قادری

هەولێر _ باشووری کوردستان

١ _ ٦ _ ٢٠٢٠

# بەشی یەکەم

# ئاوابوونی شانشین

کاتێك بێزاری دەست بەسەر ژیانتدا دەگرێت و ئاوازی ژیان خاو دەبێتەوە، بە جۆرێک بێئومێد دەبیت، تا وا هەست دەکەیت کە چەرخی ژیان لە خوولانەوە وەستاوە. ئیدی چرکەساتەکانی ئێستای ژیانت، هەم سەرەتا و هەم کۆتاییین .

بۆ ئەوەی خودی خۆت لە دڕندەیی ئێستا بپارێزیت نە دەتوانیت ئێستا تێبپەڕێنیت و بەرەو داهاتوو بپەڕیتەوە، نە دەشتوانی بەرەو ڕابردوو هەڵبێیت.

بێزاری، ئەو بکوژە هێواشەی هەرگیز لە ئامانجەکانیدا هەڵە ناکات. لە سەرەتادا هەست دەکەیت ژیانت تەواو ئارامە و ئاسوودەیت، بەڵام دوای ماوەیەك بۆت دەردەکەوێت کە ئەمەش ئیدی شتێکی ڕۆتینییە و هیچی نوێی تێدا فەراهەم نابێت. بۆیە هەوڵدەدەیت شێوازەکەی بگۆڕیت، کەچی لە کۆتاییدا بۆت دەردەکەوێت کە گەیشتویتە حاڵەتی بەرکەوتن. پاشان هەوڵدەدەیت لەم حاڵەتە هەڵبێیت، بەڵام بەشە خراپەکەی ئەوەیە، دەکەویتە نێو چاڵی نائومێدییەکی وەها، کە دەربازبوونی نییە.

ژیانم بەم شێوەیە بوو، یان ڕوونتر بڵێیم ئاوا بوو. ساڵانێکی درێژ تێپەڕین ئیدی لەسەر ئەو شێوازەی ژیانی خۆم ڕاهاتم.

بەڕاستی نازانم من ڕاهاتم، یان ئەو لەگەڵ مندا ڕاهات؟

کەسێک بووم هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆم خۆشدەویست، تەنانەت کەموکوڕییەکانیشم، چونکە بە تێپەڕبوونی کات کەموکوڕییەکانم لە دیدگای خۆمدا ببوونە تایبەتمەندیی خۆم.

گۆڕانکارییەکانی ژیانم پێ باش نەبوو، یان نەمدەویست. دروست نازانم ئایا هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئەم دووانەدا هەیە؟

هەندێك کات زەنگی ئاگادارکردنەوە بۆ گۆڕانکاری لێی دەدا، بەڵام گوێم لێ نەدەبوو، یان وا خۆم نیشاندەدا کە گوێم لێی نەبووە. حەزم لە بەریەککەوتن و ڕووبەڕووبوونەوە نەبوو، تەنانەت گەر لەگەڵ خۆشم بووایە. هەمیشە پاشەکشەم پێ باشتر بوو، تەنانەت گەر ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەکەش لەبەرژەوەندیم بووایە. هەمیشە پێم وابوو باشترین چارەسەری گونجاو بۆ من، بریتییە لە هەڵهاتن .

لە سەرەتادا نەمدەویست لەوە بەئاگابێمەوە کە تێیدا بووم، بەڵام کاتێکیش ویستم، نەمتوانی وا بکەم. پێویستم بە هەژانێکی تووند بوو، تا لەو حاڵەتەی تێیدام دەرم بهێنێت. حەیفێ ئەو هەژاندنەم نەدیتەوە، یاخود ئەو منی نەدۆزییەوە!

بەدرێژایی ساڵانێك وامدەزانی، تا چرکەساتەکانی ژیانم بەم دۆخە بەرەو کۆتاییان بچن، هەر وەك خۆم دەمێنمەوە.

بەڵام قەدەر لەگەڵمدا میهرەبان بوو. هەژانێکی وای پێبەخشـــیم، ڕێڕەوی ژیانی گۆڕیم. بە جۆرێک کە بوومە ســاحێبێ خۆم و جڵەوی خۆم گرتە دەست. ئەمەش چیرۆکێکی لە پشت بوو، کە ئەمەیە:

جیاواز لە عادەتی هەمیشەیی خۆم، زوو لە خەو هەستام، چونکە تەنیا لە ڕۆژی هەینی پێچەوانەی ئەو عـادەتە هەمیشـــەییەم دەکەم، ئەوەش هیچ هۆکـارێـک نەبوو، جگە لە هــاتنی (فەڕەحـات) نەبێت. فەرەحـات بـازرگـانی کتێبە کۆنەکـان بوو، هەموو هەفتەیەك لەم ڕۆژەدا دەهاتە لامان.

پێش چەند ســاڵێك فەڕەحاتم ناســی، پەیوەندییەکی هاوڕێیانەی زۆر دڵســـۆز لە نێوانماندا پەیدا بوو. چونکە لەم جیهانەدا تەنیا کتێبەکـان تـاقە دەربـازگەی من بوون، من وام تـاک و تەرا کتێبۆچکە نەبێت، هەر شتێکم خۆشویستبێت، لێی بێزاربووم.

کتێبەکان، ئەو بەدیهێنراوە ســـیحراوییانەن دەتبەنە جیهانگەلێکی ســـەیروســـەمەرەی وەهاوە کە ئومێدەواری ئەوە دەبیت تا هەتایە لەوێ بمێنیتەوە. بەڵام لەگەڵ کۆتـایی هـاتنی کۆتـا لاپەڕەی پەرتووکەکەدا، ئیدی دەتگەڕێننەوە گۆڕەپانی ڕاســـتی ژیان، بۆ ئەوەی خۆت بەو جیهانە دڕندەیەدا بکێشـــیت و بکەویتە زۆران لەگەڵیدا.

ناوازەیی و سیحری کتێبەکانیش لەو جیهانە عەنتیکەیەدا شاردراونەتەوە. هەر کتێب عادەتی خۆی وایە هەندێك لەو شتانەی پێویستت پێیەتی، پێتی دەدات، تا کاتێک هەست دەکەیت وا دەستی بەسەردا دەگریت و زاڵدەبیت بەسەریدا، بەڵام ئەو خێرا دەتگەڕێنێتەوە ژیانی ڕاستەقینە، بۆ ئەوەی دووبارە بە خێرایی بگەڕێیتەوە سەر کتێبێکی دیکە و داوای زیاتری لێ بکەیت.

کتێبەکانی فەرەحات هەموو کات ئاوایان پێ دەکردم. عادەتەن فەرەحات کتێبی دەگمەنی بۆ دەهێنام، ئەو کتێبانەی چاپکردنیان بۆ پێش دەیەها ساڵ دەگەڕایەوە، یان کتێبی وەهای بۆ دەهێنام، دەسەڵات قەدەغەی کردبوو، لە هەمان کاتدا پیاوانی پۆلیس بۆ دەستبەسەرداگرتنی، بەدوای کەوتبوون، مەعنای بە کورتییەکەی قاچاغبوون.

بازرگانییەکەی فەرەحات پشتی بە کتێبی کۆن بەستبوو، کە خاوەنی کتێبەکان لێیان بێزار ببوون و وازیان لێ هێنابوون. منیش حەز و ئارەزووم لە خوێندنەوەی کتێبی بابلیی کۆن بوو، هۆکارەکەشیم نەدەزانی، ئەگەرچی زەردبوونی پەڕەکانی و ئەو بۆن خۆڵەی بووە بەشێك لە کتێبەکان ساردیان نەدەکردمەوە، بەڵکو زیاتر بۆ لای کتێبێکی نوێتر کەمەندکێشیان دەکردم.

زۆربەی جار لەسەر کتێبەکان جێپەنجەی کەسانی پێش خۆمم تیادا دەبینین و هەستم بە ڕۆحیان دەکرد کە لە دەوروبەری کتێبەکەدا دەخولێنەوە، لەمانەش زیاتر ئەوەی کەمەندکێشی دەکردم، ڕوونکردنەوەی ئەو پەراوێزانە بوو کە لە لایەن خاوەنەکەیەوە بەجێهێڵدرابوو. بیرم دێت کتێبی یەکێك لە نووسەرە بەناوبانگەکانم خوێندەوە، بەڵام ئەوەندەی سوودم لە ڕوونکردنەوەکانی خوێنەرەکە بینی، کە پێش نزیکەی حەفتا ساڵ بەجێیهێشتبوون، بە جۆرێک وەها ناوازە و جوان نووسرابوون هەر وامزانی نووسینی نووسەرەکەیە، ئەوەندە سوودم لە خودی کتێبەکە نەبینی .

کتێبەکان بەم شێوەیەن، هەرگیز بە یەکەمین جار نهێنییەکانیان ئاشکرا ناکەن.

ئەو ڕۆژە فەرەحات زۆر نائاسوودە بوو، بەپێی قسەی خۆی گرێبەستی کۆمەڵێ کتێبی گرانبەهای کردبوو، بەڵام نەیتوانی بوو بیانفرۆشێتەوە، بۆیە کارەکەی لەسەر من وەستابوو، کە من بیکڕم، بۆیە منیش نائومێدم نەکرد.

کتێبەکانم لێ وەرگرت و بردمە ژوورەکەم، دەستم کرد بە ئامادەکاری بۆ خوێندنەوە.

نەریتم وابوو لە کـاتی کڕینی کتێبێکی نوێـدا، هەموویـان لە بەردەم خۆم دابنێم و تیلەچاوێکی خێرایان بەســەردا بخشــێنم، بە نموونە بۆ زانینی ناوی نووسەر و کتێبەکە و ئەو شتۆکانە.

لەسـەر زەوی ڕاکشـام. کتێبێکم خسـتە بن سـەرم، وەك سـەرینێکم لێکرد، ئینجا کتێبێکم گرتە دەسـت و دەسـتم کرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی نێوی. لە کتێبێکەوە دەڕۆشـتمە سـەر کتێبێکی تر، تـا نزیکبوومەوە لە تەواوکردنی لاپەڕەکـان، زۆربەیـان کتێبی ئـایینی چـاپی کۆن بوون، بەڵام کتێبێکیـان کە بە پـارچە قوماشـێکی ڕزیو پێچرابوو، سـەرنجی ڕاکێشـام. هەڵمگرت و بە وریاییەوە هەڵمدایەوە، بیرم نایەت پێشــتر کتێبێکی بەم شــێوەیەم بینیبێت، وەك ئەوە وابوو لە سەرەتای مێژووەوە هاتبێت.

پارچە قوماشەکەم بە هێواشی کردەوە، تا لە کردنەوەی قوماشەکە کە بەجۆرێکی زۆر توند بەســترابوو تەواوبووم، وا هەســتم کرد پەڕەکـانی کتێبەکە لەنێوان دەســـتەکانم وەک گوڵی بەهاریێ دەوەرین، بەرگی کتێبەکە خۆڵ بە تەواوی داپۆشــی بوو، بۆیە هەوڵمدا بە وریاییەوە لایبەم، تا بتوانم دیقەتی ئەو وشــانە بدەم و بیانخوێنمەوە کە لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو.

هەر کە تەواوبووم، خەریك بوو هۆشم لەدەست بدەم! حەقی خۆتانە بپرسن بۆ؟

بەڵێ، واقم وڕما بوو لە کتێبەکە! چونکە ئەوەی ئێستا دەیبینم، نیمچە مەحاڵە. هەر لە شوێنی خۆم دانیشتبووم و لەو ساتەدا هەوڵمدەدا لە کارەکە تێبگەم و بیرکردنەوە پەرش و بڵاوەکانم کۆبکەمەوە، تا هەستم کرد لەبەر زۆری واقوڕمان خەریکە لە هۆش خۆم دەچم!

پەڕەکان بە زمانی -خمیادۆ- نووسرابوون، کە زمانی مۆریسکییە ئەندەلووسییەکان بوو.

مۆرسکییەکان، ئەوانە بوون کە پاش ڕووخانی غەرناتە ساڵی (١٤٩٢ز)، لە ئەندەلووس لە ژێر دەسەڵاتی ئیسپانییە کریستییانەکان بوونەوە.

سەرسووڕمانەکەم، لە چۆنییەتی گەیشتنی ئەم دەستنووسە بوو بۆ ئێرە، چونکە دەستنووسی مۆریسکییەکانی جیهان، بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن.

بەڵام ئەم دەستنووسە قەبارەکەی زۆر گەورەبوو، بۆیە ئەمەم لەلا گەنجینە بوو، دڵنیاش بووم لەوەی پێش ئێستا وەرنەگێڕدراوە.

مۆبایلەکەم هەڵگرت و پەیوەندیم بە فەڕەحاتەوە کرد، تا زانیاری لێ بستێنم کە ئەم کتێبەی لەکوێ هێناوە؟

له سەرەتادا وایزانی کە دەمەوێت لە گرێبەستەکە پاشەکشە بکەم و پەرتووکەکانی بۆ بگەڕێنمەوە، بەڵام هەر زوو تێم گەیاند کە لەبەر ئیشێکی تایبەتی خۆم دەمەوێت سەرچاوەکەیان بزانم.

بە سەرسوڕمانەوە وەڵامی دامەوە: "ئەم کتێبانە لە دۆڵابی مزگەوتێکی کۆنی گەڕەگی —دیڕاسە—ی، قاهیرەدا بوون، چونکە مزگەوتەکەیان نۆژەن دەکردەوە، ئیدی پێویستیان بەو کتێبە کۆنانە نەبوو، بۆیە ئەم پەرتووکانەیان پێ فرۆشتم.

کارەکەم هەندێك بۆ ڕوون بووەوە، چونکە ئەوەی ئێستا بە دەستەکانم هەڵیدەگرم کەسێکی مۆریسکی، کە لە ئەندەلووسەوە هاتۆتە میسر و ئەم دەستنووسەی لەوێ بەجێهێشتووە نووسیویەتی.

سەرم لەوەی دۆزیبوومەوە سوڕمابوو، هەستم دەکرد لە خەودام و هاکا بە خێرایی بەئاگابێمەوە.

زمانی کتێبەکەم لا نامۆ نەبوو، چونکە لە کاتی خوێندنی زمانی ئیسپانیدا دەبوایە وانەی ئەدەبی مۆریسکیمان بخوێندایە، بۆیە لەو ڕێگایەوە توانیم ئەو زمانە فێر بم، کە بە پیتی عەرەبی دەنووسرا و بە ئیسپانی دەخوێنرایەوە.

سەیری ناونیشانەکەم کرد کە لە سەرەوە نووسرابوو، بە خێرایی توانیم بیخوێنمەوە، نووسرابوو:

(( گەشتی -عەلی بەدیە- لە وڵاتی ئەندەلووس - خوا بە ئیسلامی ببەخشێتەوە - بۆ میسر و وڵاتی حیجاز))

لەو ساتەدا هەموو شتێکم سەبارەت بە مۆریسکییەکان دەهاتەوە یاد.

دوای ڕووخانی ئەندەلووس لە ساڵی (١٤٩٢ز) لەسەر دەستی کریستیانە ئیسپانییەکان، یاخود ئەوانەی پێیان دەگوترێت "قیشتالییەکان"، هەریەك لە -فیرناندۆ- و -ئیزابێل- دوو پاشا کاسۆلیکەکان بە داگیرکردنی غەرناتە کۆتاییان بە فەرمانڕەوایی موسوڵمانان هێنا. سەرەتا پەیماننامەیەکی پاراستنی موسوڵمانانیان دەرکرد، بەڵام هەر زوو ستەمیان لە موسڵمانان کرد، ئینجا دەسەڵاتی ڕەهایان دایە دادگاکانی پشکنینی ئیسپانیا، کە ئەمانە بە جەللادەکان ناسرابوون، مێژوویان لە ئیسپانیا بۆ ساڵی (١٤٧٨ز)، ئەودەمەی پاپا سیکتۆسی چوارەم نووسراوێکی بۆ بنیاتنانی دادگاکانی پشکنینی ئیسپانی دەرکرد دەگەڕێتەوە.

ئەمانیش نووسراوێکیان دەرکرد بۆ بەکریستیانکردنی زۆرەملێی هەموو موسوڵمانانی ئەندەلووس، لەپێناو ئەوەدا دادگا چەند

یاسـایەکی لەپێناو جێبەجێکردنی ئامانجەکانیدا دەرکرد. سـەرەتا هەستان بە گۆڕینی مزگەوتەکان بۆ کڵێسا و سڕینەوەی هەموو شـتێکی عەرەبی و ئیسـلامی، تەنانەت بڕیاری قەدەغەکردنی قسـەکردن بە زمانی عەرەبی دەرچوو. هەروەها دادگا هەموو پەرتووکە عەرەبی و ئیسـلامییەکانی سـووتاند، جگە لەمانە لەبەرکردنی جلی عەرەبی و بەکارهێنانی گەرماوی عەرەبیی و وەسـتـان بەرانبەر قیبلە و، نـاونـانی عەرەبیی قەدەغەکرد. سەرەڕای ئەمانە بە زۆرەملێی ناونانی کریستیانی پەسەند کرد و دەستیکرد بە ناچارکردنی خواردنی گۆشتی مردارەوەبوو و بەراز، زۆرێک لە قەدەغەکراوەکانی دیکەش کە دادگای پشـکنین دایناببوون. سزای ئەو کەسەش کە سەرپێچی بکردایە، یان ئەگەر کتێبێکی عەرەبی پێ گیرابووایە، زەوتکردنی هەموو موڵک و سـامانی بوو. ئینجا سـووتاندنیان بوو لەو ئاهانگانەی کە کریستیانەکان دەیانگێڕا.

لە سـەرەتادا ئەندەلوسـییەکان وایان زانی کە ئەمانە تەنیا هەڕەشەکردنێکە لەلایەن کریستییانەکانەوە، بەڵام دادگای پشکنین ویسـتی هەڕەشـەکردنەکەی بکاتە ئەرزی واقیع و بۆ خەڵکی بسـەلمێنێت، بۆیە هەر بە خێرایی بای شـەماڵی پڕاوپڕ لە خۆڵەمێشـی جەسـتەی سـووتاوی موسـڵمانانی گواسـتەوە بۆ لووتەکانیان، بەڵێ لە ڕۆژێکی مانگی ئایاری سـاڵی (١٥٢٩ز)

له یەکەم ئاهەنگی ئایینی کریســــتییانەکانی غەرناتەدا، دوو موسڵمان بە زیندووی سووتێنران.

دوای ئەمانە هەزاران مۆرســـکی لەســـەر دەســـتی دادگاکانی پشکنین گیانیان سپارد و سوتێندران.

هەروەها بۆ ئەوەی ئەندەلووســـــییەکان کە پاشــــان نازناوی مۆریســــکییان لێنرا، خۆیان لەم کارە دەرباز بکەن، هەســـــتان بە نووســـینی ئەو بیروباوەڕە ئیســـلامییانە و ئەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز کە لە لایان مابوویەوە بە زمانی "ئەلخمیادۆ"،

ئەلخمیادۆ، جۆرێکی نووســـینی ئیســـپانییە کە شـــێوێندراوە بۆ وشـــەی -ئەعجەمی-، بە شـــێوازی پیتی عەرەبی دەنووســـرایەوە، بەڵام بە ئیســـپانی دەردەبران، بۆ نموونە وشـــەی -الله- بە زمانی ئیسپانی بەم شێوەیە دەنووسرێت -DIOS) و لە کاتی گۆڕینی بۆ ئەلخمیادۆ بەم شێوەیەی لێ دێت -دیوس-.

بۆیە گەر ئەم پەڕانە بکەوتنایە دەســـــت دادگاکانی پشـــــکنین، نەیاندەتوانی ناوەڕۆکەکەی بزانن. بەم شـــێوەیەش مۆریســـکییەکان خۆیان لە دڕندەیی دادگا دەرباز دەکرد، لەکاتێکدا هەزارانیان لێ ســـــووتاندن و بە قێزەونترین شـــێواز کوشـــتیانن، هەموو ئەمانەش دوای ئەشکەنجەدانێك بوون کە هیچ مرۆڤێك بەرگەی نەدەگرت.

له بیرەوەرییەکانم بەئاگاهاتمەوە، هێشتا دەستنووسەکانم بەدەستەوە گرتبوو، وا هەستم دەکرد کە هێشتا لە خەونێکدام و هاکا بە ئاگاهاتمەوە!

ڕاز و بیرۆکەکان منیان لەوسەری دەبردە ئەوسەری و شنەبایان پێ دەکردم، تا بیرۆکەیەکی عەنتیکە لە سەرم قوت ڕاوەستا.

مادام ئەم پەڕانە گەیشتوونە دەستم، ئەوا دەبێت هۆکارێك هەبێت! بۆیە زانیم دەبێت بە خێرایی ئەم دەستنووسانە وەربگێڕم.

کارەکە لە لام ئاسان نەبوو، چونکە گۆڕینی نووسینی مۆریسکی بۆ ئیسپانی نوێ و پاشان گۆڕینیان بۆ زمانی عەرەبی کارێکی ئاسان نییە.

ئاخر ئەستەنگەکانی گەلێ زۆرن. بۆ نموونە، زانینی ئەو وشە کۆنانەی کە ئێستا بەکارنایەن و هەم زانینی جێگرەوەی ئەو وشە نوێیانە، تا بگەم بە مەبەستی ڕاستەقینەی وشەکان.

کارەکە سێ مانگی تەواوی ویست، لە کاتی وەرگێڕانی ئەو دەستنووسانە زۆر چێژم بینی.

هەستم دەکرد کە لەناو ئەو ڕووداوانەدا دەژیم و لە سەردەمی مۆریسکییەکانم.

هەر کە بەسەر ئەو ڕووداوە بەسوێ و پڕ ئازارانەدا تێدەپەڕیم کە ئەندەلوسییەکان چەشتبوویان، فرمێسکەکانم نەیاندەتوانی بوەستن و لەسەر ڕوومەتەکانم ڕێژنەیان دەبەست.

لەنێو کتێبەکانی دیکەدا هەندێك نەخشەم دۆزییەوە چەند هێمایەکی تێدابوو تێیاننەدەگەیشتم، بۆیە لە لایەکم دانا و نووسینەکەی -عەلی بەدیە-م، وەرگێڕا.

دوای تەواوبوونم بە شانازییەوە لەپێش خۆم دانا و لێم دەڕوانی، لە هەمان کاتدا بیرم لێ دەکردنەوە. ئەو پەڕانەی ڕووداوگەلێکی مێژووییان لە خۆ گرتبوو، کە ئەگەر بۆ منداڵێک باسبکردایە، ئەوا دەیکردە پیرەپیاوێکی ئەختیار.

هەستم دەکرد ڕۆحی مۆریسکییەکان لە دەوری پەڕەکانی پەرتووکەکە دەخوولانەوە. ئەو پەرتووکانەی دێڕەکانی بە خوێن و فرمێسکە بەخووڕەکانیان، کە لە پێناو ئایینی ئیسلامدا، لە وڵاتی ئەندەلووس ڕشتوویانە نووسراون.

پەڕەکان دابەشکرابوون بۆ دوو بەش، یەکێکیان -عەلی بەدیە- خاوەنی دەستنووسەکە نووسیبووی و ئەوەی تریش پیاوێکی ئەندەلووسی خەڵکی غەرناتە بە ناوی -ئەبو حەسەنی غەرناتی- نووسیبووی، کە باسی کۆتا پێنج ڕۆژی پێش ڕووخانی

غەڕناتەی دەکرد و پەڕەکانی گەیشتبوونە دەستی عەلی بەدیەو ئەویش لە عەرەبییەوە وەریگێڕابووە سەر زمانی ئەلخمیادۆ.

ئەمە ناوەڕۆکی دەستنووسەکانی عەلی بەدیە بوو کە نووسیبووی، بێ ڕاستکردنەوە یان دەستێوەردانێك نووسیومنەوە، چونکە لە هەندێك حاڵەتی پێویست نەبێت، چونکە هەندێك وشە و دەستەواژە ڕەشکرابوونەوە و نەمتوانین بیانخوێنمەوە، بۆیە بۆ تەواوکردنی ماناکەی دەستەواژەی ترم بەکارهێنا، بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر نووسینەکانی بەدیە هەبێت.

تەنانەت چاوپۆشیم لە هەڵە زمانەوانییە سادەکانیش کرد، بۆ ئەوەی ئەو نووسینەی کە بەدیە نووسیویەتی و ویستوویەتی، وەك خۆی بیخەمە بەردەم خەڵکی و لەبەردەستیان بێت. تا هەموو جیهان بەتێکڕایی بیخوێننەوە و ئەو مێژووە پڕ لە ناسۆرە بزانن، کە ئەو موسوڵمانانە لە پێناو ئایین و بیروباوەڕیان چەشتویانە.

# سوتاندنی قورئان و پەرتووکە عەرەبییەکان



**یەکێک لە قەشەکان لە کاتی بە کریستیانیکردنی موسوڵمانان.**



# دەقی دەستنووسەکە

ئێمە ئێستا لە ساڵی (١٨٠٥)ــــــی، لەدایکبوونی مەسیحین (سەلامی خودای لەسەر بێت).

ئێستا کارەکان لە غەرناتە ناهەموارن و تووڕەیی باڵی بەسەر ئەم ناوەدا کێشاوە. هێزەکانی دادگای پشکنین وەك گورگی چڵێس بستێکیان لە غەرناتە نەهێشتووەتەوە نەیانپشکنیبێت، چونکە ئەوەی لە کۆتا مانگدا ڕوویدا وای کرد شێت ببن و هۆشیان لەدەست بدەن.

پێش مانگێك دادگای پشکنین خۆی گەیاندە شوێنی کۆتا مزگەوتی مۆریسکییەکان لە غەرناتەدا، کارەکە لای دادگا وەك لێدانێکی تۆقێنەر و شکستێکی دەنگدەرەوە بوو.

چونکە بە درێژایی ساڵانێکی درێژ وایان زانیبوو موسوڵمانان لە ئیسپانیا بەتەواوەتی کۆتاییان پێ هاتووە، جا چ بە کوشتن و چ بە کریستیانکردن بێت.

بەڵام دۆزینەوەی ئەم مزگەوتە بۆی سەلماندن کە سەرباری هەموو ئەو خوێنانەی ڕشتوویانە و ئەو سەرانەی پەڕاندوویانە، ئایینی ئیسلام هێشتا لە ئەندەلوسدا زیندووە.

تووڕەیی پیاوانی دادگا گەلێ زۆر بوو، بۆیە ئەم جارە چاوەڕێی لێپێچینەوەیان لەگەڵ مۆریسکییەکان نەکرد، بەڵکو ڕاستەوخۆ کوشتیانن، ئینجا هەموو ئەو کەسانەی بوون لەنێو مزگەوتدا لە سووجدەدا، بە زیندوویی سووتاندیانن.

ئێستا نازانم کە ئایا هیچ مۆریسکییەکی جگە لە من ماوە، یان من کۆتا کەسیانم. چونکە تەواوی خانەوادەی "مۆرسۆ" پێش سێ مانگ کۆژران،

هەرچی خانەوادەی "مەندەخار"ە پاش مردنی سەرۆکی خانەوادەکەیان -دۆن مەندخار-، لە ترسی دادگاکانی پشکنین هەموویان بەتەواوی بوون بە کریستیان، بەداخەوە نەیتوانی ئیسلام بە خێزانەکەی بگەیەنێت.

خانەوادەی منیش لەمێژە ڕۆیشتوونە، من کۆتا کەسی خانەوادەی بەدیەم.

ئێستا ئەرکێکی مەترسیدار دەکەوێتە سەر شانم، چونکە هەموو بەڵگەنامە و کتێبەکانی مۆریسکییەکان لە ماڵی (شێخ عومەر) دایە، کە کۆتا شێخی مۆریسکییەکانە لە غەرناتە، ئەویش لەو مزگەوتەی سووتێندرا، لەگەڵ مۆریسکییەکانی دیکەدا کوژرا.

زەحمەتی هێنانی ئەو پەڕاوانە، دەکەوتە ئەستۆی من، چونکە کۆتا کەلەپووری ئێمە لە ئەندەلووس ئەو کتێب و بەڵگەنامانەیە.

لە درەنگانی شەودا بە وریاییەکی زۆرەوە، خۆم خزاندە ماڵی شێخ عومەر یان (دۆن دییێگۆ) هەروەك کریستییانەکان بەو ناوەوە دەیانناسی. خانووەکە تالانکرابوو و کەلوپەلەکانی نێوی لە لایەن دادگای پشکنین دزرابوون، بەڵام -بە ویستی خودا- نەگەیشتبوونە ئەو کەلێنانەی لە بنمیچی ماڵەکەدا بوون، کە شێخ عومەر هەردەم دەستنووسەکانی لەوێ دادەنا. هەڵمگرتن و بە خێرایی تا کەس سەرنجی لەسەرم نەبێت گەڕامەوە.

گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم و پەڕەکانم لە بەردەمی خۆم دانا و بە وریاییەکی زۆرەوە هەڵمدەدانەوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی من ١٢ ساڵە لەم کلێسایەدا خۆم کردووە بە قەشە، بەڵام هێشتا گومانیان لە تەواوبوونی مۆریسکییایەتییەکەم هەیە .

بوون بە قەشە تاکە ڕێگە بوو بۆ هەڵهاتن لە چاوی دادگاکانی پشکنین، هەروەها هۆکار بوو بۆ پەیوەندیکردن بەو مۆریسکییانەی لە ئەندەلووس ماون.

من خاڵی بەیەکگەیشــتنی نێوان ئەوان و شــێخ عومەر بووم، کە کۆتا کەس بوو هەندێك بیروباوەڕی ئیســلامی و ئایەتی قورئانی لا مابوو. لای ئێمە وەك مامۆســتا و پێشــەوای مۆریســکییەکان هەژمار دەکرا. هەر کە دەمانبینی وەك ئەو ئومێدە وابوو کە لەناو دەروونمان نویێ دەبووەوە، بەڵام لە دوای ئەمڕۆ هیچ شــێخێك بۆ مۆریسکییەکان نەما، بەڵکو هیچ کەسێکی مۆریسکییەکان لە ئەندەلوسدا نەما و کۆتاییان پێهات.

ئێستا جگە لە من، هیچ کەسی تر نەماوە.

ئێستاش ئەو پەڕاوانەی بەدەستم هێناون مەترسیدارن، بۆیە دەبێت ئەوەی نێوی بپارێزم و پاشان بیانسووتێنم.

لەناو پەڕەکاندا کتێبێکی بچووك، کە ئاســەواری کۆنی پێوە دیار بوو سەرنجی ڕاکێشام.

کتێبەکە کە لە دەرەوەی بە بەنێک بەســـــترابوو لەســـــەرخۆ هەڵگرت، هێواش بەنەکەم کردمەوە. کە کردمەوە، توشـــــی واقوڕمان بووم!

کتێبەکە بە زمانی عەرەبی نووســـرابوو، ئاخر لەوەتەی بیرم دێت تەنیا چەند نووسینێکی سادە و چەند لاپەڕەیەکی کەمم بینیوە، بەڵام کە کتێبێکی وا گەورە دەبینم، بۆ من شتێکی زۆر ئەستەم

بوو. له خۆم دەپرسی: "شێخ عومەر چۆن توانیویەتی هەموو ئەمانە بە عەرەبی بنووسێت؟!"

هەرچەندە لەهەمووومان زاناتر بوو، بەڵام نەیدەتوانی چەند لاپەڕەیەک لەم کتێبە بنووسێتەوە، چونکە لای کریستییانەکان نووسینەوەی زمانی عەرەبی، سزاکەی سووتاندن و سەربڕین بوو!

تەنانەت دوای ڕووخانی غەڕناتە، کاتێك دەستیان بە کریستیانکردن کرد، هەندێك قەشە پێشنیاری ئەوەیان کرد کە ئینجیل وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی بۆ ئەوەی کریستیانکردن ئاسان بێت، بەڵام دادگای پشکنین ڕەتی کردەوە و گوتی کە عەرەبی زمانێکی پیسە، بۆیە نابێت ئینجیل وەربگێڕدرێتە سەر ئەو زمانە. هەروەها گوتیان: "گەر ئینجیل وەربگێڕدێتە سەر زمانی عەرەبی، ئەوا مۆریسکییەکان پەیوەندییەکی زیاتریان لەگەڵ زمانەکەیاندا دەبێت."

ئەمەش کارێکە لەلایەن دادگاوە ڕەتدەکرێتەوە، دادگا دەیویست هەموو شتێکی ئیسلامی و عەرەبی لە ئەندەلووس بسڕێتەوە.

هیچ لە پرسیارەکانم نەما کاتێك یەکەم لاپەڕەم لەم پەرتووکە خوێندەوە، بە ناونیشانی:

(دواین پیاوی ئەندەلووس)

لەژێریشی بە خەتێکی بچووك نووسرابوو:

-پاش ڕادەســــتکردنی غەرناتە لەلایەن ئەبو عەبدوڵای کوڕی ئەحمەر بۆ کریستییانەکان لەم کتێبە تەواو بووم،-

تۆزێکیش لەژێری ناوی نووســـەر نووســـرابوو -ئەبولحەســـەنی غەرناتی-.

کەواتە ئەم پەرتووکە هی سەردەمی ڕووخانی غەرناتەیە، وا دیارە کە شێخ عومەر لە باپیرانی بۆی ماوەتەوە.

چونکە غەرناتە لە ســاڵی (١٤٩٢ز) ڕووخا و ئێمەش ئێســتا لە ســاڵی (١٨٠٥ز)داین، نزیکەی چوار ســەدە بەســەر بوونی ئەم پەرتووکەدا ڕۆیشتووە.

پەرتووکەکە وەك گەنجینەیەك بوو کە دەبوایە پــارێزگــاری لێ بکەم، لە هەمــان کــاتــدا کرۆکەکەی بزانم، بۆیە بڕیــارمــدا پەرتووکەکە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی مۆریسکی وەربگێڕم. لەوەشـــدا کە بوونی بە عەرەبیی، مەترســـییەکی زۆر گەورەی لەسەر دروست دەکردم.

دەمزانی کارەکە لەسەرم زۆر قورسە، بەڵام جگە لە من هیچ کەسێك لە مۆریسکییەکان نەماوە. بۆیە کارەکە هەرچەند ماندووبوون و ئێشی زۆریشی هەبێت بۆتە ئەرکێك لەسەرم.

دەستم بە وەرگێڕان کرد و لە خودا دەپاڕامەوە یارمەتیم بدات، چونکە بۆ من وەك گواستنەوەی شاخێکە، بەرد، بەرد لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. لەو ساتەدا وتەکانی باوکمم بیرهاتەوە کاتێك منداڵێکی بچووك بووم و عەرەبی فێردەکردم، لەکاتێکدا فێربوونی من لەو تەمەنەدا زۆر ئەستەم بوو .

هەمیشە بە گوێیدا دەچرپاندم و دەیگوت:

"زمان تەنیا وشە و ڕێسا نییە، بەڵکو شتێکی لەوە زیندووترە."

هەندێك ڕستەی پێ دەدام کە بە قیشتالی نووسرابوو و داوای لێدەکردم بیکەمەوە عەرەبی. پێی دەگوتم: "کاتێك وەرگێڕان دەکەیت، دەبێت هەستەکان وەربگێڕیت نەك وشەکان."

پەرتووکی ئەبولحەسەنی غەرناتی دابەش دەبووە بەسەر پێنج بەش، باسی کۆتا پێنج ڕۆژی غەرناتەی دەکرد، بۆیە هەر ڕۆژێکم لە چەند پەڕەیەکی جیاواز دانا. لە سەرەتادا ژمارەی ڕۆژەکەم نووسی.

# ڕۆژی یەکەم



# وێنەیەکی نوێی گەڕەکی (بەییازین)

ماوەیەکی زۆر بوو نەهاتبوومە ئێرە بۆ گەڕەکی بەییازین، ئەو جێگایەی کە ئازایەتی غەرناتەی لێ دەدرەوشێتەوە و سوارچاك و پاڵەوانەکانی لێ دەردەچن. گەڕەکەکە نیمچە چۆڵ بوو، چونکە زۆربەیان دوێنێ ڕۆشتنە شەڕکردن لەگەڵ -مووسای کوڕی ئەبوغەسان- سوارچاکی غەرناتە و دواین ئەو کەسانەی نازناوی پیاویان لێ دەنرێت. بێدەنگی و ئارامی بەتەواوی باڵیان بەسەر گەڕەکەکەدا کێشابوو، ڕووخساری خەڵکەکەش هەستت دەکرد خۆیان لە سەیرکردنی یەکتر دەدزییەوە، بۆ ئەوەی هیچ قسەیەک لەگەڵ یەکدا نەکەن. تەنانەت هەستم دەکرد گەر ماڵەکانیش زمانیان هەبوایە بێدەنگیان پێ باشتر بوو.

ئایا بێدەنگی بۆنی هەیە؟ یان ئەوە بۆنی مردنە کە هێڵەکانی لەسەر ڕوخساری ئەندەلووسییەکان دەکێشێت، یان ئازار و ئەشکەنجەکانی ڕۆژگار لەسەر پێشەسەریان دەنەخشێنیت؟

لەوەتەی لە بەیانییەوە هەواڵی کوژرانی مووسامان پێگەیشتووە، خەمباری باڵی بەسەر غەرناتەدا کێشاوە و چواردەورەی غەرناتە شڵەژاوە. لە بەرگریکردن لە غەرناتە و ئەوەی لە ئەندەلووس بۆمان مابوویەوە دواین هیوامان بوو.

هەروەها پارێزگاریکردن لە کۆتا قەڵای موسوڵمانان، چونکە لەوەتەی ئابلۆقە دەستیپێکردووە، مووسا و سوارچاکەکانی لە

بەرەنگاربوونەوە و وەستان لە ڕووی کریستیانەکاندا نەوەستاون. لە هەمان کاتدا هەوڵدان بۆ لابردنی ئابڵوقەکەی سەر غەرناتە، کە هەموو دەنگەکانی شکست و شکانیان لە دوای خۆیان بەجێهێشتووە. لەپێناو هەڵگرتنی ئابڵوقەکە و لابردنی ئەو پەژارەیەی لە غەرناتەیە بەرەو جیهادی خۆیان چوون، بەڵام ئەوەی ڕوویدا قەدەری ئیلاهی بوو.

لە دوورەوە هەندێك تەرمم بینی، پیاوانێك لەسەر شانیان هەڵیان گرتبوو. خەڵکی گەڕەکی بەییازین ئەو شەهیدانەی لەگەڵ مووسای کوڕی ئەبوغەسان شەهید بوو بوون دەیاننناشتن.

بەڵام هیچ ئاسەوارێکی تەرمی مووسایان نەدۆزییەوە، لەوانەیە نەیویستبێت هیچ گۆڕێکی هەبێت، بۆ ئەوەی هیچ یادەوەرییەك لەنێو دڵەکاندا جێنەهێڵێت.

لە چەند پیاوێك کە لەسەر کارێك دەنگیان بەرزببوویەوە نزیك بوومەوە. ئەو ماوەیە هاوار لە غەرناتە زۆر بووە!

گفتوگۆیان دەربارەی ئەو جەنگە بوو کە مووسای غەسانی و سوارچاکەکانی کردیان. یەکێك لەو پیاوانە بە توندی باسی مووسا و هەڵەکەی دەکرد، کە چۆن خۆی و جەنگاوەرەکانی تووشی شەڕێکی ناهاوتا کرد و سەرەنجام کۆتاییەکەی بە مەرگی خۆی بوو.

پیاوێکی تر وەڵامی دایەوە و، گوتی: "مووسا ڕەتیکردەوە خاك و وڵاتی خۆی ڕادەستی دوژمنان بکات، هەر لەو ڕێگەیەدا ژیانی خۆی فیداکرد. مووسا پێیباشتر بوو بمرێت، نەك خاکەکەی ڕادەستی کریستییانەکان بکات."

پیاوێکی تر ڕووی خۆی گرژ کرد و، گوتی: "بەهەر حاڵ خۆ مرد!"

هێشتا ئەو کاتەم لەبیرە کە مووسا خۆی بۆ دەرچوون و شەڕکردن ئامادە دەکرد، لەوێ گفتوگۆیەکی بە چپەچپ لەنێوانماندا درووست بوو، لە کۆتایی قسەکانماندا گوتی: "من نە ئاڵاکەم، نە خاکەکەم ڕادەستی داگیرکەران ناکەم."

لەو ڕۆژەوە داوای لێ نەکردم بۆ شەڕکردن دەربچم، نازانم بۆ منیش نەچووم!

ترسنۆك نیم، بەڵام نەشچووم بۆ شەڕکردن.

ئەوەی پێی گوتم ئەوە بوو: "ئەوەی ئەمڕۆ نەجەنگێت، هەرگیز ناجەنگێت ئەبولحەسەن! ئینجا بە ئەسپەکەی دوور ڕۆشت، نازانم بەرەو لای هاوڕێکانی چوو، یان بەرەو چارەنووسی خۆی، نازانم کامەیان نزیکتر بوو.

لێیان دوورکەوتمەوە و قسـەکانی مووسـای کوڕی ئەبوغەسـانم بیردەهاتەوە کاتێك لە بەرانبەر نێردراوی پاشاکانی کریستیدانەکاندا گوتی، "لەو کاتەوەی داوایان لە ئەبو عەبدوڵای کوڕی ئەحمەڕ کرد غەڕناتەیان ڕادەسـت بکات،" ئەویش بە دەنگێکی بەرز هاواری بەسەردا کردن و گوتی: "با پاشای کریستیانەکان بزانێت کە تاکی عەرەبی بۆ ئەسـپ و تیر لەدایکبووە، گەر ویسـتی شـمشـێرەکانمانی هەبوو، ئەوا با بێت و بەدەسـتیبهێنێت، بەڵام با چـاک بزانێـت زۆر بە گرانی دەیبـاتەوە. من هەژارێکی نـاو کەلاوەکانی غەڕناتەم، مردنم لەو شـوێنەی کە بەرگری لێ دەکەم پێ باشترە لە گرانبەهاترین ئەو کۆشکانەی بە سەرشۆڕکردن بۆ دوژمنانی ئایینەکەمان بەدەستی دەهێنین."

تەنـانەت کـاتێـك وەزیرەکـانی ئەبو عەبـدوڵای کوڕی ئەحمەڕ هەوڵیان دا لە هەوڵدان بۆ بەرگریکردن لە غەڕناتە بیگێڕنەوە، بە بیانووی نەمانی ئازووقە و دەرامەت، مووسـا هاواری بەسـەردا کردن و گوتی: "هێشـتا هەموو دەرامەتەکانمان تەواو نەبوون، بەڵکو هێشتا دەرامەتێکی تری وزەمان ماوە، کە زۆر موعجیزەی ئەنجام داوە، بە هەموو هێزەکانمان با کار لەسەر وورووژاندنی گەل بکەین و چەك بدەینە دەستیان، تا دوا کەسمان لە دژی دوژمن بجەنگین. بەڕاسـتی سـەربەرزییە بۆ من لە نێوان ئەو کەسـانە بژمێردرێم کە لە بەرگریکردن لە غەڕناتەدا شـەهید دەبن، وەك

ئەوەی لە نێوان ئەو کەسانە بژمێردرێم کە ئامادەی ڕادەستکردنی غەرناتە بن."

ڕاستییەکەی وەزیرەکانی ئەبو عەبدوڵا دەردی فەرمانڕەوایەتی و هۆکاری تێکچوونەکەی بوون، هەرکاتێک کێشــە و گرفتێك لە غەرناتە ڕوویبدایە، ئەوان تەنیا لەسەر گریان و واوەیلا ڕاهاتبوون، دەیانویست ئەم گیانە کوشندەیە بە ئێمەش بگەیەنن. لە یەکێك لە دیدارەکانیاندا مووســـا کە لە هاوار و گریانیان بێزار ببوو بە ڕووگرژییەوە پێیگوتن: "واوەیلا بۆ ژن و منداڵەکان لێگەڕێن، ئێمە پیاوانێکین دڵەکانمان بۆ باراندنی فرمێســك دروســتنەکراوە، بەڵکو بۆ ئەوە دروســـــتکراوە خوێنی لێ بچۆڕێت. دەبینم کە گیانی ئەم گەلە دامرکاوەتەوە، بەجۆرێک ڕزگارکردنی غەرناتە بووەتە مەحاڵ، بەڵام هێشتا جێگرەوە بۆ دەروونە ڕەسەنەکان هەیە، ئەمە مردنێکی شــکۆمەندانەیە، بۆیە با لە پێناو بەرگریکردن لە ئازادیمان و، تۆڵەسەندنەوە بۆ کارەساتەکانی غەرناتە شەهید بین. زەوی دایکی ئێمەیە و کاتێ بە ئازادکراوی لە کۆت و ســتەمی داگیرکەر بمانبینێت ڕۆڵەکانی لە باوەش دەگرێت. حاشــا لە ئێمە کە بگوترێــت گەورە پیــاوانی غەرنــاتە ترســـــاون لە پێنــاو پارێزگاریکردن لە غەرناتە بمرن!"

کۆتا گوتارەکانی کە پێش دوایین دەرچوونی بۆ شـــەڕکردن ئەوە بوو

"خۆتان هەڵمەخەڵەتێنن و وا مەزانن کە کریســـتییانەکان پەیمانی خۆیان دەبەنە ســـەر، پەنا مەبەنە بەر پیاوەتی پاشـــاکەیان. مردن کەمترین شتە لێ بترسین، تاڵانکردن و وێرانکردنی شارەکانمان و پیســکردنی مزگەوتەکانمان و تێکدانی ماڵەکانمان و هەتککردنی شەرەفی ئافرەت و کچەکانمان لە بەردەممانە. هەروەها ستەمێکی بێڕەوشـــتانە و دەمارگیرییەکی وەحشـــیگەرانە و قامچی و کۆت وبەندمان لە پێشـە. هەروەها زیندان و ئاورگە چاوەڕوانمانە. ئەمە ئەو کارەســـات و ســـتەمانەیە کە تووشـــیان دەبین، بەلای کەمەوە ئەمە ئەوەیە کە ئەو دەروون نزمانە دەیبینین، کە ئێســـتا لە مردنی شـــەرەفمەندانە دەترســـن، بەڵام ســـوێند بە پەروەردگار من ئەوە نابینم."

بەڵێ ئەی کوڕی غەســـــان لە پـاش ئەمڕۆ هیچ زەلیلی و ســـووکایەتییەك نابینیتەوە، بەڵام ئێمە پێدەچێت لە دوای تۆ تەنیا زەلیلی و سووکایەتی ببینین ئەی سوارچاکی ئەندەلووس.

لە دوورەوە پیرەژنێکم بینی ڕەشـی پۆشـیبوو، وەك بڵێیت دەیویست غەرناتەی ئەم چەند ڕۆژە بخەوێنێت،

به کوڵ دەگریا و بە دەنگێکی لاوازی ناسکەوە لایلایەی دەگوت، لێی نزیك بوومەوە و هەوڵمدەدا گوێم لێی بێت چی دەڵێت، گوێم لە لایلایەیەک بوو هێندە جەرگبڕ و بەسوێ بوو منیشی خستە گریان.

ئافرەتەکە بە دەنگێکی پڕ لە خەمباری و دڵشـــــکاوییەوە دەی گوت:

"غەرناتە ئەی مەنزڵگای ژیانم،

غەرناتە ئەی شوێنی بوکێنیم،

چەند هاوارت کرد! چەند ئازارت کێشا! چەند بانگت کرد!

نە تاشفین، نە غافقی وەڵامیان نەدایتەوە!

هەموو دڵدانەوەکەت ئەوە بوو کە غەســــان لەســـەر قەڵاکانت شەهیدبوو!"

بەرگەی ئەم وتانەم نەگرت بۆیە فرمێســـــکەکان لە چاوم هاتنە خوارەوە، وا هەســـتم کرد لەســـەر ئەو نارەحەتییە و خەمگینییەی غەرناتە دڵم خەریکە پارچە پارچە دەبێت.

ئافرەتەکە لەناکاو سـەری بەرزکردەوە و بینیمی وا سـەیری دەکەم، بۆیە بەهۆی وەســـــتانم لەبەردەمیدا، داوای لێبووردنم لێ کرد،

ویستم بڕۆم بەڵام بە ئاماژەیەکی دەستی ڕایگرتم و منیش لە شوێنی خۆم جێگیر بووم، سەیری دەکردم، پاشان گوتی:

"دەگریای ڕۆڵەکەم؟!"

نازانم ئایە هیچ مرۆڤێك هەیە، گوێبیستی ئەم وشانە ببێت و نەگریات، ئەمانە وشەگەلێکن دەتوانن فرمێسك لە بەردە زەبەلاحەکانیش دەربهێنن.

بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە گوتم: "بەڵێ، گوێم لە قسەکانت بوو بۆیە گریام."

ئافرەتەکە دەستی لەسەر سەری خۆی دانا و بەدەنگێکی کزەوە گوتی: "ئەی قوڕمان بەسەر گەر پیاوانی غەڕناتە بگریین ئەی دەبێ ژنان چی بکەن؟!"

کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان گوتی:

"ڕۆڵەکەم هەرکاتێک بووکیان بۆ لای زاوا برد، ئەوا دەستی بە خەنە ڕەنگ دەکەن، بەڵام کاتێك پیاوان بۆ شەهادەت دەبەن، دەستیان بە خوێن ڕەنگ دەکەن. لە پێناو شەرەفی غەڕناتەدا بجەنگن و بەسەربەرزی بمرن، پێش ئەوەی ئومێدەواری مردنێکی وەها بن، بەڵام بەدەستی نەهێنن."

ئەوەی پێ گوتم، پاشان ڕووخساری لێ وەرگێڕام و دوور ڕۆشت.

## ڕۆژی دووەم




**وێنەیەکی ئەبو عەبدوڵای کوڕی ئەحمەڕ**

**کۆتا پاشای غەڕناتە**

به درێژایی چەندین ســاڵ وا ڕاهاتبووم هەموو ڕۆژێك، تەنانەت گەر هیچ پێداویستییەکیشم نەبێت بڕۆمە بازار.

بەڵام ئەمڕۆ بازاڕ تەواو چۆڵ بوو، تەنانەت ئەو بازرگانانەی لەبەر هاوار کردن بۆ کەلوپەلەکانیان ئەو بازاڕەیان ئاوەدان کردبووەوە، ئەمڕۆ دوکانەکانیان نەکردبووەوە.

شـــەقامەکان چۆڵ و خەمگین بوون، "با"ش، وڕەوڕی دەهات، نەمتوانی لە دۆخەکە تێبگەم، بە ئومێدی بینینی هەر شـــتێك بێت چاوم بەو شوێنەدا دەخشاند. لەناکاو ئەوم لە بەردەم خۆمدا بینی. بە درێژایی پێنج ســـاڵ ڕاهاتبووم هەموو ڕۆژێك لەو شوێنەدا -تڕوب-ی، مەعشوقم ببینم.

وازم نەدەهێنا لە ناردنی شــعر و غەزەلی خۆشــەویســتی بۆی، ئەویش وازی لە گاڵتەکردن و پێکەنین نەدەهێنا.

تەنیا بینینی ئەو بەس بوو بۆ ئەوەی دڵخۆشــــی و کامەرانی سەراپای دڵم داگیر بکات. زۆر جوان، دڵگیر و ئەندەلووسی بوو، لەم جیهاندا کەسی وەك تڕوب هەبوو؟!

کەچی ئەمڕۆ حەزم لە قســـەکردن نەبوو لەگەڵیدا، پێدەچوو ئەویش نەیەوێت، تەنیا لە یەکترمان ڕوانی و هەر یەکەمان بەدوای کاری خۆماندا چووین.

ڕاونینەکانمان خەمگین و دڵشکاو بوون.

هەستمان بە ونبوونی خۆمان دەکرد.

هەستمان بە ونبوونی غەرناتە دەکرد.

باوەڕم بە خۆم نەدەکرد کە ڕۆشتم و تروبم بەجێهێشت، تەنانەت بێ ئەوەی سڵاویشی لێ بکەم، ڕۆشتم و برینەکانی غەرناتەش هێدی هێدی لە دڵمدا فراوان دەبوون.

برینێك پێدەچێت هەرگیز سارێژ نەبێتەوە.

ڕێگاکەم تا مزگەوتی گەورەی غەرناتە تەواو کرد، لەو نزیکانەش منداڵێکم بینی لەسەر باهۆی دەرگاکە دانیشتبوو و دەگریا، لێی نزیك بوومەوە و دەستم لەسەر شانی دانا، منداڵەکە زۆر بە کوڵ دەگریا، هەرگیز گریانێکی بەم شێوەیەم نەبینیبوو، بۆ ئەوەی بیگەڕێنمەوە بۆ لایان ناوی خۆی و باوکیم لێ پرسی.

ئەویش پێیگوتم کە باوکی دوێنێ لەگەڵ مووسای کوڕی ئەبوغەسان شەهیدکراوە.

-ئاه بۆ هەتیوان، لە دوای غەرناتە کێیان هەیە سەرپەرشتیان بکات؟!-

سەیری کردم و درێژەی بە قسەکانی دا، فرمێسکەکانی چاویان پڕ کردبوو، بە دەنگێکی نووســـــاو و قورگێکی پڕ لە گریـان گوتی:

"من لەبەر بـاوکم نـاگریم، بەڵکو لەبەر ئەوە دەگریم پێش ئەوەی بڕوات پێیگوتم: "ڕۆڵەکەم گەر ئێمە شـــــکســــتمان هێنا، ئەوا هیچی تر لە غەرنـاتەدا گوێـت لە بـانـگ نـابێـت، هەروەهـا خاچەکان لەسەر بڵندگۆیەکان دادەنرێن."

-خودا پیر و منــداڵەکــان لەنــاو ببــات، قســـــەی وا دەکەن بیرمەندەکانیش نەیانتوانیوە بیکەن-

کوڕەکە درێژەی بە قسەکانی دا و پرسیارێکی ئاڕاستە کردم:

"مامە بەڕاستی ئەمە ڕوودەدات؟!"

قسەکانی ئەو منداڵە زمانی بەستم و بیرکردنەوەکانی شپرزە کردم.

سەرم بەرەو بڵندگۆکە بەرز کردەوە، پاشان سەیری کوڕەکەم کرد و جگە لە گریان هیچ وەڵامێکی ترم دەست نەکەوت.

لەوانەیە لەم ڕۆژانەدا لە غەرناتە گریان باوترین وەڵام بێت.

بوو بە نیوەڕۆ و لە یەکێك لە کۆڵانەکانی غەرناتەدا کە پڕ بوو لە کەســـانی هەژار، خەمباری زیاتر لە هەموو خەڵکی غەرناتە ڕووخساری ئەو هەژارانەی داگرتبوو.

لە دوورەوە شەڕێك دیار بوو، منیش بە خێرایی بەو لایەدا ڕۆشتم تا بزانم لەسەر چییە، یەکێك لە خاوەن دوکانەکان شەڕی لەگەڵ ســوالکەرێك دەکرد، هۆکاری شــەڕەکەم نەدەزانی بەڵام گوێم لە بازرگانەکە بوو پێی دەگوت:

"ژیان لای ئێوە گرنگ نییە، تەنیا خەمی ئەوەتانە، بێ کارکردن و ماندووبوون سکی خۆتان تێربکەن. بەڵام ئێمە نرخی جەنگ و ئابڵوقە دەدەین. چیتان لە غەرناتە هەیە تاوەکو لێی بترسن؟! ئێوە حەزتـان لێیە بڕوخێـت بەڵکو لەگەڵ ســـەرکردە نوێیەکـانتـان دەوڵەمەندبن .

ســـوالکەرەکە هەڵچوو و بە قســـەکردنێکی دڵتەنگ و زبر و بەدەنگێکی تێکەڵ لەگەڵ فرمێســـکدا گوتی: "غەرناتە هیچ ناگەیەنێت بۆ هاوشێوەکانی تۆ، لای تۆ هیچ جیاوازییەکی نییە فەرمانڕەواکە کوڕی ئەحمەر بێ یان کریســـتیان، شـــەوان تۆ دەڕۆیتەوە مـاڵەکەت و ئێمەش پەنـا دەبەینە بەر شـــەقـام و کـێڵـگەکـانـی غەرنـاتە. غەرنـاتە ئەو گـیـانەیە کە لە جەســـتەکانماندایە، وا دەکات ژیان بەناو دەمارەکانماندا بڕوات.

بەڵام تۆ هەموو ئەوەی خەمی لێ دەخۆی زەرەرکردنی بازرگانییەکەتە."

بازرگانەکە بێدەنگبوو و بەسەرسوڕمانەوە لە سواڵکەرەکەی دەڕوانی.

سواڵکەرەکە قسەکانی تەواوکرد و گوتی:

"ئێوەی دەوڵەمەندان نە گەرما و نە سەرما و نە نەرمونیانی غەرناتە دەزانن، ڕاستە ئێمە لێرەدا هیچمان نییە، بەڵام ئێمە ڕەگ و خوێنمان پێشکەشکردووە و لەگەڵ خاکەکەی تێکەڵبووین. ئێمە، بێ ئەوەی چاوەڕێ هیچی لێ بکەین گیانی خۆمان لەپێناویدا بەختکرد، بەڵام ئێوە چیتان پێشکەش کردووە؟!"

هەموومان بووینە دانایانی ئەم سەردەمە؟!

خۆزگە هەر پێشتر ئەو داناییەمان لەسەر دابەزیبایە، ئەو کاتە دۆخەکەمان جیاواز دەبوو، هەرگیز نەدەگەیشتینە ئەم ساتەی ئێستامان."

# ڕۆژی سێیەم



یەکێک لە دەرگا کۆنەکانی غەڕناتە.

دەمێک بوو -خالیدی کوڕی زەیدوون-ی، هاوڕێم نەبینی بوو، بۆیە بەرەوماڵیان ڕۆشتم. دیدارەکەمان سست و لاواز بوو، چونکە ڕۆژانی ڕابردوو نـاگەڕێنەوە. وتووێژەکەمـان جگە لە چەنـد وشـــەیەکی کەم نەبێت، کە مـاوە مـاوە دەمـانگوتن هەمووی بێدەنگی بوو. وشە کاریگەرەکانی کوڕی زەیدوون بە تێپەڕبوونی کات دامرکابوونەوە و هێزیان لە دڵی خەڵکدا نەمابوو، جا بۆچی لە دڵیاندا بمێنێت؟!

کوڕی زەیدوون ئومێدەوار بوو توانای شـــەڕ و جەنگی هەبێت، کەچی هەر لە منداڵییەوە نەجەنگابوو، توانای شـەڕیشـی نەبوو، بەڵام پەروەردگار بەهرەی قســەکردن و جوانی ڕوونکردنەوەی پێ بەخشــیبوو، وتاربێژێك بوو ڕکابەری نەبوو، بەڵام ئێســتا هەموو جوانییەکانی غەڕناتە، ڕۆژەکانی بەسەرچوون.

بێدەنگییەکە درێژەی کێشا، چونکە زمانەکان توانای قسەکردنیان نەبوو، چاوەکانمان هەر لەسەر زەوی بوو، دەترساین چاوەکانمان لە یەکتری بڕوانن و شکانی غەڕناتەیان لێ ببینین.

روخســەتم خواســت هەســتم، بەڵام هیچ ڕێگرییەکی نەکرد وەك بڵێیت دەیویست شتێك بڵێت.

له جێگای خۆم هەســـتام بەرەو دەرگاکە ڕۆشـــتم، بەڵام لە پڕ ڕایگرتم و گوتی: "ســەرکردەی ســەربازان و گەورەکانی غەرناتە موڵکەکانیان فرۆشت و خۆیان بۆ ڕۆشتن ئامادە کردووە."

من پێشــتر هەندێك لەو قســانەم گوێ لێ ببوو، بەڵام باوەڕم پێ نەکردبوون، تـا ئەو کـاتەی لە کوڕی زەیـدوونەوە گوێم لێ بوو. بەڵام سەرباری ئەوە وەڵامم دایەوە و، گوتم:

"ئەبو عەبدوڵا ڕێگە بەمە نادات و ســـزای ئەوانەش دەدات کە موڵك و وڵاتی خۆیان بە قیشتالییەکان فرۆشتووە.

کوڕی زەیدوون بە پتەوی و دانایی ناســرابوو، بیرم نایات ڕۆژێك بە شــێوەیەکی گاڵتەجاڕانە پێکەنیبێت یان شــتێکی لەم جۆرەی کردبێت، بەڵام کە ئەم ڕســتەیەی کۆتاییم پێگوت، بە شــێوەیەك پێکەنی وامزانی لەهۆشی خۆی دەچێت.

بەم کارەی تووڕە بووم و بەتووڕەییەوە لێم پرسی:

"شتێکی پێکەنیناوی لە قسەکانمدا هەیە؟!"

کەمێك هێور بووەوە پاشـــان بە دەنگێکی پڕاوپڕ لە خەمگینی و تــاڵـیـیەوە گـوتـی: "گەمژە! ئەبوعەبــدوڵا یەکەم کەس بـوو موڵکەکانی فرۆشــت، ئایە باخچەی -ئەلعیســام- پێ دەزانی کە هەیبوو؟! ئەبولقـاســـــمی وەزیری خۆی کردە وەکیـل بۆ ئەوەی

بیفرۆشێت، وەزیرەکەش فرۆشتی و پارەکەی وەرگرت و وەزیرەکانی تر —وەك ئەبولقاسم و ئیبنولکەماشە- هەموو موڵکەکانیان فرۆشت و نرخەکانیان وەرگرت."

لەگەڵ ئەم قسانەدا توشی شۆک بووم، بۆیە هیچ قسەیەکم نەدۆزییەوە تا بیکەم، کوڕی زەیدوونیش بەو دەنگە نووساوەی کە لەبەر گریان وای لێهاتبوو بەردەوام بوو لە قسەکانی: "زێڕ و زیوی خۆیان برد و ئێرە بەجێدەهێڵن، ئەی چۆن ئێمە مافەکانی خۆمان لێرە بەدەست بهێنین؟!"

مافەکانی ئەوان زێڕ و زیو بوو، بۆیە بردنیان ئاسان بوو. بەڵام ئێمە چۆن مێژوو و کەلەپوور و خوێنی باپیرانمان ببەین؟"

هیچ قسەیەکم نەدۆزییەوە بیکەم، بۆیە بە بێدەنگی سەیرم کرد، ئەویش قسەکانی تەواو کرد و گوتی: "گەر شکۆمەندی و شەرەف بفرۆشرایە، ئایە دەزانی نرخیان چەند بوو؟!"

ماڵەکەم بە خێرایی بەجێهێشت، نەمدەویست گوێم لە هیچی تر ببێت، بەڵام بەبێ ویستی خۆم گوێم لە قسەکانی بوو کە دەیگوت: "ئەمە خوێنە، گەر خوێنی خۆت بەخشی، ئەوا شکۆمەندی و شەرەفی خۆت پاراستووە، تەنانەت گەر کوژرایت و دوژمنیش سەرکەوتو بوو. چونکە خوێن هەرگیز شکست نازانێت و دووبارە هەڵدەستێتەوە بۆ ئەوەی شکۆمەندی و شەرەفی

خۆی بەدەستبهێنێتەوە، بەڵام گەر بە دەستی خۆت شکۆی خۆت دا بەدەستەوە و شکاندت، ئەوا هەموو شتێك دەمرێت.

قسـەکانی لە سـەرمدا دەزرینگانەوە، وەك بڵێی ڕۆشـتبامە هەر شـوێنێك لە دوامەوە بوو، ئەو کاتەی لە شـەقامەکانی غەرناتەدا دەڕۆیشـتم، خۆم دەدواند: "چۆن ئەوانە توانیان بە هەرزانترین نرخ بیفرۆشن؟!"

(هاوشێوەکانی ئەمانە تەنانەت مافی ژیانیشیان نییە، بڕۆنە هەر شـــوێنێـك پێویســـتە دوور فڕێیـان بـدات، چونکە هەر چۆن غەرناتەیان فرۆشـت، بە هەمان شـێوەش هەموو وڵاتێکی تریش دەفرۆشن).

ئەمانە مامۆســـتای مزگەوت کاتێك گوێی لە هەواڵەکە بوو بە گریانەوە پێیگوتم!

(لەم ڕۆژانەدا لەســـەر گریان ڕاهاتووین، خۆزگە لەبری ئەمە بمانتوانیایە شتێکی تر بکەین؟!)

## ڕۆژی چوارەم




کۆشکی (ئەلحەمراء) لە غەرناتە

خۆری ئەو نیوەڕۆیە زۆر بەتین بوو، هەمیشـــــە خۆری غەرناتە بەتین بووە، بەڵام ئێستا پێدەچێت خۆری ئیسلام دەستی بە ونبوون

کردبێت. ســــەیری خۆرم دەکرد و لە تیشـــکەکانیم دەڕوانی. دەمویســـت زۆرترین بڕ لەم تیشـــکە لە ناخی خۆمدا هەڵبگرم، لەوانەیە ڕۆژێکی تر نەیبینمەوە.

ئایە بە خەیاڵ ئەوەم دەبینی، یان هەر بەڕاستی خۆر بۆ غەرناتە دەگریا.

غەرناتە.

هەموو شتێك بۆی دەگری!

هەموو شتێکیش هەواڵی مردنی بڵاو دەکردەوە!

بە شەقامەکاندا تێدەپەڕیم، لە ماڵەکانی غەرناتەم دەڕوانی و تێی ڕادەمام.

جوان و مەزن بوون، نموونەی هونەر و بیناســـازی بوون، ماڵی هیچ شـــوێنێکی تر ڕکابەری ئەو ماڵانەی پێ نەدەکرا. تەنانەت لە خەمباریشـــدا باوەڕ ناکەم هیچ ماڵێکی تر هەبێت وەك ئەمانە هەست بە خەمباری بکات، دیوارەکان بۆ یەکتریان دەچرپاند، خەم و ئازارەکانی خۆیان هەڵدەڕشـــت، تەنانەت هەســـتم کرد ئەگەر دەنگیان هەبووایە لەبەر ســـامناکی ئەوەی ڕوویدەدا هاواریان دەکرد. لەو ساتەدا باران نم نم دەباری، وەك ئەوەی ئاسمانیش بۆ غەرناتە بگری، یان ڕەنگە بیویستایە ئەو خەمبارییە بسـڕێتەوە

کە دیواری ماڵە خەمبارەکانی داپۆشیبوو. بارانەکە لەگەڵ خۆڵدا تێکەڵ دەبوو و بۆنێکی خۆشـــــی لێوە دەهـات، لە منـداڵییەوە عاشـقی ئەو بۆنە بووم، تا ئێسـتاش هەر عاشـقیم. خەمباری و یـادەوەرییەکـانی لە دەروونمـدا دەورووژانـد. زەوی دەیـدوانـدین و ئێمەش دەمـاندواند، خۆمـان پێ دەپاراســـت لە دڕندەیی زەمـان، ئەویش خێروبێر و گەنجییەتی خۆی پێ دەبەخشـــین، تا ڕۆژێك هـات ڕەزیلیمـان بە خوێنی خۆمـان کرد لەگەڵیـدا، بۆیە زەویی غەڕناتەش تاهەتایە پەیوەندی لەگەڵ پچڕاندین.

لەو بەیـانییەدا هەواڵی ئەوەمـان پێ گەیشـــــت کە لەنێوان ئەبوعەبدوڵڵا و نێرداوی پاشـاکانی کاسـۆلیك ڕوویداوە، ئەوان پێشـنیاری ڕادەسـت کردنی غەڕناتەیان کرد بەرانبەر پاراسـتنی خۆی و غەڕناتەییەکان.

نازانم مەبەسـتیان کامە پارێزراوییە؟ پارێزراوی بەلنسـییە، یان پـارێزراوی تەڵیتڵە، یـان پـارێزراوی قوڕتوبە، یـان شـــارە ئیسـلامییەکانی تر؟! چونکە هەر یەکێك لەوانەی شـارەکانیان ڕادەسـت کرد، سـەربڕدران و پارەکانیان بە تاڵان بران و ئابڕووی ئافرەتەکانیان بردرا!

کاتێك دانیشتبووم و سەیری تیشکی خۆرم دەکرد پیاوێك ئەمەی پێ گوتم، بەخێرایی بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامم لێ بکات بەجێیهێشتم.

نموونەی ئەم پیاوانە ئێستا لە غەرناتەدا زۆر بوون، لە شەقامەکانی غەرناتەدا دەگەڕین و هانی خەڵك دەدەن بۆ خۆڕاگری و بەرگەگرتن و کۆڵنەدان بۆ کریستییانەکان.

چونکە سوپای سوڵتانی میسر و سوپای سوڵتانی عەدوە لە ڕێگادان بۆ بەهاناهاتنمان و لابردنی ئەم ناخۆشییەی سەرمان، چونکە ئەوان بە لەدەستدانی کۆتا قەڵای موسوڵمانان لە ئەندەلووس قایل نابن.

ئەندەلووس!

ئای چەندە ستەممان لەو ناوە کردووە، تەنیا لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانمان چەند لە دژی ئەندەلووس ڕاوەستاوین!

ئەوانەی ئەندەلووسیان لەدەستدا ڕۆڵەکانی بوون، ئەو قەڵا و شارانەی سەرۆك هۆزەکان ڕادەستی کریستییانەکانیان کرد، زیاتر بوون لەوانەی کریستییانەکان لە شەڕ و جەنگەکاندا بەدەستیان هێنان.

ئەندەلووس چەند لامان کەم بایەخ بوو!

خەڵکی غەرناتە ئومێدی زۆریان هەبوو بەوەی ڕۆژێك لە خەو هەڵبستنەوە و ببینن کە لەشکری موسوڵمانان دەورەیان گرتوون و ئابڵوقەکەیان لەسەر لابردوون، ئەوەشی لە ئەندەلووس لەدەستیانداوە بەدەستیان هێناوەتەوە. بەڵام ئەمە خەونێکی زۆر دوور بوو، چونکە سوڵتانی میسر و سوڵتانی عەدوە کارە ناوخۆییەکانیان سەرقاڵی کردبوون لە ناردنی یارمەتی بۆمان، نەمدەزانی چ کارێکی ناوخۆیی ڕێگری لە سەرختستنی غەرناتەدا دەکات؟

تەنانەت عوسمانییەکانیش غەزا ئەورووپییەکان و فراوانکردنەکان سەرقاڵی کردوون لە ڕزگارکردنمان.

ئایا کردنەوەی وڵاتێکی نوێ بۆ موسوڵمانان گرنگتر بوو، یان پاراستنی وڵاتێکی ئیسلامی ڕەسەن، کە خەریکە خۆری ئیسلامی لێ ئاوادەبێت؟!

گەر عوسمانییەکان تۆزێك خۆیان بە ئەندەلووسەوە سەرقاڵ بکردایە، ئەوا فەرمانڕەوایی ئیسلام تێیدا لەدەست نەدەچوو.

چاوم کەوتە سەر کێڵگەکانی غەرناتە و ئەو بەرووبوومانەی هێشتا نەدوورابوونەوە، تەنانەت خاوەنەکانیشیان لەبیریان چۆتەوە کێڵگەیان هەیە.

بەبیرم دێت کاتێك بچووك بووم، لەگەڵ باوکم پیاسەمان بۆ کیلگەکانی غەرناتە دەکرد، پرتەقاڵ و هێشووە ترێکانم لێ دەکردنەوە. لەگەڵ منداڵاندا لەبەر رۆشنایی مانگی غەرناتە و لە کاتی دوورینەوەدا پیاسەمان دەکرد. ئێمە بچووك بووین، بەڵام نیشتیمانەکەمان گەورە بوو. گەورەتر لە هەر شتێکی ئەم گەردوونە. نیشتیمانی ئێمە خۆشتر و گەورەتر بوو لە هەموو نیشتیمانەکانی دیکە، نیشتیمانی ئێمە غەرناتە بوو. هیچ نیشتیمانێکی وەك غەرناتە هەیە؟

بە بچووکی لەدایکبووین، بەڵام وەك منداڵی نیشتیمانەکانی تر نەبووین، لەسەر ناڵە ناڵی غەرناتە لە کاتی سەرەمەرگیدا لەدایکبووین و بینیمان دڵی منداڵان لە خەمبارییاندا بۆ غەرناتە پارچە پارچە دەبوو. بچووکبووین جگە لە خەونەکانمان هیچ شتێکمان نەبوو، ساڵان رۆشتن و ئێمەش گەورە بووین، بەڵام دووبارە جگە لە خەونەکانمان هیچمان نەبوو، هەستمان دەکرد ئەوە قەدەری نووسراوی ئێمەیە. هیچ رێگایەك بۆ گەڕانەوە یان هەڵهاتن لێی نییە، چونکە لە قەدەری غەرناتە نووسراوە کە وەك شارەکانی تری ئەندەلووسی لێ بێت.

ئێستا پێ دەچێت غەرناتە بۆ ماوەیەك کە تەنیا خودا خۆی دەیزانێت لە تاریکیدا نووقم بێت. لە شەقامەکانی غەرناتە کە ئەم

چەند ڕۆژە خەمباری دایگرتووە، وەك بڵێی یەکەم جار بێت بیبینم دەخوولامەوە، لەوانەیە کۆتا جاریش بێت!

ئایە جارێکی تر ئەو ماڵانە دەبینمەوە؟!

ئایا لە هەموو لایەکانی غەڕناتەدا گوێم لە بانگ دەبێت؟!

ئایا وتەی (لا إله إلا الله)ی تێدا دووبارە دەبێتەوە؟!

هەستەکانم بەسەرمدا زاڵبوون و دەستم بە گریانێکی بە کووڵ کرد. لەو ساتەدا خۆزگەم دەخواست پێش ئێستا هەر نەبوومایە و لەبیر کرامایە!

هەرگیز نەمدەزانی مردن چەند ئاسوودەبەخشە. بەڵێ، ئا ئەمە ساتی ونبوونە!

سوێند بە خودا ڕاستت کرد پیرەمێرد (ئومێدی مردن دەخوازین، بەڵام نایبینینەوە.)

# ڕۆژی کۆتایی



**وێنەیەکی ئەبوعەبدوڵای کوڕی ئەحمەڕ**

**کاتێک غەرناتەی ڕادەستی پاشا کاسۆلیکەکان دەکرد.**

بەدەم دەنگی هـاوار و واوەیلایەکەوە کە لە لایەکـانی غەڕنـاتەوە دەهات لە خەو ڕاپەڕیم، بەخێرایی ڕۆیشـــــتمە دەرەوە بۆ ئەوەی سـەیری دۆخەکە بکەم، بەڵام بینیم کارەکە وەك برووسـکەیەك بوو پێم کەوتبێت، ئەبوعەبدوڵا پەیماننامەی ڕادەستکردنی غەڕناتەی واژۆ کرد!

هاوار و گریان شـــارەکەی تەنیبوو و پاڵمان بە یەکترییەوە دەنا تا گەیشتینە گۆڕەپانە گەورەکە، خەڵکی غەڕناتە لە گۆڕەپانەکەدا کۆببوونەوە، تەنانەت منداڵەکانیش هاتبوون، وەك بڵێیت ئامادەی ساتی لەدەستدانی غەڕناتە دەبن!

چاوی هەمووان پڕ فرمێســـــك ببوو و، خەمباری ڕوخســـــاری هەموانی داگرتبوو، خەڵکیش لەســـــەر ئەو کارەی ئەبوعەبدوڵا کردیـانە هــاوار و ڕەخنەگرتن، هەمووان ئەو ڕادەســـــتکردنە ڕسواکەرەیان ڕەتدەکردەوە.

نەمدەزانی بۆ هەموو ئەو ماوەیە بێدەنگ بووین، کەچی ئێســـتا دەروونەکانمان لەو ساتەدا بوونەتە شۆڕشگێڕ؟!

لەو سـاتەدا ئەو قسـەیەی موسـای کوڕی غەسـانم کەوتەوە یاد: "ئەوەی ئەمڕۆ نەجەنگێ ئەوا هەرگیز ناجەنگێ!"

هەڵمەتەکان بۆ هەڵگرتنی چەك و بەرگریکردن لە غەرناتە تا مردن و، ملکەچ نەکردن بۆ ئەبوعەبدوڵا و وەزیرەکان دەستیان پێکرد. لە شەقامەکانی غەرناتەدا دەگەڕاین و حەماسییانە داوامان لێ دەکرد ئارام بگرن و خۆیان بۆ مردن ئامادە بکەن، لەپێناو بەرگریکردن لە غەرناتە.

(خۆزگە پێش ئەوە لەگەڵ ئیبنو غەسان دەرچووباین)

پیاوێك کاتێك شمشێرێکی بە کوڕەکەی دەدا تا بەرگری لە غەرناتە بکات, ئەمەی پێگوتم.

هەمووەمان لە حاڵەتی ئامادەباشییەکی تەواودا بووین، چونکە ڕێکەوتی ڕادەستکردنەکە کە ئەبوعەبدوڵا بە کریستیانەکانی دا دوای مانگێك بوو، بۆیە لەو ماوەیەدا هەوڵماندەدا زۆرترین ژمارە لە پیاو و تفاق کۆبکەینەوە، ڕۆشتمەماڵەوە و جلی جەنگم لەبەر کرد، نەمدەزانی بۆ قورس ببوون؟! لە ماڵ چوومە دەرەوە تا بڕۆمە پاڵ ئەندەلوسییەکانی تر، بینیم سەدان کەس بەپەلە دەڕۆشتن و جلێکیان لەبەر بوو وا هەستم دەکرد وەك جلەکانی من قورسن!

هەمووان بێ ماندووبوون و بێزاربوون کاریان دەکرد، شنەبای شۆڕش و گیانی خوێنگەرمی بەناو غەرناتەدا دەڕۆشت .

بەڵام پێدەچێت کاتی شەڕکردن نەمابێت و ئێستا هیچ سوودێکی نەبێت.

لەناکاو دەنگی هاوار و قەرەباڵغی لای کۆشـــکی -حەمراء- کە مەڵبەنـدی فەرمــانڕەوایی ئەبوعەبـدوڵا بوو بەرز بووەوە، بۆیە بەپەلە بۆ ئەوێ چووین، بەڵام پێش ئەوەی نزیـك ببینەوە ئـاڵای قشـتالییەکانمان بینی کە هاتوونە ناو غەرناتە و بە ئاراسـتەی -حەمراء- دەڕۆن و هەواڵە جەرگبڕەکەمان پێ گەیشـــت، کە ئەبو عەبدوڵا کاتێك هەستی بە شۆڕشی ناو غەرناتە کرد و زانیویەتی ئەندەلوسییەکان بە ڕادەستکردن ڕازی نابن، خێرا هەواڵی گەیاندە فیرنـاندۆ و ئیســـــابێـل کە خێرا بێنە نـاو غەرنـاتە، بێ ئەوەی چاوەڕێی ئەو ماوەیە بن کە لە ســەری ڕێککەوتبوون، لە ترســی ئەوەی نەتوانن شۆڕشی غەرناتەییەکان دابمرکێنن.

لەوکـاتەدا نەمـانـدەزانی چی بکەین، چونکە بەو جووڵە قێزەونە هەموو خەونەکانمان لە بەرگریکردن و شــۆڕشــدا ونبوون، هەموو ویستەکانی ناو دەروونمان نەمان.

بە تەنیا بەرەو کۆشــك ڕامکرد تا بزانم چی ڕوودەدات، شــاندی پاشــا کاســۆلیکەکان گەیشــتبوونە ئەوێ، خێرا دەســتیان کرد بە وەرگرتنی کۆشــك لە پاســەوانە ئەندەلوســییەکان، کە کاتێك بە دەســـتی خۆیان کلیلی مێژوو و شــکۆمەندی خۆیان ڕادەســـتی

دوژمنەکـانیـان دەکرد بە کوڵ دەگریـان. بە وردی چـاودێری دیمەنەکەم دەکرد و چـاوم خوێنی لێ دەچۆڕا، چونکە ئیـدی فرمێسکی تێدا نەمابوو.

پاش چەند ساتێك یەکێك لە سەربازە قشتالییەکان بەسەر تەلاری چاودێری کەوت و لەوێ خاچێکی زیوی بەرز کردەوە!

ئەمە وەك ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی جەنگی خاچپەرستی بوو لە سـەر موسـولمانانی ئەندەلووسـدا و ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی فەرمانڕەوایی موسولمانان و نەمانی دەوڵەتەکەیان بوو.

بـاوەڕم بەوە نەدەکرد کە دەمبینی، تەنـانەت گریـان و واوەیلا لەو سـاتەدا هیچ سـوودێکیان نەبوو، منداڵەکە ڕاسـتی کرد کاتێك گوتی: "دەترسـم جارێکی تر لە غەرناتەدا گوێم لە بـانـگ نەبێتەوە."

لەشـکری کریسـتیـانەکـان لە هەموو لایەکـانی غـەرنـاتەدا بڵاوببوونەوە و کلیلی دەرگـاکـانیـان وەرگرتبوو و بۆیە هەموومـان شمشێرەکانمان لە ماڵەکانمان دانا و تەنیا دەگریاین.

نێردراوانی پاشـا کاسـۆلیکەکان بە شـەقامەکاندا دەگەڕان و دڵی خەڵکیـان دەدایەوە، لە هەمـان کـاتـدا پارێزراوی گیـان و پـارە و مزگەوتەکانیان دووپات دەکردەوە و دەیانگوت بە موسـولمانان و

ئـاییندکەیـان زیـانێـک نـاگەیەنین، بەڵام کەس بـاوەڕی پێ نەدەکردن, چونکە خەڵکی قورتوبە و بلنسـیە و تەلێتلە و شـارەکانی تری ئەندەلووس گوێیان لە هەمان قسـەی پڕوپووچ بوو، بەڵام هیچیان لێ نەهاتە جێ.

لەو کاتەدا ئیبن زەیدوونم بیرهاتەوە بۆیە بەخێرایی بەرەو ماڵیان ڕۆشتم و بینیم وەك عادەتی خۆی دەرگاکە کرابووەوە، بانگم کرد بەڵام گوێم لە هیچ وەڵامێك نەبوو، ڕۆشـتمە ژوورەکەی بینیم لەسـەر قەرەوێڵەکەی خەوتووە لێی نزیـك بوومەوە تـا هەڵی بسـتێنمەوە، بەڵام ئیبن زەیـدوون وەڵامی نەدامەوە، بەڵێ، ئەو غەڕناتە و دونیای بەجێهێشـت، ئەو فرمێسـکانەش لەسـەر کوڵمەکانی وشـك ببوون کە بەدرێژایی شـەو ڕشـتبوونی، ئیبن زەیـدوونیش ڕەتیکردەوە بۆ ئەوە بژی، تـا ئەو ڕۆژە ببینێت. خۆزگە لە جێگای ئەو بام و ئاسـوودە بام. گەڕامەوە ماڵەوە و فرمێسـکیش لە چاوەکانم دەبارین، وەك ژنان دەگریام و هاوارم دەکرد، لەو کاتەدا هەموو جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاو لەپێش چاوم نەمان.

کەمێك پێش بەیـانی لە مـاڵ دەرچووم تـا سـەیری بەیـانیی خەمگینی بکەم. شـەقامەکان بەتەواوی چۆڵ بوون، ئاسـەواری هیچ مرۆڤێکی لێ دیـار نەبوو، بەڵام لەناکـاو گوێم لە دەنگێك

بوو له دووره‌وه ده‌هات منیش به‌خێرایی خۆم شـــارده‌وه بۆ تا بزانم کێیه‌، وامزانی چه‌ند ســه‌ربازێکی قشــتالین به‌ناو شــه‌قامه‌کاندا ده‌گه‌ڕێن، به‌ڵام کاره‌که بۆ من شــۆك بوو، کوڕه‌وی ئه‌بوعه‌بدوڵا بوو که غه‌رناته‌ی به‌جێده‌هێشـــــت، وه‌لێ هه‌موو ئه‌نده‌لووســـــی جێـده‌هێشـــــت. کوڕه‌وه‌که هێنـده خه‌مگین بوو، دڵته‌نگی و خه‌مباری ڕوخساری هه‌موانی داگرتبوو.

به دوای کوڕه‌وه‌که‌دا ڕۆشـــــتم تـا له غه‌رنـاته‌وه به‌ره‌و تـاراوگه نوێیه‌که‌یان ده‌رچوون، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شـدا هه‌موو زێڕ و زیو و پاره‌ی خۆیان له‌گه‌ڵ خۆیان هه‌ڵگرتبوو هه‌روه‌ك ئیبن زه‌یدوون پێی گوتم ته‌نیا مه‌به‌ستیان سه‌لامه‌تی زێڕ و زیوه‌کانیان بوو.

لای گردۆڵکه‌یه‌کی به‌رز ئه‌بوعه‌بدوڵا ڕاوه‌ستا تا خۆر ببینێت که به‌ســــه‌ر غه‌رناته‌دا هه‌ڵدێت، به‌ڵام ئه‌م جاره له‌ژێر فه‌رمانڕه‌وایی موســوڵماناندا نا! به‌ڵکو ئه‌مجاره‌یان خۆری ئیســلام بۆ تاهه‌تایه له‌سه‌ریان ئاوا ببوو.

ئه‌بوعه‌بدوڵا ده‌ستی به‌گریان کرد و ده‌نگی به‌رز بووه‌وه و له نزیك -عائیشـــه‌ی حوڕڕه- ســـواری ئه‌ســـپه عه‌ره‌بییه‌که‌ی بوو، به ده‌نگێکی به‌رز هـاواری به‌ســـه‌ر ئه‌بوعه‌بـدوڵادا کرد، هه‌موو ئه‌وانه‌ی له‌وێ بوون گوێیان لێ بوو ده‌یگوت:

"وەك ژنـان بگری، لەبەر ئەوەی وەك پیـاوان پـارێزگـاریـت لە دەسەڵات نەکرد"

ئاهـ گەر لەو ساتەدا گریان سوودی هەبوایە،

لە کـۆتــاییــدا لە خەوەکەمــان بێــداربـووینەوە، بەڵام دوای لەدەستچوونی هەمووشت!

گەڕامەوە ماڵەوە هەموو ئەوانەم نووسـی کە لە ڕۆژانی کۆتاییدا ڕوویاندا و لە ماڵی خۆم دامنان، بەڵکو ببێتە پەند و ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی لە دوای ئێمەوە دێن.

لە موحەرەمی ساڵی ٨٧٩ ك، ڕێکەوت لەگەڵ ١٤٩١ ز، نووسراوە

٥١

# بەشی دووەم

# سەرەتای -عەلی بەدیە-

بە چاوێك كە فرمێسـكی تێدا قەتیس ببوو و دڵێك خەمباری داپۆشیبوو، وەرگێڕانی ئەم پەرتووكەم تەواوكرد، هەر وەك چۆن دەستمپێكرد.

هەر كە ئەو كارە قێزەونانەم دەخوێندەوە بەسـەر موسـوڵماناندا هاتبوو، خەم دایدەگرتم.

كارێكی زۆر گران بوو بۆم، چونكە ئەوەی ئەنجامم دەدا كارێكی مەترسیدار بوو، ئەویش گێڕانەوەی دەردەسەری موسوڵمانان بوو بۆ خەڵكی.

ئەو ڕۆژە یەكشەم بوو، بۆیە دەبوایە زوو بڕۆم بۆ ئەوەی خۆم بۆ ڕێوڕەسمەكان ئامادە بكەم، كڵێساكە تا كۆتایی پڕ ببوو، چونكە لە پەیدابوونی دادگاكانی پشـكنینەوە، كەس لە ئامادەبوونی ڕێوڕەسـمەكان دوانەكەوتووە، لە ترسـی ئەوەی تۆمەتی ئەوەی بدەنەپاڵ مۆریسكی و بیّدینە.

چاوم بە ناو ئامادەبوواندا گێڕا و لە ڕووخسـاریانم دەڕوانی، دەمویست لێیان بپرسم:

"ئایە مۆریسكیەكی ترتان تێدایە؟"

لەبیرمە چۆن دەهاتینە ئەم شـــوێنە و خەم و پەژارە دڵەکانمانی دادەگرت، ئەوەمـان دەگوتەوە کە ئەوان دەیـانگوتەوە و دڵمـان شـایەتومانی دەهێنا، سـەیری یەکترمان دەکرد و بە نیگاکانمان سـڵاومان لە یەکتری دەکرد، چونکە تەنانەت چرپەشـمان لێ قەدەغە بوو.

نەمزانی کەی ڕێوڕەسـمەکە دەسـتی پێکرد و کەی تەواو بوو، بەڵام لەناکاو هەسـتم بە دەسـتێك کرد قۆڵمی بە توندی گرت و خاوەنەکەی پێی گوتم: "بەدیە چیت بەسـەر هاتووە؟! حاڵتم بەدڵ نییە، شتێك هەیە نەیزانم؟"

خەریـك بوو لە ترسـان خوێن لە دەمـارەکـانم وشـك دەبوون، پرسـیارکەرەکە کاردینا –خیمینێس- بوو سـەرۆکی دادگای پشکنین.

تەنیا ناوهێنانی بەس بوو بۆ ئەوەی مۆریسکییەکان تووشی ترس و تۆقین بن، چ جـای ئەوەی لە بەردەم خۆت بیبینی، لەگەڵ ئەوەی بۆ مـاوەی چەند سـاڵی ڕابردوو بە بینینی ڕاهاتبووم، بەڵام هێشـتا کە دەیبینم تووشـی ترس و تۆقین دەبم. بە خێرایی وەڵامم دایەوە و زمانیشم تێکدەئاڵا :

"هیچ نییە گەورەم حاڵم باشە."

به گومانەوە ســـــەیری کردم و خەریك بوو چاوەکانی ســـــەریان دەسووتاندم، بە دەنگێکی قوڵ پێیگوتم:

"بەدیە، تۆ سەر بە بنەماڵەیەکی پیسیت، خیانەتیان لە خودا کرد، بۆیە دەبێت ئەوە بسەلمێنیت کە تۆ دڵسۆزی خودا و کڵێسایت .

کاتێك گوێم لەو وشانە بوو، خەریك بوو لە ترسان دەکەوتم، بەڵام ددانم بەخۆمدا گرت، بەترســێکی ئاشـــکراوە پێمگوت: "گەورەم شتێکی خراپت دەربارەی من پێ گەیشتووە؟!"

بە بێدەنگییەکی درێژەوە ســەیری کردم، خەریك بوو لەو ســاتەدا لەبەر تۆقین ڕەق ببم پاشان گوتی: "بەدیە تۆ پیاوێکی دڵسۆزی خودایت، هیوادارم هەمیشە بەم شێوەیە بمێنیتەوە."

دووبارە بێدەنگبووەوە، پاشان بە چاوەکانی سەرنجیدام و گوتی:

"هەواڵی کوژرانی دۆن دییێگۆی کافرت پێ گەیشتووە؟!"

مەبەستی شێخ عومەر بوو، منیش بەسەر لەقاندنەوە گوتم:

"بەڵێ هەواڵی مردنی ئەو بێدینە کافرەم پێ گەیشـــت، خودا لە خراپییەکانی ئاسوودەی کردین."

کاردینال بە تووڕەییەوە سەری بادا و ڕوخساری سوور هەڵگەڕا و گوتی :

"ئەو کافرە بۆ ماوەی چەندین ساڵ فێڵی لێ کردین و یەکێك لەماڵەکانی وەك مزگەوتێك بۆ مۆریسکییەکان بەکاردەهێنا."

وەك باوەڕ پێکردنێك بە قسەکانی سەرم بۆ لەقاند، ئەویش بە دەنگێکی هێمن پێیگوتم:

"برۆ بەدیە، خودا بتپارێزێت!"

خەریك بوو وەك سوپازگوزارییەك کە لە دەستی ئەوە خوێنڕێژە ڕزگاری کردم سوجدە بۆ خودا ببەم، بەخێرایی سەرکەوتم بۆ ژوورەکەم و پەرتووکی ئەبو حەسەنی غەرناتیم دەرهێنا و سووتاندم، وەرگێڕانەکەم تەواو کرد، بۆیە پێویست بە هیچ دەقێکی عەرەبی ناکات، دەقە مۆریسکییەکە بەسە.

سەیری پاشماوەی پەڕە سووتاوەکانم دەکرد، لە ڕێی ئەو دووکەڵە بەرزبووەوەوە هەموو ئەوەی لە ژیانم بەڕێم کردبوو لە پێش چاوم دەمبینی دەڕۆشت. لەو ساتەدا ئازار و ناڕەحەتییەکانم لەبەردەمم بە بادا دەچوون، یادەوەرییەکانیش زۆر دووریان بردم بۆ سەرەتای ژیان، یەکەم دیدارم لەگەڵ شێخ عومەر، یادەوەرییەکان بەرەو سەرەتا دەیانخولاندمەوە، چۆن باوکم-خوا لێی خۆش بێت- فێری عەرەبی دەکردم، باوکم فێری ئیسلامی کردم و تەمەنم شەش ساڵان بوو، لەو ماوەیەدا دەڕۆشتم بۆ نووسینگەی کریستیانەکان تا فێری مەسیحییەت و زمانی قشتالی ببم، پاشان دەگەڕامەوە

ماڵەوە و باوکم فێری ئیسلامی دەکردم. باوکم تەختەیەکی داری بەدەستەوە دەگرت، وەك بڵێی ئێستا سەیری دەکەم، ئینجا پیتە عەرەبییەکانی بە قشتالی بۆ دەنووسیم،

پاشان هەموو پیتێکی لێ دەپرسیم منیش ناوم دەهێنا و ئەویش پیتێکی عەرەبی بۆ دەنووسیم و پێیدەگوتم: "ئەوانە پیتی ئێمەن"، تا هەموو پیتەکانی فێرکردم.

لەو ماوەیەشدا ئامۆژگاری کردم کە ئەو کارە تەنانەت لە دایکم و مام و برا و هەموو خزمەکانمان بشارمەوە، بەڵکو لە هەموو کەسیش و زۆر جەختی لەسەر دەکردەوە. تەنانەت جارێکیان دایکم لێی پرسیم:

"باوکت چیت فێردەکات؟"

منیش پێمگوت: "هیچ"، مام و برا گەورەکەشم هەمان شتیان لێ دەپرسیم و منیش هیچم پێنەدەگوتن.

ئینجا باوکم فێری دەستنوێژ و نوێژ و هەندێك بیروباوەڕی ئیسلامی کردم، تا ماوەیەکی باشی بەسەردا چوو و باوکیشم دڵنیا بووەوە کە ئەم نهێنییە لای کەس نادرکێنم، لەو کاتەدا فەرمانی پێ کردم بە دایکم و مامم و برام بڵێم کە ئەوانیش وەك من لەسەر ئایینی ئیسلامن.

شەوێکیش باوکم بردمی و بە شەقامەکانی غەرناتەدا ڕۆشتین و فەرمانی پێ کردم چاوم دابخەم تا ڕێگا پێ نەزانم، دەترسا لەوەی گەر کەوتبامە ژێر دەستی دادگای پشکنین ئەو شوێنەیان بۆ ئاشکرا بکەم کە لێی کۆدەبووینەوە.

دوای ماوەیەك لە ڕۆشتن بەناو شەقامەکانی غەرناتەدا گەیشتنیە ماڵێك و هێشتا چاوم داخستبوو، باوکیشم سێ جار لەسەر یەك لە دەرگاکەی دا و پاش کەمێکیش بە لێدانێکی کورت لە دەرگاکەی دا، ئەوە نیشانەی ئەوە بوو کە کەسەکە مۆریسکییە، ڕۆشتینە ژوورەوە و باوکم فەرمانی پێکردم چاوم بکەمەوە.

لە ماڵەکەدا نۆ پیاوی لێ بوون لە دەوری پیاوێکی خاوەن هەیبەت و ویقار، کە سەرووسیمای هێمنی و ئارامی پێوە دیار بوو دانیشتبوون.

پیاوەکە ئاماژەی پێکردم بڕۆمە لای دابنیشم، باوکیشم لە تەنیشت پیاوەکانی ترەوە دانیشت، پیاوەکە باسی ئارامگرتن و بەرگەگرتنی لە پێناو خودای بۆ دەکردین و دەیگوت: "ئێمە لەو کەسانەین کە پێغەمبەری ئازیزمان -سەلامی خودای لەسەر بێت- دەیفەرموو: "وەك ئەو کەسە ئایینەکەیان گرتووە کە پشکۆیەکی ئاگری بە دەستەوە گرتبێت." بەڵێ، پەروەردگار باشترین

پاداشـــتمان لەســـەر ئارامگرتن و بەرگەگرتنی ســـەختییەکان دەداتەوە.

لە ژیانمدا گوێم لە وتەی وا نەبووبوو، بۆیە سەرتاپام ببوە گوێ، سەرەڕای بچووکی تەمەنم هەموو ئەوە تێگەیشتم کە گوتی.

پاشان زانیم ئەو پیاوە ناوی شێخ عومەرە و مامۆستا و پێشەوای مۆریسکییەکانە.

شێخ عومەر لە قسەکانی تەواو بوو و ڕووی بە لامدا وەرگێڕا و خەندەیەکی کرد و گوتی:

"عەلی گیان بەخێربێیت بۆ مزگەوت."

منیش بە خێرایی پێمگوت:

"ناوم —خۆسێ-یە."

شێخ خەندەیەکی بەڕوومدا کرد و گوتی:

"ئەمە ناوە کریستیانییەکەتە، بەڵام ناوە عەرەبییەکەت -عەلی-ە."

ناوەکە هەستێکی جوانی لە ناخمدا دروستکرد، شێخ عومەر بۆی باس دەکردم کە عەلی، کوڕی مامی پێغەمبەر بووە و وەك من بچووك بووم، پێغەمبەر

هەر لە سەرەتای بانگەوازی بۆ ئیسلام، ئیسلامی پێی نیشاندا و متمانەی لە پاراســتنی نهێنیەکەی پێکرد و شــەوی کۆچکردن چوو لە جێگای پێغەمبەر خەوت. ئەوە و چەندین شتی تریش، ئا ئەمە یەکەم دیداری من و شێخ عومەر بوو.

پاشان چەندین جار یەکتریمان بینییەوە، تا واملێهات بە حەسرەتەوە چاوەڕێی ئەو کاتەم دەکرد کە لەگەڵ شــێخ عومەر دادەنیشــم و گوێم بۆ قسە سیحراوییەکانی شل دەکرد.

پـاش مـاوەیەك بوو بە هەموو شـــتێکی من، پـاش کوژرانی خێزانەکەم لەســەر دەســتی دادگای پشــکنینی بەربەری، هێشــتا بیرم ماوە هێزەکانی دادگا چۆن بەسەر ماڵەکەمانیاندادا و هەموو ئەندامەکانی خێزانەکەمیان دەســتبەســەر کرد، لەو کاتەدا باوکم هەوڵی دا ئەو تۆمەتە لەســــەر خێزانەکەمان لا بدات و هاواری دەکرد بەوەی کە کریســـتیانێکی چاکە و، هیچ پەیوەندیەکی بە مۆریسکییەکانەوە نییە.

سەرۆکی کۆمەڵەکە پێکەنی و گوتی: "-بەدیە- کارەکەت ئاشکرا بوو یان حەزت لێیە بە ناوی ئیبراهیم بانگت بکەم؟"

ئەوە نـاوە عەرەبییەکەی بـاوکم بوو لەو کـاتەدا بـاوکم زانی کە هەموو شتێك ئاشکرا بووە.

لە پێش لێکۆڵەرەکانیش هیچیان ڕەتنەکردەوە و ددانیان بەوەدا نا کە ئەوان لە باب و باپیرەوە موســـوڵمانن و بە زۆرە ملێیی لە ژێر توندوتیژی دادگای پشکنین بوون بە کریستیان، بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان کریستیان نەبوون.

دادوەر ســـەری لەوەی گوێی لێ بوو ســـوڕما، وای دەزانی خێزانەکەم تۆمەتەکە ڕەتدەکەنەوە یان هەوڵدەدەن خۆیان بێتاوان نیشان بدەن.

بەڵام لە کەیەوە دادگاکانی پشـکنین کەسـێك بە بێتاوان دادەنێن، چونکە هەموو خەمەکانیان دەســـتبەســـەردا گرتنی پارەی مۆریسکییەکان و کوشتنیانە.

دادوەر سەیرێکی کرد و بە باوکمی گوت:

"ئەی ئەو منداڵە بچووکە کریستیانە یان موسوڵمان؟"

لەو کاتەدا نۆ ساڵان بووم.

باوکم بە متمانەیەکی زۆرەوە گوتی:

"ئەو هێشـــتا بچووکە و دەترســـام ئەوانەی پێ بڵێم و ئەویش نهێنیەکەمان ئاشکرا بکات."

دادوەرەکە بە گومانێکی دیارەوە ســــــەیری کرد و گوتی: "ئەوە دەزانین."



# ئاهەنگێکی تایبەت

# بە سووتاندنی مۆریسکییەکان

به درێژایی چوار کــاتژمێر لە لایەن لێکۆڵەرانی دادگــاوە لێکۆڵینەوەم لەگەڵ کرا، هیچ شـــتێکی گومـانـاوییـان بۆ دەرنەکەوت، جگە لەوەی کە کرســیتیانێکی پابەندم و پارێزگاری لە ئەرکەکانی کڵێسـا دەکەم و هیچ شـتێکم لەوەی کە خێزانەکەم دەیانکرد نەدەزانی.

فەرمانی دادگا بە ســوتاندنی خێزانەکەم، هەروەها بردنی من بۆ کڵێسـای گەورە تا تێیدا بمێنمەوە و فێری ئایینی کرسـیتیانەکان بم دەرچوو.

بۆ ماوەی چوار ڕۆژ خێزانەکەم لە ژێر ئەشـکەنجەی لێکۆڵەرانی دادگادا بوون تا هەر زانیاریەکیان دەربارەی مۆریســـکیەکانی تر لێ وەربگرن، بەڵام هیچیان نەگوت.

لە ڕۆژی ســوتاندنەکەشـدا گۆڕەپانەکە پڕ بوو لەو کەسـانەی هاتبوون بۆ سەیرکردنی ئەو کافرانەی خیانەتیان لە خودا کردووە.

قەشـــەیەکی گەورە ئەو کاتەی ســـەیری خێزانەکەمم دەکرد کە ڕادەکێشران بۆ ناو بازنەی ئاگرەکە وای پێگوتم.

لە ماوەی سـاڵە بچووکەکانی تەمەنمدا سـەدان جار ئەو دیمەنەم بینی بوو کە چەندەها مۆریسـکی لێرە سووتێنران، بەڵام ئەو جارە ئەوانەی دەسووتێنرێن خێزانی منن.

ئامادەبووە بەربەرییەکان بە هەموو هێزیان هاواریان دەکرد و داوایان لە خێزانەکەم دەکرد هاوار بکەن و بپاڕێنەوە و داوای لێخۆشبوون بکەن.

هاوار و پاڕانەوەی مۆریسکییەکان، گەورەترین چێژ بوون بۆ ئەو بەربەریانە.

لە خێزانەکەمەوە گوێم لە هیچ هاوار و داوای بەخشندەییێك نەبوو، تەنانەت پاش ئەوەی جەللادەکە لە ستوونە دارەکەی بەستنەوە بۆ ئامادەبوون بۆ سووتاندنیان، بێدەنگییەکی سەیر باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشا و هەناسەکان لە سییەکاندا وەستان، تا گوێیان لە هاواریان بێت، بەڵام یەکێکیان دەنگێکی لێوە نەهات و وشەیەك لە زاری دەرنەچوو، هیچ هەستێکی بە ئازاریان لێ نەهات، هەموو ئەوەی گوێم لێ بوو دەنگی باوکم بوو دەیگوت:

"هیچ بەزێنەرێك نییە جگە لە اللە، ئەو زیندووە و هەرگیز نامرێت."



# ئەشکەنجەدان لە دادگای پشکنین

لەو ساتەدا ئەوەم بیرکەوتەوە کە شێخ عومەر بۆی باس کردم لە بارەی پێغەمبەری خوا ئیبراهیمەوە کە چۆن گەلەکەی فڕێیان دایە ناو ئاگر، بەڵام خودا فەرمانی بە ئاگرەکە کرد نە بیسوتێنێت و نە ئازاری بدات.

بینینی ئاگرەکان کاتێك خێزانەکەمیان دەسووتاند، دیمەنێك بوو لە باسکردن یان گێڕانەوەی دەستەوەستان بووم، هەموو ئەوەی لە دەستم دەهات ئەوەبوو بە هەموو هێزم هاوار بکەم تا هێزم نەما و لە هۆش خۆم چووم و کەوتمە دەستی ئەو پیاوەی بەر لەوەی پڕ بدەمە ئاگرەکە گرتمی.

ئەو دیمەنە هەرگیز بەجێی نەدەهێشتم، چونکە بە درێژایی ئەو ساڵانە هەموو ڕۆژێك لە خەومدا دەمبینی، ئاگرم دەبینی جەستەی دەسوتاندن.

شوێنی مانەوەم لە کڵێسای سان سبێستیان بوو، کە لە سەردەمی موسوڵمانان مزگەوتی گەورەی غەرناتە بوو و دوای ڕووخانی قشتالییەکان گۆڕییان بۆ کڵێسا. مزگەوتەکە لەوپەڕی ناوازەییدا بوو، تابلۆیەکی بیناسازی و نموونەیەکی هونەری زەخرەفەی ئیسلامی بوو کە ئەندەلوسییەکان تێیدا ناوازە بوون، زەخرەفە و ناوازەیی مزگەوتەکە ئاسەوارێکی گەورەی هەبوو تەنانەت لە دەروونی قشتالییە کریستیانەکانیشدا، بۆیە هەستان بە سڕینەوەی

ئایەتە قورئانییەکان و دانانی خاچ لە جیاتی بڵندگۆکان، بەڵام زەخرەفەکانی تریان وەك خۆی بەجێهێشــت، هەســتم بە خەمێکی قوڵ دەکرد کاتێك بیرم لەوە دەکردەوە ئێستا ئەو شوێنە زەنگی لێ لێدەدرێت، پێشتر بانگبێژ وشەی یەکتاپەرستی و ئیسلامی تیادا دەگوت.

تەنانەت ئەو وێنانەی قشــتالییەکان لە ناو کەنیســەکەدا دایاننابوو کارەســــاتی ئەندەلوســــــی بیردەهێنامەوە، چونکە لە یەکێك لە لایەکان وێنەیەکی ئەبوعەبدوڵای کوڕی ئەحمەڕ هەڵواسـرابوو کە کلیلەکانی غەرناتەی ڕادەستی فیرناندۆ و ئیسـابیل دەکرد و لە لایەکەی تریش وێنەیەك بوو چەند ئافرەتێکی موسـڵمانی نیشـان دەدات، کە باڵاپۆش بوون و لە بەردەم یەکێك لە قەشەکان وەستاون و ئەویش ئاوی پیرۆزیان پێدادەکات و دەیانکات بە کریستیان.

هەموو شتێکی ئەو شوێنە خەمی بڵاودەکردەوە و هەستی گریانی دەورووژاند!

خێزانەکەم مێژوویەکی دێرینیـــان لەگەڵ مزگەوتەکـــان هەیە، چونکە بنەچەی خێزانەکەم لە تلێتلەوەیە و لە کـاتی کەوتنی بۆ ناو دەستی کریستیانەکان لە سـاڵی ١٠٨٤، پێش چەند سـەدەیەك بـــاپیرە گەورەم شـــــێخی مزگەوتێکی تلێتلە بوو و کــاتێــك ئەلفۆنسـۆی شـــەشـــەم ویســتی مزگەوتەکە بگۆڕێت بۆ کڵێســا،

سەربازەکانی ناردە مزگەوتەکە و هاتنە ژوورەوە و باپیرم دانیشت بوو و یەکێك لە قوتابییەکانی لە پێشی بوو قورئانی دەخوێند، هەرچەند قوتابییەکە لە خوێندنەوە دەوەستا، بەڵام باپیرم فەرمانی پێدەکرد بەردەوام بێت، یەك سەربازیان نەیانوێرا باپیرم بە زۆر لە مزگەوت ببەنە دەرەوە، بەڵکو ئاماژەیان بۆ دەکرد بڕوات، تا قوتابییەکەی لە خوێندن وەستا، ئەویش هەستا و کۆتا نوێژی لە مزگەوتی تلێتلە کرد و فرمێسکەکانی لەسەر زەویەکە ڕشت و لە مزگەوت دەرچوو، تا سەربازەکان بیکەن بە کلێسای تلێتلە.

لەو کاتەدا باپیرەم خێزانەکەی هێنانیە غەرناتە و لێرە جێگیری کردن.

ژیانی ناو کلێسام زۆر ڕۆتینی بوو، شەو و ڕۆژ فێری بیروباوەڕی کریستیانییەکان دەبووم و شەوان دەڕۆشتمە ژوورێکی بچووکی سەرەوەی کلێسا، ئەوێ شوێنی مانەوەم بوو و تاریکی باڵی کێشا و بێدەنگی بڵاوبووەوە ئەوەم دەگوتەوە کە لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر -سەلامی خودای لەسەر بێت- ئەزبەرم بوو، لە هەموو شتێك زیاتر لەوە دەترسام ئەوانەم لەبیربچێتەوە کە لەبەرم بوون، دەترسام پەیوەندیم بە ئیسلامەوە بپچڕێت هەرچۆن زۆرانی تر بەسەریان هات.

له ژێر چاودێرییەکی توندی دادگای پشکنیندا، ساڵێك بەسەر مانەوەم لە کەنیسەدا تێپەڕی.

هەستم دەکرد چاودێریم دەکەن و بەدوای هەنگاوەکانم دەکەون تا دەوری مێشکم بدەن و چاوەڕوانی کاتی کەوتنم بوون، تا پڕ بدەنە نێچیرەکە بۆ ئەوەی کەڵبەی ڕق و کینەی تێدا بچەقێنن، بەڵام هەرگیز ئەو دەرفەتەم پێ نەبەخشین.

ئەوەت تاقیکردۆتەوە بە خۆشاردنەوە لە ژێر کەسایەتییەکی تر بژیت؟!

هەروەها بە پێچەوانەی ئەوەی لە سینەتدا دەیشاریتەوە دەربکەویت؟!

تەنانەت لە خەوەکانیشمدا دەترسام وشەی ئیسلام بهێنم، بگرە لە هەر وشەیەکی عەرەبیش! وشەکانم لەسەر دەژمێردران، بۆیە وشەکانم زۆر کەم بوون و لە تەسکترین ڕووبەردا بوون.

هەموو ڕۆژێك لە کڵێسا لە بەردەم خۆم دەیانبینم جلی ئاینییان لەبەر دەکرد، دەیانخوارد، دەیانخواردەوە، پێدەکەنین، تا وا بڕوات دەکرد کە وەك تۆ مرۆڤن!

تا بە خوێنێکی سارد دەست بە کوشتن دەکەن و گیانی بێتاوان لە ناو دەبەن، بەبێ تاوان! کاتێك دەبینیت دروستکراوێکی خودا

لەناودەبەن و بە یەك وشـــــە كۆتایی بە ژیانی دەهێنن، ئەو كاتە بێگومان دەزانیت كە ئەوانە، گەر شـــێوەی مرۆڤیشـــیان هەبێت مرۆڤ نین!

چاوەكانیان ئاڕاســـتەی من كردبوو، تا وا هەســـتم دەكرد بیركردنەوەكانم دەخوێننەوە، ڕۆژان دەڕۆشتن و من هەر لەسەر ئەم شێوەیە بووم.

تا دڵنیا بوونەوە كە تا ســەر ئێســقان نوقمی مەســیحییەت بووم، بۆیە سەرنجمدا چاوەكانیان وردە وردە لێم دوور دەكەوتنەوە.

تا ئەو ڕۆژەی هەموو شتێك تێیدا گۆڕا!

لە ڕۆژێكی یەك شـەممە و كەمێك پێش مەراسـیمەكان ڕووبەڕوو لەبەردەم خۆم بینیم، بەڵێ شـێخ عومەر خۆی بوو، شـێخ عومەر لە كڵێسـا بوو لە دوورەوە سـەیری دەكردم، خەریك بوو لە خۆشـی ئەوە هاوار بكەم و بەرەو لای ڕابكەم و باوەشـــــی پێدابكەم، بێ ئەوەی هەست بكەم بەڵام ڕوانینێكی ڕایگرتم واتاكەی بریتی بوو لە: "خۆت بگرە."

بۆ ماوەیەكی زۆر ســەیری دەكردم پاشــان ئاماژەی پێكردم دوای بكەوم، منیش لە دوورەوە دوای كەوتم تا كەس نەمبینێت، بەســەر پلیكانەكانی كڵێســادا ســەردەكەوت بە دەوریدا دەســووڕایەوە وەك

بڵێی لەبەریەتی، تا لەپێش ژوورێکی بچووك ڕاوەستا و سێ جار بەسەر یەکتردا لە دەرگاکەیدا و پاش کەمێك بۆ چوارەم جار لێیدایەوە.

ئەوە هەمان ئەو ئاماژەیە بوو کاتێك دەڕۆشتینە مزگەوت بەکارمان دەهێنا.

قەشەیەکی گەورە دەرگاکەی کردەوە و ئاماژەی بۆ کردم بڕۆمە ژوورەوە، قەشەکە بە خێرایی دەرگاکەی لە دوا داخستین.

زۆر شڵەژا بووم لەوەی ڕوویدەدا، چونکە لەوانەیە قەشەکە لای دادگای پشکنین ئاشکرامان بکات، بەڵام شێخ عومەر بە خێرایی وەڵامی ئەو گومانانەی دامەوە کە لەسەرمدا دەخوولانەوە و گوتی:

"مەترسە، چونکە قەشە کامیلۆ لەگەڵمانە یان گەر ویستت بە ناوە مۆریسکیەکەی بانگی بکە "-قاسم-"

سەرسوڕمانەکەم زیادی کرد، چونکە ئەم قەشەم چەندین جاری تر بینی بوو بەڵام بە هیچ شێوەیەك باسی هیچی لەگەڵ نەکردبووم، یان پێیوەی دیاربێت کە مۆریسکییە.

دوای ئەو قسانەی شێخ عومەر هێور بوومەوە و خۆم فڕێدایە باوەشی و لە خۆشییان دەگریام، تەنیا بە بینینی هەستم بە

ئارامی و ئاسوودەیی دەکرد، هێوری دەکردمەوە و لە هەواڵی دەپرسیم، منیش هەموویم لە سەرەتای دەستبەسەر کردنی خێزانەکەمەوە، تا هاتنم بۆ کڵێسا و مانەوەم تێیدا بۆ گێڕایەوە.

پێیگوتم کە لە ڕێی قەشە کامیلۆوە ئاگای لە هەموو ئەوانە بووە، منیش بە سەرسوڕمانەوە لێم پرسی، ئەی بۆ هیچی پێنەگوتوم؟

شێخ عومەریش بە لەسەرخۆیی وەڵامی دامەوە و گوتی:

"تۆ لەژێر چاودێرییەکی توندی دادگای پشکنین بوویت و ئێمەش دەمانویست تەواو ئاسایی دیار بیت، گەر کامیلۆمان پێ بناساندیتایە، لەوانە بوو هەردووکتان ئاشکرا بوونایە."

سەیری کامیلۆم کرد وەك بڵێی بۆ یەکەم جار بیبینم، شێخ عومەری گوتی: "عەلی دەزانی ئێوە هاوشێوەن؟"



**وێنەی کلێسای سان سپێستیان کە -عەلی بەدیە- تێیدا دەمایەوە**

بە سەرسوڕمانەوە سەیری شێخ عومەرم کرد، ئەویش گوتی:

"کامیلۆ ماوەی ١٠ ساڵە لێرەیە لە بەلەنسییەوە هاتۆتە ئێرە و وەك باب و باپیرانی موسوڵمانە، وەك تۆش کۆتا کەسی خێزانەکەیەتی."

من و کامیلۆ بێ ئەوەی قسە بکەین سەیری یەکتریمان کرد، تەنیا خەندەیەکمان گۆڕییەوە کە لە بری هەموو قسەیەك بوو.

کامیلۆ پیاوێکی بەتەمەن بوو، حەفتا ساڵی تەمەنی تێپەڕاندبوو، ساڵە بێڕەحمەکان پشتیان کوڕ کردبوو و ماندووبوون و ناخۆشی و ئێشی دەروونی زۆر توند بوون، چونکە ئەو ڕووداوانەی بەسەر غەرناتەدا هاتوون لەو ساڵانەی کۆتاییدا لە کەمبوونی ژمارەی مۆریسکییەکان و لە زیادبوونی دڕندەیی دادگای پشکنین، خوێنی سەرجەم مۆریسکییەکانی دەمژی.

شێخ عومەر هەناسەیکی قوڵی هەڵکێشا و بە نەرمونیانییەکی زۆرەوە سەیری کردم، لە چاوەکانییەوە وام هەست کرد باوکم سەیرم دەکات.

کەمێك بێدەنگ بوو پاشان گوتی:

"کارێك هەیە دەمەوێت پێتبڵێم."

منیش سەرم بۆ لەقاند و گوێم بۆ ڕادێرا.

ئەویش شتێکی پێگوتم کە تووشی ترس و دڵەڕاوکێ کردم:

"کامیلۆ گەورە بووە و ناتوانێت ئەرکەکانی بەجێ بگەیەنێت، بۆیە ئێمە لە کەسێك دەگەڕێین کە شوێنی بگرێتەوە." شێخ عومەر ئەوەی گوت و سەیری چاوەکانی دەکردم.

جوان سەیری ناو چاوی دەکردم و بەردەوام بوو:

"کەسێك متمانەی دادگای پشکنینی هەبێت و لە گومان دوور بێت."

کەمێك بێدەنگ بوو پاشان قسە لە ناکاوە دەنگدەرەوەکەی ئاراستەکردم: "ئێمە پێویستمان بە تۆیە —عەلی-."

بە سەرسوڕمانەوە سەیری شێخ عومەرم کرد، چونکە قسەکە زمانی گرتم، ئەویش بەردەوام بوو:

"بزانە کارەکە ئەستەم و مەترسیدارە بەڵام بە تێڕوانینی من و باوکت بێئومێدمان ناکەیت -عەلی-"

"باوەڕت بە خودا و خۆشەویستیت بۆ ئیسلام زۆر لە تەمەنت بەرزترن، تۆ کوڕێکی دە ساڵان نیت، بەڵکو تۆ بارگرانی و خەمێك هەڵدەگریت، توندترین پیاو ناتوانێت هەڵیبگرێت. ڕۆڵە باوەڕت بە خودا تۆی گەیاندە ئەو پلەیە."

"هاتنت بۆ کەنیســـــە و مانەوەت تێیدا لەبەر هۆیەك بوویێت تەنیا خودا خۆی دەیزانی، ئێســـــتا حیکمەتی ئیلاهیمان بۆ دەرکەوت لەوەی تۆ ببیت بە بازنەی پەیوەندیی نێوان مۆریســـــکییەکان و دینەکەیان."

بە وردی سەیرم کرد و بیرم لە کارەکە دەکردەوە، چونکە سەرەڕای ترســە زۆرەکەم لە دادگای پشــکنین، بەڵام ئەو ئەرکەی خراوەتە ئەستۆم هیچ دەرچەیەکی نییە، چونکە ئیسلامی مۆریسکییەکان لە ئیسپانیا و پەیوەندییان بە ئیسلامەوە بەوەوە پەیوەستە.

"ئەمە ئەرکێکی پڕاوپڕە لە مەترســـــی ئەی -عەلی-"، شـــێخ عومەر ئەوەی گوت و دەستی لەسەر شانم دانا.

زۆر بیری نەکردەوە چونکە جگە لە من هیچ کەســـێکی تر نییە ئەم ئەرکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

کاتێك ڕەزامەندی خۆم پێ ڕاگەیاند شـــێخ عومەر لەوپەڕی دڵخۆشیدا بوو و ڕووخساری گەشایەوە.

شـێخ عومەر ئەو ڕێنماییانەی پێدام کە لەســەریان دەڕۆم و چۆن هەموو پەڕەکان بە زمانی ئەلخمیادۆ نووســـــراوە و گەر کەوتنە دەســـتی کریســـتیانەکانیش هیچ شـــتێکی لێ تێناگەن، پاشـــان

پێیگوتم کە نـامەکـان لە ڕێی دوو ئـافرەتەوە پێم دەگەن ئەویش "موسلیمە ئەبلە" و "موسلیمە ئەبدەن."

منیش بە سەرسوڕمانەوە لێم پرسی: "ئەی چۆن دەیانناسمەوە؟"

بە خەندەوە سـەیری کردم و گوتی: "تۆ بەباشـی دەیانناسـی -عەلی- و بشیانبینی دەیانناسیتەوە."

دیدارەکە بە خێرایی کۆتایی پێهات و شێخ عومەر ڕۆشتە خوارەوە بۆ هۆڵی کڵێسـاکە، منیش بە دوایدا، بۆ ئەوەی کەس بەیەکەوە نەمانبینێت.

لە دوورەوە بینیم لەگەڵ هەندێك کەس قسـەی دەکرد و لەناکاو گوێم لە پیـاوێـك بوو لە تەنیشـتم ئـامـاژەی بۆ دەکرد و بە هاوڕێیەکەی دەگوت: -دۆن دیێگو- پیاوێکی دەوڵەمەند و خاوەن دەسـەڵاتە و پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ کۆشـك هەیە، لەبەر گەشـتە زۆرەکانی کە لە پشـت کارەکانیەوەن، زۆر ون دەبێت و لەناکاو دەردەکەوێتەوە.

ئەمە ڕێگای شـێخ عومەر بوو بۆ شـاردنەوەی کەسـایەتییە ڕاستەقینەکەی، چونکە هەمووان وا دەزانن کریستیانێکی دڵسۆزە و پەیوەندی زۆر و کاری جیاوازی هەیە کە دووچاری گەشـتی

زۆری دەرەوەی غەرناتەی دەکات، بەڵام بە لایەکانی غەرناتەدا دەگەڕا بۆ چاوپێکەوتنی مۆریسکییەکان.

یەکێک لەناکاو گوتی: "ئەویش وەك تۆ لە بنەچەیکی پیسە"

گوێم لە قسـەکە بوو و ئاوەڕم بۆ قسـەکەرەکە دایەوە، بینیم کاردینالّ —خیمینێس- بوو سـەرۆکی دادگای پشـکنین، بە واقوڕمانێکی دیارەوە سـەیرم کرد، ئەویش قسـەکانی تەواو کرد و ئاماژەی بە شێخ عومەر کرد:

"دیێگۆ سـەلماندی کە لە باب و باپیرانی نییە، ئەو گوێڕایەلی خۆی داوەتە خودا و کلێسـا، پیاوێکی بەخشـندەیە و بەخشـش و خزمەتی زۆر پێشکەشی ماڵەکانی خودا دەکات."

کاردینالّ خیمینێس بە وردی سەیری ڕوخساری کردم و گوتی:

"ئومێدەوارم وەك ئەوت لێ بێت -بەدیە-."

کاردینالّ قسـەکانی تەواو کرد و بەڕێگای خۆیدا ڕۆشـت و بیرکردنەوەکانی لە سەرمدا دەخولانەوە.

بێ ئەوەی شـێخ عومەر ببینم، یان تەنانەت موسـلیمە ئەبدە یان موسـلیمە ئەبلە دەربکەون مانگێك ڕۆشـت، تا لە چاوەڕوانیکردن بێزار بووم.

ڕۆژێکیان بینیم سەیری دەکردم، ئافرەتێك بوو تەمەنی لە چلەکاندا بوو، جلی کریستییانە ئیسپانییەکانی لەبەر بوو، هیچ شتێکی گوماناوی سەبارەت بە ئەوان پێوە دیار نەبوو، بەڵام شتێکم بینی هیچ کەسێك جگە لە من نەیبینی، ئەوە ئیسلام بوو، لە ناخیدا ئەوەم دەبینی کە کەس نەیدەبینی، وەك من ئیسلامی دەشاردەوە و خۆی بە کریستییان نیشان دەدا، بریسکەیەك لە چاویدا هەبوو، کە چاوی هیچ مۆریسکییەك هەڵەی نەدەکرد، هەستێك جگە لە مۆریسکییەکان هیچ کەسی دیکە هەستی پێ نەدەکرد.

خەندەیەکی کرد و بەهێواشی لێم نزیك بووەوە و نانێکی پێدام. بەنەرمی لێم وەرگرت و سوپاسم کرد، وەك ئافرەتێك بوو خێرێك بداتە قەشەیەك کە خزمەتی ماڵی خودا بکات.

نانەکەم لە جلەکانمدا شاردەوە و ماوەیەك بەناو کڵێسادا گەڕام و پاش ماوەیەك ڕاستەوخۆ ڕۆشتمە ژوورەکەم و لەوێ نانەکەم کردەوە.

کاغەزێکی بچووکی لەناودا بوو بە زمانی ئەلخمیادۆ نووسرابوو، بە منداڵی لەسەر دەستی باوکم فێری بووبووم، نامەکە هەندێك ئایەتی قورئانی و فەرموودەی پێغەمبەری تێدا بوو، داوام

لێکرابوو ئەم نامەیە بدەمە دەستی دۆن —مندخار- کە یەکێك بوو لە مۆریسکییەکان تا بیگەیەنێتە براکانی تر.

لە کۆتایی نامەکەشدا نووسرابوو هەڵگری ئەم نامەیە موسلیمە ئەبدەیە و ماوە ماوە بۆ هێنانی نامەکانی شێخ عومەر دێتە ئێرە، هەروەها لە نامەکەدا بۆم نووسرابوو کە پابەندبم بە وریایی تەواو و لە لای پیاوانی دادگا هیچ هەست و نەرمونیانییەك بەرامبەر مۆریسکییەکان دەرنەبڕم، بەڵکو دەبێت کاتێك باسیان دەکەم زۆر توند و دڵڕەق بم.

تا شەممەی دواتر چاوەڕێم کرد و پێش مەراسیمەکان دۆن -مندخار- دەرکەوت و بۆ یەکێك لە کورسییەکان پێشکەوت وەك ئامادەکارییەك بۆدەستپێکردنی مەراسیمەکان و بە قەستی جانتایەکی لە کورسییەکەی دواوە دانا تا کەس لەسەری دانەنیشێت منیش وا خۆم دەرخست لەناو کورسییەکاندا دەگەڕێم تا گەیشتمە جانتاکە و لەناکاو پەڕەکانم لە جلەکانم دەرهێنا و هاوێشتمە ناو جانتاکە و بەخێرایی ڕۆشتم، بێ ئەوەی کەس بمبینێت، تەنانەت دۆن مندخاریش، دەبوایە کەسایەتیی خۆم لە مۆریسکییەکانیش بشارمەوە، تا گەر کەسێك دەستبەسەریش کرا لە ژێر ئەو ئەشکەنجە وەحشیگەرانییەکە نهێنییەکە ئاشکرا نەکات.

نـامەکـان لەدوای ئەوە بەدوای یەکتردا دەهـاتن و ئـافرەتەکەی تریشـــــم بینی -موســــلیمە ئەبلە- کە زۆر جیـاوازی لەگەڵ هاوڕێکەی نەبوو.

نامەکان ئەو کارەساتانەیان بۆ باس دەکردم کە مۆریسکییەکان لە دەرەوە پێوەی دەناڵێنن لە کەمبوونی ژمارەیان بە شـێوەیەکی زۆر، بەهۆی کوشتن و کریستیانکردنی زۆرەملێ کە کریستیانەکان لە دژیان ئەنجامیان دەدا.

موسلیمە ئەبلە وەك شێخ عومەر باسی کرد زانا بوو بە بابەتەکانی فیقهی ئیســــلامی و تێیاندا کارامە بوو، ئەو زانســــتانە بە لای منەوە کـارێکی نەزانراو بوو، کە پێشــــــتر ورد و درشــــــتەکـانیم نەدەزانی، بابەتە فیقهییەکانی مێشــــکی ســــەرقاڵ دەکردم و دەیشــــڵەژاندم، جارێکیان داوام لێ کرد هەندێك بابەتی فیقهیم فێربکات.

بە نەرمونیانی سەیری کردم و گوتی:

"خۆت بەو بابەتانەوە سەرقاڵ مەکە، چونکە ئیسلام لەوە ئاسنتر و سادەترە."

ســــووربووم لەســــەر داواکەم بۆیە بەڵێنی پێدام هەندێك پەڕەم بۆ دەهێنێت، کە مێشکم لە زۆر شت ئاسوودە دەکات.

بەڵام گوتی: "زۆر خۆت ســـــەرقاڵ مەکە ڕۆڵە، چونکە کارەکە لەوە ئاسانترە."

ماوەیەکی زۆر شـــەوق و ویســـتێکی زۆرم هەبوو تا بۆم بهێنێت، ناتوانم وەســـفی دڵخۆشـــی ئەو ڕۆژە بکەم کە پەڕەکانی تیادا بۆ هێنام، بە حەزێکی زۆرەوە پەڕەکانم لێ وەرگرت و لەگەڵ یەکەم هەلدا بەخێرایی ڕۆشتمە ژوورەکەم.

بە نەرمی پەڕەکەم کردەوە و بە دەنگێکی تونـد دەســــتم بە خوێندنەوەی کرد.

پەڕەکان بریتی بوون لە نامەی یەکێك لە شـێخەکانی مەغریب بۆ موســــوڵمـانـانی ئەنـدەلووس، پـاش ڕووخـانی غەرنـاتە و بارتەســــککردنی کریســــتیانەکان لەســــەر موســــوڵمانەکان و زۆرلێکردنیان بۆ بوون بە کریستیان، شـێخەکەش پەلەی کردبوو و نامەکەی ناردبوو

تا هەندێك بابەتی فیقهی ئیســــلامییان بۆ ڕوون بکاتەوە، کە یارمەتیان دەدات تا بێ ئەوەی ژیانی خۆیان تووشـــی مەترســـی بکەن شەعائیرە ئیسلامیەکان بەجێبهێنن.

نـامەکە چەنـدین بـابەتی فیقهی لەخۆ دەگرت کە مێشــــکی ســــەرقاڵ کردبووم و تووشــــی دڵەڕاوکێی کردبووم، وەك حوکمی

خواردنی گۆشتی بەراز و ئەنجامدانی نوێژەکان لە کەنیسە و خوێندنەوەی ئینجیل.

نامەی شێخە مەغریبییەکە بەجۆرێک بوو ئازار و نارەحەتی لەسەر حاڵی موسوڵمانانی ئەندەلووس هەڵدەگرت، تەنانەت ناوی لێنایین (غەریبەکان).

مانای وشەکە هەستێکی وەهابوو، خۆی لە دەمارەکانی دڵ دەدا.

ئای بەڕاستی ئێمە چەندە غەریبین، لێرە کەسمان نییە جگە لە خودا، بیرم دێت ڕۆژێك شێخ عومەر باسی ئەوەی بۆ کردم کە موسوڵمانەکانی تر هیچ شتێکمان لەبارەوە نازانن، تەنانەت نازانن بوونمان هەیە.

گەر بشزانن، هیچ لە دۆخەکە دەگۆڕێت!

خۆ پێشتر ئێمەیان بینی ڕووخاین، هیچ کەسێك خۆی بزواند؟!

ئایە ئەوان تاوانبارن لەوەی ئێستا پێی گەیشتووین؟!

یان ئێمە تاوانبارین؟!

یان کریستییانەکان تاوانبارن؟!

یـان دادگـای پشـــــکنین تـاوانبـارە، چونکە ئەو جوولەکە و موســــوڵمانەکان تەنانەت هەندێك کۆمەڵەی کریســــتیانیشـــــی بەزاندبوو.

ئای ستەم چەند ناخۆشە کاتێك بەناوی خوداوە دەکرێت!

بەتێپەڕبوونی کات هەموو مۆریسـیـیـکییەکانی غەرناتەم ناســـی، چونکە لە ڕێوڕەسمەکان دەمبینین هەر کە تەواو دەبوون، بەخێرایی دەڕۆشـــــتنەوە ماڵەکانیان بۆ ئەوەی نوێژەکانیان ئەنجام بدەن و دەگریان و داوای لێبوردن و لێخۆشبوونیان لە خودا دەکرد.

زیاتر لە حەوت سـاڵ بەسـەرمدا تێپەڕی و هەر لەسـەر ئەو حاڵە بووم، تا ڕۆژێك هات لە هۆڵی کلێسا کاردینالْ —خیمینێس—م، بینی، لەو ڕۆژەدا بە توورەییەوە سەیری کردم و گوتی:

"بەدیە بۆ لەو ئاهەنگانەدا ئامادە نابیت کە سازیان دەکەین؟!"

وشـەکانی تووشـی شـڵەژانیان کردم، تەنانەت دڵم خەریکبوو لە پەراسـووەکانمەوە بێتە دەرەوە، چونکە کۆتا ئاهەنگ کە ئامادەی بووم ئەوەیان بوو کە خێزانەکەمیان تێدا ســـــووتاند، دادگاکانی پشـکنین سـووتاندن و کوشـتارەکانیان بە (ئاهەنگ)ناودەبرد، وەك ئاهەنگێك وایە کە دەیکەن، ئەو ئاهەنگانە دوای دەستبەسەرکردنی مۆریسکییەکان ئەنجامدەدران. مۆریسکییەکان بەرەو گۆڕەپانێکی

گەورە ڕادەکێشران بە ئامادەبوونی قەشـە و ڕاهیبە ئیسـپانییەکان بۆ سـەیرکردنی سـووتاندنی بێدینە کافرەکان، هەروەك ناویان دەبردین.

نەمزانی لە وەڵامی کـاردینـاڵ —خیمینێس-دا چی بڵێم، هەموو ئەوەی توانیم بیڵێم ئەوەبوو، کە کـاتێکی گونجام بۆ ئـامـادەبوون نەدۆزییەوە.

بە گومانەوە سەیری کردم و گوتی: "ئایە هێشتا هەست بە سۆز و نەرمونیانی دەکەیت بەرانبەریان؟!

بەخێرایی ئەوەم ڕەتکردەوە و پێمگوت کە لە هەموو جیهـانـدا هێندەی ئەوان ڕقم لە کەس نییە.

زەردەخەنەیەکی پیسی بە ڕوودا کردم و گوتی:

"باشـە بەدیە، خودا ئەمڕۆی وەك دیاری پێ بەخشـیوی بۆ ئـامـادەبوونی یەکێك لە ئاهەنگەکانمان، چونکە لەمێژە ئامادەی ئەوە نەبوویت ئەمڕۆ بۆ بینینی دەچیتە گۆڕەپانە گەورەکە.

نازانم ئەو پیاوە لە چی دروسـتکرابوو، گەر دڵی لە بەرد بوایە ئەوا بە دڵتەنگی و ئازاری ئەوەی بەسـەر مۆریسـکییەکانیدا دەهێنێت شـەق دەبوو، بەڵام نموونەی ئەو شـەیتانە نە دڵ و نە مێشکی نییە، بەڵکو شەیتان دەیجووڵێنێت.

ڕوخساری کاڕدینالْ توند و ڕەق بوو، هەردەم بەم شێوەیە بوو، ئەوەی سەیری دەکرد وای دەزانی دڵڕەقییەکەی لەسەر ڕوخساری نیشتووە و بۆتە شوێنەوارێك بۆی.

نازانم چۆن بەرگەی ئەو دیمەنە بگرم، پێشتر بە هەر بیانوویەك بێت خۆم دەدزییەوە، بەڵام ئەوڕۆ بە ناچاری دەبێت بچم.

گۆڕەپانەکە پڕ ببوو، هەموان چاوەڕێی بینینی کافر و بێدینەکانیان دەکرد، سێ سال تێپەڕیبوو و کەسێکی مۆریسکیان نەدۆزیبووەوە تا وایانزانیبوو کە تەواو بوون، بۆیە ئەوان ئەمڕۆ بۆ دووبارە بینینیان لەم ئاهەنگانەدا لەوپەڕی دڵخۆشیدان.

چەند ساتێك تێپەڕین تا دەرگای گۆڕەپانەکە کرایەوە و جەللادەکە هاتە ژوورەوە و مۆریسکییەکی بەندکراوی گرتبوو، سەرپۆشێکی گەورەی لەسەر سەری دانا بوو تا ئادگارەکانی دەرنەکەوێت، تا گەیشتە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی بیبینن. کاتێ سەرپۆشەکەی لە سەری مۆرسیکییەکە لابرد و هاواری خۆشی کریستیانەکان بەرزبووەوە و لە زۆری ئەو خەمباری و تۆقانەی تووشم بوو هاواری منیش لەگەڵیان بەرز بووەوە.

قەدەر چەقۆی تۆقینی لە دڵم چەقاند!

لەو ساتەدا، کە دەنگم لەناو هاواری دڵخۆشی ئەو بەربەریانەدا ونبوو، وەک شێت هاوارم دەکرد کە وازی لێ بهێنن و لە بری ئەو من ببەن، -موسلیمە ئەبدە- ئەورۆ دەسووتێنرێت.

شوێنەواری ئەشکەنجەی قێزەونی پێوە دیار بوو، پێدەچێت تووشی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجە بووبێت بۆ زانینی هەر زانیاریەك لەسەر مۆریسکییەکان، بەڵام هیچی پێ نەگوتبوون، گەر وا بووایە ئێستا من و شێخ عومەر لەوێ دەسووتێنراین.

لەو ساتەدا زمانم دەستی بە نزاکردن کرد "ئەی پەروەرێنی دلۆڤانم ناخۆشیمان بەسەردا هاتووە و هیچ پەنا و پارێزەرێکمان نییە جگە لە تۆ."

لە دوورەوە زەردەخەنەیەکی کەمم لە ڕووخساریدا بینی، لێوەکانی دەجووڵاند و هەندێك وشەی دەگوت، وەك خێزانەکەم وشەی شایەتوومانی دەهێنا، بەرگەی دیمەنەکەم نەگرت کە جەللادەکە بەرەو ئاگر ڕایدەکێشا، دەنگی بەربەرییەکان بەرز بوونەوە کە داوایان دەکرد بسووتێنرێت، لەو کاتەدا هەستم کرد پلەی گەرمی لەشم بە شێوەیەکی سامناك بەرز دەبووەوە و لایەکانم توانای جووڵەیان نەمابوو، وشەکان لە قوڕگمدا وەستابوون، دیمەنەکە بەڕاستی سامناك بوو کە تەنانەت گەورەترین نووسەرەکان ناتوانن وەسفی بکەن، دەنگەکان بە تەواوی لێم پچڕان و هەموو دیمەنەکە

لە پێشـــم ونبوو کەســـم نەدەبینی جگە لە -موســـلیمە ئەبدە- و ئەوەی نـامۆ بوو ئەوەبوو کە بینیم شـــــایەتوومـانی دەگوت و جەللادەکە فڕێی دەدایە نـاو ئـاگرەکە، منیش بەرگەم نەگرتوو لە هۆش خۆم چووم، نەمزانی دووای ئەوە چی ڕوویدا.

نازانم چەند کات تێپەڕی، بەڵام لەناکاو هەســـتامەوە و بینیم لە ژووره بچووکەکەی کڵێســـام و ڕاهیبێکم لە تەنیشـــتە، پێیگوتم پێکـدادانێـك لە نێوان خەڵکەکەدا ڕوویـدا بووە هۆی کەوتن و لە هۆش چوونت، پاشان بە پەژارەوە گوتی:

"بینینی ســـــوتاندنی ئەو کافرەت لە کیس چوو، تەنانەت کاتێك دەمردیش ڕەتی کردەوە لە ئـایینەکەی هەڵبگەڕێتەوە، یـان هیچ ددانپێدانانێك بەرانبەر مۆریســـکییەکان بکات، نازانم ئەو ئافرەتە ئەو هێزەی بەرگەگرتنە سامناکەی لە کوێوە هێناوە بەدیە؟"

ئەمەی گوت و ژوورەکەی بەجێهێشت، لە ڕۆیشتنیدا نەفرەتی لە هەموو مۆریسکییەکان کرد.

هەر کە دەرگای ژوورەکەمی داخســت لە خەمی موســلیمە ئەبدە ڕاستەوخۆ کەوتمە ناو گریانێکی قووڵ، بیرم نایات پێش ئەو کاتە بەم شێوەیە گریابم، لە ڕووخساریدا ڕووخسـار و یادگاری دایکمم دەبینی، کاتێك دەمبینی نامەکانی دەهێنا، هەستم دەکرد کە خودا لە بری دایکم ئەوی پێبەخشیوم، بۆیە وەك دایکم خۆشمدەویست،

تاکە سەرەخۆشیم ئەوەیە کە لە بەهەشتدا بەیەك دەگەن و باسی منی بۆ دەکات، داوای لێ دەکات نزام بۆ بکات، تا خودا لەوەم خۆش بێت کە ئێستا تێیدام.

ئای ئەو ژیانە چەندە دڵڕەقە، کەمێکت پێ دەبەخشێت، بەڵام زۆر زۆرت لێ دەبات.

کاتەکاتی ئاسوودەیی و دڵخۆشی هیچ بەهایەکیان نییە، کاتێک لە تەنیشت کاتەکانی دڵتەنگییەوە بیت.

ژیان بەم شێوەیە چۆنی بوێت وامان لێ دەکات و بۆ کوێی بوێت دەمانبات، ئەوەندەی لە توانامااندا هەیە پێیدا بڕۆین تا دەگەینە کۆتایی.

بەڵام ئومێدمان- ئێمەی مۆریسکی- پەیوەندی بە دوای کۆتاییییەوە هەیە.

شێخ عومەر چەند وشەیەکی پێ گوتم لەو ساتەدا بیرم هاتەوە بەڵام هەرگیز تێی نەگەیشتم.

سێ ڕۆژ دوای کوژرانی -موسلیمە ئەبدە- نامەیەکم لە شێخ عومەرەوە لە ڕێی -موسلیمە ئەبلە-وە بۆ هات، خەمباری بە ڕوونی لە چاوەکانیدا دیار بوو، ڕوخساری خۆی دابوو بەیەکدا و زەرد هەڵگەڕابوو، لەوپەڕی خەمباریدا بوو لەسەر هاوڕێ و

هاوڕێگای، کاتێك سەیری چاوەکانیم کرد درکم بەوە کرد کە زۆر لە دوای -موسـلیمە ئەبدە- ناژی، چونکە وەك یەك گیان وابوون لە یەك لاشەدا، یەکێکیان ڕۆشت و خەریکە ئەوەی تریش بەدوای بکەوێت. بەڵێ، ئەوەش ڕویدا، چەند ڕۆژێك تێپەڕی و موسـلیمە ئەبلە بە نەخۆشـی کەوت و قەدەر کەڵبەکانی خەم و پەژارەی لە دڵیدا چەقاند، بۆیە لێی نەگەڕا تا گیانی سپارد.

پاش کوژرانی خێزانەکەم وامزانی دووچاری هیچ کارەساتێك یان پەژارەیەکی لەم شـێوەیە نابمەوە کە لە بەجێهێشـتنیان تووشـی بووم، بەڵام لەو کاتەدا پەژارە هەموو گیانمی داگرت و دەسـتی بەسەرمدا گرت، تا وام زانی تەنیا بۆ پەژارە بەدی هاتووم.

تەنانەت خەم و پەژارەکانم بە شـێوەیەکن، وەك کانییەك دەتوانن خەڵکی هەموو جیهان تووشی خەم و ناخۆشی بکات.

# بەشی سێهەم

# خەونێک

نامەکان ڕاستەوخۆ لە شێخ عومەرەوە پێمدەگەیشتن کە زۆر دەهاتە کلێسا تا بە نهێنی یەکتر ببینین.

پێیگوتم کە دۆخەکە لە دەرەوە سامناکە و ژمارەی مۆریسکییەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

سەرنجم دا شێخ عومەر وازی لە وریاییە زۆرەکەی دەهێنا، کاتێکی زۆری بەسەر دەبرد لە گەڕان بەدوای مۆریسکییەکان لە هەموو لایەکانی ئەندەلووسدا، هەموو خەمی ئەوەبوو بڵێسەی ئیسلام نەکوژێتەوە.

هەندێك گومانی لەسەر پەیدابوو، لە کڵێساشدا پڕوپاگەندەی زۆری لەسەر بڵاوبووەوە، ئەوەم پێ ڕاگەیاند، بەڵام گوێی پێ نەدا، منیش زانیم کە کاتی ئەویش هاتووە، هەر وابوو درێژەشی نەکێشا.

چوار مانگی نەبرد تا دادگاکانی پشکنین مزگەوتی شێخ عومەریان دۆزییەوە و هەشت کەسی تێدا بوون نوێژیان دەکرد، حوکمەکە ڕاستەوخۆ لەسەریان ئەنجامدرا، لە کاتی نوێژدا هەموو مزگەوتەکەیان بەسەردا سووتاندن، کۆتاییەکی کارەسات ئامێز بوو بۆ مۆریسکییەکان، کە کەسیان لێ نەما جگە لە من.

قەشە –کامیلۆ-ش، چەندین ڕۆژ تێپەڕی بوو کە خەم تاکە هاوڕێی تەنیاییم بوو، تا ڕۆژێك هات پەژارە گەیشتە لووتکەی لەو ڕۆژەدا زۆر دڵتەنگ بووم، وەك عادەتی خۆم بەناو کڵێسادا دەگەڕام،

تا چاوم بە کامیلۆ کەوت، لە یەکێك لە گۆشەکانی کڵێسا دانیشتبوو، قەشەیەکی تری لەگەڵ بوو دیار بوو مشتومڕیان

لەسەر کارێکی ناو کڵێسا بوو، چاوەڕێم کرد تا کامیلۆ لە قسەکانی تەواو بوو و ئەوێی بەجێهێشت،

منیش بەرەوە کامیلۆ ڕۆشتم و کورسییەکم هێنا و لەبەردەمی دانیشتم، بێ ئەوەی قسە بکەم سەیری ڕووخساریم دەکرد، هەستم کرد هەست بەوە دەکات کە لە ناخمدا ڕوودەدات، ئەویش بە سۆزەوە سەیری کردم و گوتی:

"خەم مەخۆ -عەلی- چونکە هەموو ئەوەی دەیچێژین قەدەرێکی ئیلاهییە."

بە خەمێکی زۆرەوە سەیرم کرد و گوتم: "ئەی بۆچی خودا لە قەدەرمان ناخۆشی دەنووسێت؟!"

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: "قەدەری خودا تەنیا خێر و خۆشی دێنێت، بە چی دەزانیت ئەوەی ئێستا ئێمە تێیداین ناخۆشییە، ڕەنگە خێر بێ و تۆ هەستی پێ نەکەیت."

تووشی شۆك بووم لە قسەکانی بۆیە بە توندی وەڵامی قسەکانم دایەوە:

"چ خێرێك وا ئێمە هەموو جۆرەکانی عەزاب دەبینین؟! چ خێرێك؟ بە چاوی خۆم کۆتایی خێزانەکەم و خۆشەویستترین کەسەکانم بینی؟!"

نەمدەزانی چیم دەگوت بەڵام هەرچیم لە ناخدا بوو هەڵمڕشت و هەموویم بەناوچاویدا دا و، پاشان کەوتمە ناو گریانێکی توندەوە.

کامیلۆ وەستا تا لە قسەکانم بوومەوە و سەرەڕای ئەو توندی و ڕەقییەی کە قسەم پێ لەگەڵ کامیلۆدا دەکرد، بەڵام ئەو بە سۆزەوە سەیری کردم و گوتی:

"بەدیە ئایە هێشتا موسوڵمانیت؟ "

سەرم لە پرسیارەکەی سوڕما، بەڵام وەڵامم دایەوە: "بەڵێ و خۆشت ئەوە دەزانیت."

لە ڕوخسارم ورد بووەوە و گوتی: "کەواتە تۆ لە خێردایت."

قسەکانی تووشی شۆکیان کردم و سەیری ڕووخساریم دەکرد، ئەویش بەردەوام بوو:

"مردنی خێزانەکەت لەسەر ئیسلام خێرە و هەموو ئەوەی لە پێناو ئاینەکەمان دەیچێژین خێرە ئەی عەلی."

کەمێك بێدەنگ بوو پاشان گوتی: "ژیان هیچ مانایەکی نییە گەر هەموو شتێکت بەدەستهێنا و ئایینەکەت لەدەستدا، هەموو شتێك لەم ژیانەدا فانییە، تەنیا ئایینەکەت دەمێنێتەوە."

"ئایین کلیلی ژیانە، کاتێك باپیرانمان دەستیان پێوە گرت، هەموو شتێکیان هەبوو و کاتێك بەجێیانهێشت هەموو شتێکیان لە دەستدا، ئێمە ڕێگاکەی ئەوان تەواو دەکەین ڕۆڵە، یان دەســت بە کلیلەکە بگرین و شــکۆیەکی نوێ بنیات بنێین، یان بەجێبهێڵین و ونبین هەروەك ئەوانەی پێش ئێمە ونبوون."

دەبێت باوەڕمان بپارێزین و بڕوامان وابێت کە ئەوەی خودا داینـاوە دێت و هیچ ڕێگرییەکی لێ نییە.

باوەڕهێنان بە خودا ئەو ڕووناکییەیە کە لە تاریکییەکانی ژیاندا ڕینوێنیمان دەکات، بێ ئەو ئیمانە ڕێگاکەمان لێ تێکدەچێت و دەکەوینە ناو تاریکییەك کە تەنیا خوا دوورییەکەی دەزانێت.

هەستم کرد قسەکانی خۆیان لە دەمارەکانی دڵم دەدا، منیش هێور بوومەوە و گوتم:

"باســی چ شــکۆیەك دەکەیت؟! ئێمە هەوڵدەدەین خۆمان ڕزگار بکەین و نەك بنیاتنانی شــکۆ، ئێمە بە درێژایی چەند ســەدەیە زەلیلی و چەوسانەوە دەچێژین، جا چۆن دەکرێت ڕۆژێك شکۆمان بگەڕێتەوە.؟"

کەمێك بێدەنگ بوو پاشان گوتی :

"زەمەن هیچ ئاماژە و مانایەکی نییە، جا چەند سەدەیەك لە تەمەنی زەمەن مانای چییە؟!

سەبارەت بە زەمەن ئەوانە چەند ساتێکن و چەند ساتێکی تەمەنی گەلانن." بە سەرسوڕمانێکی زۆرەوە سەیرم کرد و بەردەوام بوو:

-بەدیە- شکۆی ئیسلام لە دڵ و ویژداندا هەڵدەقوولێت، ئەمە شکۆی ڕۆحە لە زەمانی سەرمەدی کە کۆتایی نایەت، نەك شکۆی دەسەڵات و فەرمانڕەواییەکی فانی، شکۆی ئێمە لە پارێزگاریکردنمانە لە ئایینەکەمان ڕۆڵە."

لەو ساتانەدا لە مەبەستی شێخ عومەر گەیشتم لەوەی کە: -ئومێدمان.. بریتییە لە دوای کۆتایی تەواوەتی واتا مردن-

ڕۆشتمە ژوورەکەم و لەسەر جێگاکەم پاڵکەوتم و هەوڵمدەدا بخەوم، بەڵام بەهۆی دەنگی یەکێك لە قەشەکانەوە هەڵسامەوە کە داوای لێ دەکردم بۆ نان خواردن بڕۆمە ناندێنەکە، بە لەشێکی قورسەوە ڕۆشتمە ناندێنەکە، حەزی خواردنم نەبوو، بەڵام ڕۆشتم و خۆم وا نیشاندەدا خواردن دەخۆم و پاشان ڕۆشتمەوە ژوورەکەم و خەوتمەوە، عادەتم نەبوو بێ خەونی ناخۆش بخەوم، هەمیشە لە خەونەکانمدا دەنگی کوشتن و ئەشکەنجەدان بەدوام دەکەوێت و دیمەنی لێکۆڵەرەکانی دادگای پشکنین کە پیاو و ئافرەتیان هەڵواسیوە و بە زیندوویی جەستەکانیان دەبرژێنن، کەچی لەو شەوەدا دۆخەکە

نامۆ بوو، خەوم دەبینی کە لە بیابانێکی وشـــکدا دەڕۆشـــتم. لەگەڵ ئەوەشدا هەستم بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکرد، دەڕۆشتم تا لە ناوەندی بیاباندا گەیشـتمە باڵاخانەیەك، لەبەردەمیدا پیاوێکی جل سـپی ڕاوەسـتابوو ڕووخسـاری دەدرەشـایەوە، شـێوەی فریشتەکانی دەدا، پێیگوتم: "بەخێربێیت بۆ ماڵی خودا."

بەخێرایی لە خەو هەستام، یەکسـەر شـێخ عومەرم بیرکەوتەوە کە باسـی فەرزێکی بۆ دەکردم پێیدەگوترێت "حەجی گەورە" لە شـاری پێغەمبەری ئازیزدایە. قسـەکانی شـێخ عومەرم بیرخۆم دەهێنایەوە کە بۆی باسدەکرم شتێکی لێیە ناوی کەعبەیە، ئەویش ماڵی خودایە و موسـڵمانان لە دەوری دەخوولێنەوە و نوێژ دەکەن. ئاواتی شـێخ عومەر ئەوەبوو بڕواتە ئەوێ و ئەو فەرزە ئەنجام بدات.

ئەو خەونە وەك مژدەیەکە لە لایەن خوداوە کە من دەڕۆمە ئەوێ، بەڵام چۆن؟ لەکاتێک بەجێهێشـتنی شـاری غەرناتەم لێ قەدەغەیە، جا چۆن هەموو ئەندەلووس بەجێیدەهێڵم؟!

بەدرێژایی چەندین هەفتە هەموو ئەوەی مێشکمی سەرقاڵکردبوو ئەوەبوو چۆن لە غەرناتە بڕۆمە دەرەوە، بەڵام دەسـەڵاتە ئیسـپانییەکان ڕێگری لە هەموو کەسـێکی بنچینە مۆریسـکی دەکەن لە ئەندەلووس بڕواتە دەرەوە، جا هەر کەسێك بێت.

چەندین ڕۆژ تێپەڕین و هەوڵمدەدا بەسەر هەستەکانمدا زاڵبم و لەناو خۆمدا بیانشارمەوە، بەڵام لە گەڕان بەدوای ئەو وەڵامانەی سەرقاڵیان کردبووم سەرم لێشێوا بوو، بەڵام لەو جیهانە دڵڕەقەدا وەڵام کوا مانای هەیە؟!

دامرکاندن،

کوشتن،

توندوتیژی،

خوێن،

چەند دەستەواژەیەك بوون لەسەرەتای ژیانمەوە بە دەستیانەوە دەناڵێنم و تا دەمرم بەوانەوە دەناڵم.

پێویستم بەوە بوو زیاتر لەگەڵ -کامیلۆ- بدوێم، چونکە قسەکانی دەیانتوانی خەمی دڵم لابەرن. هەڵسام لێی بگەڕێم تا بینیم لە باخچەکە بە تەنیا دانیشتووە و منیش بەرەو لای ڕۆشتم گوتم:

"بۆ هەموو ئەوەمان لەگەڵ دەکەن؟"

-کامیلۆ- لە پرسیارەکانم سەری سوڕما و ئاوەڕی بەلای مندا دایەوە و بە بێدەنگییەوە سەیرم دەکرد، ئەویش ئاماژەی بۆ کردم

لە کورسیەکەی تەنیشتی دابنیشم، منیش دانیشتم و فرمێسك لە چاومدا قەتیس ببوون و پەژارە دڵی دەگوشیم،

"_ئەوە کینە و دەمارگیرییە ڕۆڵە."

بێ ئەوەی سەیرم بکات وای گوت، منیش ئاوڕێکم بەلایدا دایەوە و قسەکانی تەواو کرد و گوتی:

"کاتێك ئیسلام هاتە ناو ئەندەلووس هەمووان لە یەك باوەش و بە ئاشتییەکی تەواو دەژیان و کەسیش لەبەر ئایینەکەی ستەمی لێ نەکرا، کریستیانەکان بە درێژایی هەشت سەدە لە کڵێسا و بیروباروەڕەکانیان پارێزراوبوون، کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامدا بوو، لەو سەردەمەدا هیچ کریستیانییەك بۆ وازهێنان لە ئایینەکەی زۆری لێ نەکراوە.

بەڵام دوای نەمانی فەرمانڕەواییمان، دەمارگیری و کینە دڵی داگرتن و دەستی بەسەر دەروونیاندا گرت، دەزانی بۆ عەلی؟"

-کامیلۆ- چاوەڕێی وەڵامی لێ نەکردم بۆیە بەردەوام بوو:

"چونکە ئەوان وەك ئێمە ناتوانن لێبووردە بن ڕۆڵە، ئەوەش هۆکاری کینەیانە کە ناتوانن ئەو گیانە لە ناخیاندا بدۆزنەوە. فەرمانڕەوایی ئێمە فەرمانڕەوایی ئومێد و ژیان بوو، بەڵام فەرمانڕەوایی ئەوان فەرمانڕەوایی ترس و تۆقینە، ئەوان بە

چاوی کەسی بێدەسەڵات بۆ ئەو دۆخەی پێی گەیشتوون سەیرمان دەکەن، ئەو وڵاتە لە ژێر فەرمانڕەواییماندا نموونەی ناوازەیی و جوانی و شارستانیەت بوو، لە هەموو زانستە ژیانییەکان سەرکەوتین و مەزنترین شارستانیەتمان لە مێژوودا بنیات نا، بەڵام ئێستا سەیری دۆخی ئسیپانیا بکە که پارچە بوون و دابڕان باڵی بەسەردا کێشاوە و نەزانی مێشکی کەسەکانی کۆنترۆڵ کردووە. ئەو دادگایە پڕ لە چەوساندنەوەیە زۆر بەردەوام نابێت، چونکە چەوساندنەوە ناتوانێت بیروباوەڕ بنیات بنێت و بیرۆکەیەك دابمەزرێنێت، تەنیا دەتوانێت بۆ ماوەیەك بە زۆری لە هزریدابنێت، بەڵام ئەو ماوەیە درێژە ناکێشێت.

بە دەنگێکی کزەوە پێمگوت: "بەڕاستی هەندێکیش لە کریستیانەکان وەك ئێمە لێ دەکەن؟"

-کامیلۆ- بە سەر لەقاندن وەڵامی دایەوە و گوتی: "چەوساندنەوە جیاوازی نێوان ئایینەکان ناکات، ئەوان هەموو کەسێك دەچەوسێننەوە کە پێچەوانەیان بێت و جیاوازی لەگەڵ بیروباروەڕی ئەوان بێت، تەنانەت گەر کریستیانیش بێت هەروەك لەگەڵ -مایکلا سرفیتۆس- کرا.

بە سەرسووڕمانەوە پرسیارم کرد: "کێیە؟"

-کامیلۆ- هەناسەیەکی گەرمی هەڵکێشا و دەستی بەگێڕانەوەی کرد، "ئەوە لە ساڵی (١٥٥٣ ز) بوو، سەرفیتۆس پزیشکێکی ئیسپانی و زانایەکی بیرمەند بوو لە دەسەڵاتی خودا. دژایەتی زۆرێك لە ڕاکانی کەنیسە کرد و بیری -پالوپ-ی، پیرۆزی ڕەتکردەوە لە پەرتووکەکانیدا سەلماندی کە خودا یەکە و عیسا (سەلامی خودای لەسەر بێت) مرۆڤێکە و بە موعجیزەیەك لەدایکبووە و خودا کردوویەتیە پێغەمبەر.

چیرۆکەکە لەوپەڕی خۆشیدا بوو، بۆیە بە هەموو هەستەوەرەکانمەوە گوێم بۆ -کامیلۆ- ڕادێرابوو، هەروەها گوتی" :پاش ئەوەی دەنگی سەرفیتۆس بڵاوبووەوە و دەنگێکی گوێلێگیراوی پەیدابوو، دادگای پشکنین بە تۆمەتی بێدینی تاوانباریان کرد و بڕیاریاندا بە سووتاندن بیکوژن.

سیرفیتۆس هەڵهات بۆ ڤییەنا، بەڵام لەوێ دەستبەسەر کرا و بڕیارەکەی لەسەر جێبەجێکرا، بەڵام خودا هەلێکی خودایی بە سەرفیتۆس بەخشی، چونکە لە ڕۆژی ئەنجامدانی بڕیارەکەدا سەرفیتۆس بە ستوونێکی دارەوە بەسترایەوە و پەرتووکەکانیان لە ناوەڕاستی بەست و ئاگریان تێبەردا و لێان گەڕا بیسووتێنێت، تا ئاگرەکە بە تەواوی خامۆش بووەوە و کۆتایی هات و کارە چاوەڕواننەکراوەکە لەبەردەم ئامادەبووان ڕوویدا، سەرفیتۆس مرد

بەڵام ئاگرەکە جەستەی نەخوارد و نە خۆی و نە پەرتووکەکانیشی نەسووتاند.

کاتێك گوێم لەو قسانە بوو هەستم بە سەرسوڕمان دەکرد! چونکە ئەمە بەڕاستی موعجیزەیەکی خوداییە بەسەر پیاوێکدا هاتووە کە ڕەتیکردووەتەوە ملکەچی چەند حەزێکی چەوسێنەری خوێناوی ببێت.


MICHAEL SERVETUS

# وێنەیەکی مایکلا سرفیتۆس

چەندین ڕۆژ تێپەڕین تێیدا لە زۆری بیرکردنەوە ماندوو ببووم، تا ڕۆژێك زوو خەوم لێکەوت، بەڵام بیرۆکەکانم لە خەویشـــدا وازیان لێ نەهێنام، تا هەستم کرد مێشکم خەریکە سەرم بەجێدەهێڵێت و لێی هەڵدێت.

وا هەســتم دەکرد لە دەریاییێکی پڕ لە شـەپۆلی ترس و تۆقیندام، هیچ شــــتێك ڕزگاری نەکردم جگە لە چەند لێدانێکی خێرای دەرگـای ژوورەکەم، منیش بە تۆقینەوە هەڵســــــام و بەخێرایی دەرگای ژوورەکەم کردەوە.

ئەوەی لە بەر دەرگاکە بوو یەکێك لە قەشـەکان بوو و پێ دەچوو کە کـارێـك ڕووی دابێـت، چوونکە ڕوخســــاری کـابرا زەرد هەڵگەڕابوو و بە ڕەقی ســـەیری ڕووخســـاری کردم و بەخێرایی دەیگوت:

"قەشە کامیلۆ هەر ئێستا تۆی دەوێت."

کەمێك بێدەنگ بوو پاشان کە بە ئەستەم تفی قووت دەدا گوتی:

"له سەرەمەرگدایە."

بەخێرایی بەسەر پلیکانەکەدا بازمدا، تا گەیشتمە ژووری کامیلۆ.

جگە لەخۆی هیچ کەسێکی لێ نەبوو، کامیلۆش ئاماژەی بە قەشەکە کرد تا بڕوات و بە تەنیا جێمان بهێڵێت.

ڕوخساری کامیلۆ بێڕەنگ ببوو و وەك ڕوخساری مردووەکان زەرد هەڵگەڕابوو، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە ڕوانینێکی ئاسوودەییم دیت کە لە چاویدا دیار بوو.

ئاماژەی بۆ کردم کە لە تەنیشتی لەسەر جێگاکەی دابنیشم، لە تەنیشتی دانیشتم و بەنەرمی دەستی گرتم و بە دەنگێکی لاواز گوتی :

"ئێستا دەڕۆم عەلی، دەڕۆمە لای مۆریسیکییەکانی تر."

فرمێسکەکان لە چاوم دەهاتن و پەژارە دڵی دەگوشیم، کامیلۆ کۆتا شت بوو بۆم مابوو.

نازانم بۆ لە قەدەرم نووسراوە بەجێهێشتنی خۆشەویستانم ببینم.

کامیلۆ چاوەکانی داخست و پاشان بە هێواشی کردییەوە و سەیری دەکردم و گوتی:

"خەمبار مەبە ڕۆڵە، چونکە لەویٚ پیٚت دەگەمەوە إن شاءالله."

بە سەرسوڕمانەوە لیٚم پرسی:

"لە کویٚ؟!"

بە دەنگیٚکی کز وەڵامی دامەوە:

"لای کەعبە ڕۆڵە."

بەوەی بیستم تووشی شۆك بووم، چونکە کامیلۆ چۆن بە خەونەکەمی زانی؟!

وەك بڵیٚی بیرۆکەکانمی دەخویٚندەوە.

بەردەوام بوو: "خەویٚکی وەك تۆم بینیوە —عەلی-"

کاتیٚك سەیری کۆتا شتم دەکرد کە بۆم مابووەوە فرمیٚسك لە چاوەکانم بارین، چونکە ئەوەتا لە بەردەمم وا لە تاریکییەك بەجیٚم دەهیٚڵیٚت تەنها خوا دوورییەکەی دەزانیٚت.

"باوەڕ بە پەیامی خودا بکە ڕۆڵە، دەست بە ئاینەکەتەوە بگرە، چونکە خوا لیٚرە ڕزگارت دەکات، -عەلی- نزات بۆ دەکەم و داوا لە هەموو مۆریسکییەکان دەکەم نزات بۆ بکەن."

ئەمەی گوت و گیانی گەڕایەوە لای پەروەرێنی میهرەبان، کۆتا هاوڕێم لە نارەحەتییەکاندا بەجێی هێشــــتم، هەموو گلەییەکانی بردەوە لای خودا.

# بەشی چوارهەم

# کۆتایی

ئەو شـــــەوە خەوزڕان هـاوڕێم بوو، وەك منـداڵێكی بچووك كە دەترسێت دەستی دایكی بەر بدات و ڕێگای لێ هەڵە ببێت خۆی پێوە گرتبووم، كەشـــــەكە گەرم و خنكێنەر بوو، شـــێی هەواكە دەیتوانی لە یەك ساتدا مرۆڤ بخنكێنێت.

نازانم لەو كاتەدا بۆ دەروونم پێی گوتم كە بڕۆمە هۆڵی كلێساكە.

بە لەشـگرانییەوە لە پلیكانەكان دەڕۆشـتمە خوارەوە، تا گەیشـتمە ناوەندی هۆڵەكە و لەوێ دەگەڕام و بیرم لەوەی دەورم دەكردەوە و خۆم بە تاریكی شـــەو داپۆشـــیبوو، كە مۆمەكان نەیانتوانیبوو ڕووناكی بكەنەوە.

ئەو تاریكییە وەك ئەو تاریكیەبوو كە باڵی بەســـــەر غەڕناتەدا كێشاوە، بەڵام ئەوەی لێكیان جیا دەكاتەوە ئەوەیە كە تاریكی شەو لەگەڵ دەركەوتنی خۆردا دەڕوات، بەڵام پێنـاچیـت تـاریكیی غەڕناتە هەرگیز كۆتایی بێت و بڕوات.

له دووره‌وه له ته‌نیشت ده‌رگای ژێرزه‌مین ترووسکاییه‌کی ڕووناکیم بینی، منیش بۆ لای ڕۆشتم، به‌ڵام که‌سم نه‌بینی ته‌نیا بینیم ده‌رگای ژێرزه‌مینه‌که کرابووه‌وه.

به ترسه‌وه سه‌یری پشت ده‌رگاکه‌م کرد، چونکه هه‌رگیز نه‌هاتوومه‌ته ئه‌و شوێنه ترسناکه، ته‌نیا دوو جار نه‌بێت، که هه‌ندێك کاغه‌زیان ده‌گواسته‌وه خواره‌وه و له‌و ڕۆژه‌دا قه‌شه‌یك داوای لێ کردم له هه‌ڵگرتنی کاغه‌زه‌کاندا یارمه‌تی کرێکاره‌کان بده‌م.

ئه‌و ڕۆژه گوێم لێیان بوو ده‌یانچرپاند که ئه‌و کاغه‌زانه دانپێدانانی مۆریسکییه‌کانی تێدایه و کاغه‌زی لێکۆڵینه‌وه‌ن.

پاشان زانیم که هه‌موو داتاکانی دادگای پشکنین له کتێبخانه‌یه‌کی ژێرزه‌مین داده‌نرێت.

سه‌یری ده‌ورووبه‌رم کرد به‌ڵام جگه له خۆم که‌سم نه‌بینی، منیش تۆزێك خۆم ئازا کرد و به پلیکانه‌کانی ژێرزه‌مینه‌که‌دا دابه‌زیم، شوێنه‌که له خواره‌وه ڕووناك بوو، وه‌ك بڵێی هه‌زار خۆر به‌سه‌ریه‌که‌وه هه‌ڵهاتبن، پێده‌چوو یه‌کێك چراکانی داگیرساندبێت.

له دووره‌وه ده‌رگای کتێبخانه‌که‌م بینی، ئه‌و شوێنه‌ی ته‌نیا بیرلێکردنه‌وه‌ی تووشی شڵه‌ژانت ده‌کا.

لە سیستەمی دادگادا وابوو کە سێ قوفڵ بەسەر دەرگاکەوە هەبێت، کلیلەکانیان سێ گەورەترین لێکۆڵەری دادگا هەڵیبگرن، بە هیچ جۆرێکیش تەنیا بە ئامادەبوونی ئەوان نەبێت نەدەکرایەوە.

بەڵام من شتێکم بینی کە وای کرد لە شوێنی خۆم نەجووڵێم و تووشی سەرسوڕمان ببم، چونکە دەرگای کتێبخانەکە کرابووەوە.

کەواتە لێکۆڵەرەکان لەبەر کارێك لێرەن، دەبوو زۆر وریا بم، چونکە تەنیا ئامادەبوونم لێرەدا بەس بوو بۆ کردنەوەی دەرگای دۆزەخ بە ڕوومدا.

بە دەنگێکی کز بانگم کرد بزانم کەسی لێیە، بەڵام هیچ وەڵامێکم وەرنەگرت.

بە هێواشی ڕۆشتمە ژوورەوە و داوام لە خودا دەکرد کەس بە بوونم لێرەدا نەزانێت.

شوێنەکە زۆر فراوان بوو، بریتی بوو لە چەند ڕەفەیەکی گەورە کە ئەو پەرتووکانەی لەسەر دانرابوون کە داتاکانیان تێدا بوو.

لە دوورەوە لە پەرتووکەکانم دەڕوانی، هەموو بەشێك مێژووی خۆی لەسەر نووسرابوو، کە بۆ لێکۆڵەران ئاسان بوو هەر کاتێك ویستیان بگەڕێنەوە سەری.

لە ناو کتێبخانەکەدا دەرگایەکی بچووك سەرنجی ڕاکێشام کە نیمچە کراوە بوو، وەك بڵێی بەرەو شوێنێکی تر دەڕوات. بە وریاییەوە لێ نزیك بوومەوە و سەیرێکم کرد، بەڵام خوێن لە دەمارەکانمدا ڕەق بوو.

دەرگاکە دەڕۆشتە ژێرزەمینێکی قووڵی ژێر زەوی، لەو ساتەدا تەنیا ئەو شوێنەم بیرکەوتەوە کە لێکۆڵینەوەی تێدا لەگەڵ من و خێزانەکەم کرا.

ئێرە ئەو شوێنەیە کە مۆریسکییەکانی تێدا ئەشکەنجە دەدرێت و گیانیان دەردەهێنرێت، ئێرە زیندانی دادگایە, بەڵام لەو کاتەدا تەواو لە مۆریسکییەکان خاڵی بوو.

تەنیا کاردینال خیمینێس و دوو لێکۆڵەری تری لێ بوو، دیار بوو مشتومڕیان لەسەر بابەتێکی گرنگ دەکرد.

لەو ساتەدا بیرۆکەیەکی سامناك بە مێشکمدا هات، باشە چییە سەرقاڵیەکەیان بقۆزمەوە و سەیرێکی پەڕەکانی لێکۆڵینەوە بکەم.

بیرۆکەکە لەو پەڕی شێتیدا بوو، بەڵام کێ ئێستا دەمبینێت، تەنانەت ئەوانە کە لە خوارەوەن گەر یەکێکیان بەسەر بکەوێت، ئەوا گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانی لەسەر پلیکانەکان دەبێت، لەو کاتەدا بە خێرایی شوێنەکە بەجێدەهێڵم.

نەمهێشت کاتەکە بەخۆڕایی بڕوات، بۆیە بەخێرایی ئەو پەرتووکەم دەرهێنا کە لێکۆڵینەوەی ئەو ساڵەی تێدا بوو کە خێزانەکەمی تێدا کوژران.

پەرتووکەکەم بە خێرایی کردەوە، لەبەر ترس و تۆقین ئارەقە بە جەستەمدا دەهاتە خوارەوە.

پەڕەکانی پەڕتووکەکەم هەڵدەدایەوە و ناوی مۆریسکییەکانم دەخوێندەوە کە لەو ساڵەدا کوژران تا چاوم کەوتە سەر ئەو ناوەی مەبەستم بوو -خێزانی بەدیە-.

جەستەم دەلەرزی و هەستم دەکرد دەستەکانم ناتوانن پەرتووکەکە بگرن، هەستم دەکرد کە بەرەو ساتێکی سامناك دەڕۆم.

لە سەرەتادا داتاکان باسی بڕە پارەی خێزانەکەمی تێدا بوو و وەك شۆکێك بوو بۆم، ئەوەی خەبەری لێ دابووین -ڕۆسایۆ-ی، دراوسێمان بوو.

هەواڵەکە سامناك و بەئازار بوو، چونکە نزیکترین هاوڕێی دایکم بوو، -ڕۆسایۆ- لە هەواڵەکەیدا لە دژی خێزانەکەم گوتبووی کە بانگهێشتی کردبووین بۆ نانی ئێوارە و گۆشتی بەراز و شەرابی لەسەر مێزەکە دانابوو، بەڵام هیچ کەسێك لە ئێمە نزیکی نەبوونەوە، لەو کاتەدا گومانی بۆ پەیدا بوو و دەستی بە

چاودێری خێزانەکەمان کردوە، تا گومانەکانی دووپاتبوونەوە و هەواڵی بە دادگای پشـــکنین دا، بۆ ئەوەی بە شـــێوەیەکی نـائـاســـایی گرنگی بە ڕەوشـــەکە بـدەن، تـا ئەوانیش لە موسوڵمانبوونمان دڵنیا بوونەوە و، ئەوەی ڕوویدا، ڕوویدا.

ترس و تۆقین لە دادگا گەیشـــتبووە ئەوپەڕی، چونکە کاتێك دراوســـێ هەواڵ لە درواسـێیەکەی دەدات و وەك نێرێك بۆ مردن دایدەنێت، ئەوا خودی شەیتان لە سامناکی دیمەنەکە دەلەرزێت.

داتاکان ئەوەیان باس کردبوو، کە خێزانەکە تەنانەت لەگەڵ ئەو ئەشکەنجە قێزەونەشی تووشی بوون، ڕەتی کردەوە هیچ زانیارییەك دەربارەی مۆریســکییەکانی تر ئاشــکرا بکات، چونکە لەســـەر مێزی دار بەســـتیاننەوە و قاچیان بە ڕۆنی بەراز چەور کردن و ئاگریان لە ژێر قاچیان دانا بۆ ئەوەی عەزابیان زیاتر بێت، بەڵام سەرەڕای ئەوە هیچ وشەیەك لە زاریان نەهاتە دەرەوە، تەنیا چەند وشـــەیەکی عەرەبی نەبێـت کە لێکۆڵەرەکـان لە مـانـاکەی نەدەگەیشتن ئەوانیش وەك خۆی نووسیبوونیانەوە کە تیایدا باوکم و ئەوان گوتبوویان: -پەروەرێنە تۆ پەناگەی منیت-.

خێزانەکەم پەنایان بردە بەر پەروەرێنی ئاسمان و زەوی کە هەرگیز بەندەکانی بێهیوا ناکات.

پەڕەکانی تر جۆرەکانی ئەشـــکەنجەیان تێدا بوو کە خێزانەکەم تووشـــی هـاتبوون، بۆیە نەمتوانی خوێنـدنەوەکە تەواو بکەم و بەرگەی فرمێسکەکانم نەگرت و لە چاوم داباریین.

پەرتووکەکەم گەڕاندەوە شـوێنی خۆی و بەخێرایی لە کتێبخانەکە دەرچووم و ڕۆشـــتمەوە ژوورەکەم، تا بەیانی گریان بەری نەدام، تەنیا ئەوەم دووبارە دەکردەوە: "پەروەرێنە تۆ پەناگەی منیت."

بە نزاکردن لە خودا دەپاڕامەوە دەرگایەکم لێ بکاتەوە لەو دۆخەی ئێستا تێیدام و ڕەحمی خۆیم بەسەردا ببارێنێت.

ڕۆژان بە هێواشـــی و دڵتەنگی دەڕۆشـــتن، لە هەموو ڕۆژێکدا ئازار و ناڕەحەتییەکانم زیاد دەبوون، تا ئومێدی مردنم دەخواست. ڕۆژێکیان ڕاهیبێك بانگی کردم و داوای لێ کردم بڕۆمە لای کـاردینـاڵ خیمینێس لە نووســـینگەکەی چونکە لە کـارێکی گرنگدا پێویستی پێمە.

لەو داوایە ترســـام، دەبێت ئەو کارە گرنگە چی بێت کە منی دەوێت؟!

چەنـد خوولەکێکم پێ نەچوو و لە نووســـینگەی کـاردینـاڵ خیمینێس بووم، لە نووســینگەکەی خۆی دانیشـــتبوو و هەندێك پەڕەی لە بەردەم بوون و دەیخوێندنەوە، ســـەری بەرز کردەوە و بە

بێدەنگییەکی درێژ سـەیری کردم و پاشـان ئاماژەی بۆ کردم کە دابنیشم و بە دەنگێکی قووڵەوە گوتی:

"خۆسێ، خودا بۆ ئەنجامدانی ئەرکێك تۆی هەڵبژاردووە."

گوێم لە وتەیە بوو، خەریک بوو دڵم لە پەراسـووەکانم دەربێت، چونکە دەبێت ئەم نێردراوەی شەیتان چ ئەرکێکی لە من بوێت؟!!

هەموو ئەوەی توانیم بیڵێم ئەوەبوو کە: "من هەمیشـە لە خزمەتی خودا دام."

بە متمانەیەکی زۆرەوە سـەیری کردم و گوتی: "چاوەڕێی ئەوەم لە تۆ دەکرد، چونکە خاکە نوێیەکە پێویستی بە مژدەهێن هەیە، ئەو ژمارانەی لەوێ هەن بەشـی بتپەرستەکان ناکەن، بۆیە دەبێت ژمارەی مژدەهێنەکانی ئەوێ زیاد بکەین."

منیش بە سـەرسـوڕمانەوە گوتم: "من چ پەیوەندیەکم بەوەوە هەیە؟"

بەخێرایی وەڵامی دامەوە: "تۆ دەڕۆیتە ئەوێ."

هەواڵەکە وەك برووسـکەیەك بوو لەسـەرم، منیش تەواو بێدەنگ بووم و نەمدەزانی چی بڵێم.

کاردیناڵ خیمینێس بیرکردنەوەکەمی بڕی و گوتی:

دەبێت بۆ ڕۆشتن ئامادە بیت، ئەو کەشتییەی دەتباتە ئەوێ بەم زووانە دەڕوات، هەموو پێداویستییەکانت ئامادە بکە و ئاماژەی بۆ کردم بڕۆم، بەڵام هیچ ڕێگەچارەیەك لە ئەرکەکەدا نییە، چونکە گەر حەزم لێ بێت و لێی نەبێت دەبێت بڕۆم.

"ئیلاهی کارەکەم بە تۆ دەسپێرم، من وەك بەرخێکی نێو ڕەوە گورگێکم."

کاتێك ژووری ئەو شەیتانەم بەجێدەهێشت ئەوەم بە نهێنی گوت.

ڕۆشتمە ژوورەکەم و دەستم بە ئامادەکردنی جانتاکانم کرد و هەموو پەڕە ئەلخمیادۆییەکانم کۆ کردنەوە و بە چەند پاچە قوماشێك لوولم دان و بە ناوەڕاستی پشتی خۆممەوە بەستن، تا هیچ کەسێك نەیانبینێت.

دوای ئەوەی لە ئامادەکردنی جانتاکانم تەواو بووم، چوومە ناو کڵێساکە و بەناویدا دەگەڕام و بیرم لێ دەکردنەوە، چونکە پێ دەچێت ئەوە کۆتا دیدارم بێت لەگەڵیدا. لە کاتی خوولانەوەم بەناویدا وەك کڵێسایەك نەمبینی، بەڵکو وەك مزگەوتی گەورەی غەرناتە دەمبینی، چونکە لەو شوێنەدا چەندین زانا و شێخی موسوڵمان وتاریان داوە و مرۆڤیان فێری ئیسلام و دادپەروەری کردووە، تا زەمەنیان بەسەردا هەڵگەڕاوە و پاش ئەوەی سەرکەوتن

شـــكســـتيان هێنا، دوای شـــكۆمەندی زەلیل بوون. جا چەندە جیاوازی نێوان فەرمانڕەوایی ئێمە و ئەوان هەیە.

نەمزانی، چەند كاتم بەســـەردا تێپەڕی كە لەم دۆخەدا بووم، تاریكی باڵی كێشابوو منیش ڕۆشتمەوە ژوورەكەم، بەیانی كاتی ڕۆشتنمان بوو بۆیە شەوەكەم هەموو بە گریان و پاڕانەوە بەسەر برد كە خوا لەوە ڕزگارم بكات كە تێیدام و لە دەســـتی ئەوانە دەرمبهێنێت.

بۆ بەیانییەكەی ســـەربازەكان هاتن و لە چەند گالیســـكەیەك ئێمەیان برد كە ئەسپ ڕایان دەكێشا تا دەگەینە ئەو كەشتیەی دەمانگوازێتەوە خاكە نوێیەكە.

سواری یەكێك لە گالیسكەكان بووم كە تەنها منی تێدا بوو.

دەمێك بوو شـــەقامەكانی غەرناتەم نەبینی بوو، بۆنی خۆڵەكەیم نەكردبوو، یادەوەریەكان بەمێشـــكمدا دەهاتن، چونكە ئێرە شـــوێنی یاری كیژۆڵە و هاروهاجی منداڵان بوو، لێرەدا لەگەڵ دایك و باوكم چەند پیاســـەم كردووە، ئایا ئێستا لە غەرناتە دەڕۆم؟! ئایا خاكەكەم بەجێدەهێڵم! خاكی باب و باپیرانم؟!

سڵاوی پەروەرێنت لەسەر بێت غەرناتە!

سڵاوی پەروەرێنت لەسەر بێت ئەندەلووس!

خۆم پێنەگیرا و کەوتمە ناو گریانێکی گەرم و دەنگی گریان و هاوارم بەرز بووەوە، گەر دەنگی ئەسپەکان و تایەی گالیسکەکان نەبوایە، ئەوا ئەوانەی ناو شــەقامەکە گوێیان لە گریان و هاوارم دەبوو.

مژدەدەکە بریتی بوو لە چوون بۆ مەککە نەوەك خاکی نوێ، بەڵام هەموو شتێك بە قەدەری خودای ئاسمان و زەوییە، کۆتا وتەکانی شێخ عومەر کە پێی گوتم بریتی بوو لە:

"خوا ونت ناکات ڕۆڵە، تۆ ئەستەمیت بینیوە و ئەو ناخۆشییانەی تۆ چەشـــــتووتە، کەس نەیچەشـــــتووە. بۆیە ڕۆژێك دێت تێیدا ئاسوودە دەبیت، بۆیە هەرگیز نارەحەت مەبە."

بەدرێژایی ژیانم هەرگیز هەســتم بە دڵەڕاوکێ نەکردووە، چونکە دڵەڕاوکێ بۆ مرۆڤی ئاســوودە دێت، تا ماوەیەکی کورتی ژیانی لێ تێکبـدات و بەخێرایی بەجێی دەهێڵێت، بەڵام من بەدرێژایی ژیانم هەست بە ترس و تۆقین دەکەم، هەست بە بەدبەختی دەکەم، هەستم بە ئاڵوگۆڕییەکانی زەمەن و دڕەندەیی دەکرد.

ئەی زەمەن تۆ چەندە دڕەندەیت! ئەو چەقۆیەی پێی سـەردەبڕیت وەك بەفر ســــاردە، وەك زســـــتانێکی باراناوی بێ ڕەنگە، وەك درەختی سەباری بیابان وشکە.

کەمێك پێش خۆرئاوابوون کەشتییەکە بەڕێکەوت و شەپۆلەکانی دەریای بڕی، دەورووبەری بیست و سێ قەشە و ڕاهیب بووین، جگە لە سەرباز و کەشتیوانەکان، دەریا بەتەواوی هێمن و لەوپەڕی ئارامیدا بوو.

"پێدەچێت گەشتێکی هێمن و خۆش بێت، چونکە بەڵنیاییەوە خودا لەگەڵمانە."

کاتێك لەسەر پشتی کەشتی بووین و سەیری خۆرئاوابوونمان دەکرد ڕاهیبێکی تلێتلە ئەوەی پێگوتم.

لە ناخی خۆمدا گوتم: "کاتێک ئێمە دەچین بۆ چەوساندنەوەی خەڵکی و ئەشکەنجەدانیان و بەزۆرەملێ کردنیان بە کریستیان خودا چۆن لەگەڵمان دەبێت؟!"

کاتی نانی ئێوارە هات و هەموو ئەوانەی سەر کەشتی کۆبوونەوە تا خواردن بخۆن، ڕاهیبێك لە تەنیشتم دانیشت کە پێشتر ڕۆشتبووە ئەوێ، بەشانازییەوە پێی گوتین کە توانی سێ بتپەرست بباتە کڵێسا، پاش سووتاندنی سێ کەسیان، بۆیە ئەندامانی هۆزەکە پەلەیان کرد بۆ هاتنە ناو ئایینی مەسیحی.

ئایا پەروەرێن ڕازی دەبێت کەسێك بە زۆرەملێ بێتە ناو ئایینەوە!

لەو ساتەدا و پاش بیستنی قسەی ئەم ڕاهیبە، بیرێك بە ئەندێشەمدا هات: "باشە چی دەبوو گەر موسوڵمانان پاش فەتحکردنی ئەندەلووس ئیسلامیان بەسەر ئیسپانییەکاندا بسەپاندایە و بە زۆرەملێ بیانکردنایە بە موسوڵمان و زۆریان لێ بکردنایە تەنیا بە عەرەبی قسەبکەن؟!

گەر ئەمە ڕوویدابا، ئێستا ئەندەلووس دەگەیشتە ئەو دۆخەی ئێستا پێیگەیشتووین؟!

بەڵام وەڵامەکە لە مێشکمدا و وەك چرایەکی شووشەیی ڕووناك تاریکی شەو لابەرێت ئامادەبوو، ئەویش ئەوەبوو: کە ئیسلام ئایینی لێبووردن و بەخشندەییە و هاتنە ناوی بە تەواوی ئازادییەوەیە، بۆیە کەس بە زۆرەملێ و چەوساندنەوە نەڕۆشتووە و نارواتە ناو ئایینی موحەممەد -سەلامی خودای لەسەر بێت-, بەڵکو بە دڵێکی خۆشەوە دەچێتە ناویی، چونکە بووەتە شوێنەکەوتوانی موحەممەد و بەسەر ئێمەدا هات ئەو کاتەی باپیرە گەورەکانمان ڕۆشتوونەتە ناو ئیسلام و لەگەڵ هەموو نەوەیەکی نوێ ئەو گیانە پاکەمان پێ دەگەیشت کە وای لێکردین بە مردن ڕازی بین و بە ئەندازەی سەرە پەنجەیەك لە ئایینەکەمان پاشگەز نەبینەوە.

پاش نان خواردن و لەدوای ڕۆژێکی ماندووکەر هەمووان چوون بخەون، بەڵام من ڕۆشتمە سەر پشتی کەشتییەکە و بیرم لە ئەستێرە گەشاوە و بریسکەدارەکان دەکردەوە، لەبەر ئەوەی چەندین ساڵە بەم شێوەیە بە تەنیا لەگەڵ خۆم نەبووم، هەستم بە ئاسوودەییەك دەکرد نەمدەزانی سەرچاوەکەی چییە.

دەریا کەمێك دەستی بە هەڵچوون کرد بە پێچەوانەی بەیانی، بەڵام —سەرەڕای توندی و ڕەقی شەپۆلەکانی- لەو دڵانە نەرمتر و بەسۆزترە کە لە غەرناتە بەجێم هێشتن.

لە ناکاوکەشتییەکە بە توندی لەرییەوە، تا وامزانی تەختەکانی لە جێی خۆیان لێدەبنەوە، لەو کاتەدا وەك ڕیشێك کە هەوا یاری پێ دەکات لەسەر پشتی کەشتییەکە ئەملا و ئەملام دەکرد، کارەکە زۆر خێرا بوو، چونکە ئەو دەریایەی ئارام بوو، گۆڕا بۆ دێوێکی دڕندە، کە هەموو شتێکی بەردەمی لەناو دەبرد. ویستم خۆم بە شتێکەوە بگرم یارمەتیم بدات نەکەوم، بەڵام دەریاکە بە شێوەیەکی سامناکتر هەڵچوو، تەنانەت هەندێك تەختەی کەشتیەکەم بینی لە جێگای خۆیان لێدەبوونەوە، لەناکاو هاوسەنگی خۆم لە دەستدا و کەوتمە ناو ئاوە ساردەکەوە.

کەوتنێکی توند و سامناك بوو لەگەڵ ساردییە زۆرەکەی ئاوەکە تێکەڵ بوو، وا هەستم کرد گیانم لە جەستەم دەردێت، هەوڵم دەدا

بەسەر ئاوەکە بکەوم تا هەناسە بدەم، لەو پەڕی قورسیدا بوو، بەڵام لەکۆتاییدا توانیم سەر ئاو بکەوم، کەشتییەکە زۆر لێم دوور کەوتبووەوە و با و شەپۆلەکان بە توندی ڕایاندەکێشا و تۆڵەی لێدەکردنەوە، تا کەشتییەکە توانای بەرگری نەما بۆیە بەوانەی ناوییەوە وەرگەڕایە ناو ئاوە ساردەکەوە.

دیمەنەکە زۆر ترسناك و سامناك بوو، بەڵام تۆزقاڵێکیش بەرانبەریان هەستم بە سۆز و میهرەبانی نەکرد.

دەریا زۆر هەڵچوو بوو، کەشەکەش تاریك بوو، ئاوەکەش زۆر سارد بوو. بەڵام هەستم بە ئاسوودەییەك دەکرد هەرگیز هەستم پێ نەکردبوو. هەستم دەکرد ئێستا ئازادم گەر ئازادییەکە لە قوڵایی دەریاکانیشدا بێت، چونکە دڕندەیی دەریا هەر چەند بێت، ناگاتە دڕندەیی ئەو خوێنڕێژانەی خۆیان ملکەچی شەیتان کردووە، بۆیە میهرەبانی لەبیر بردوونەتەوە.

وەك بڵێیت لەناکاو هەستم کرد جلی ڕاهیبەکانم لەبەردایە، بۆیە بەخێرایی دامکەندن و فڕێم دانە ناو ئاوەکەوە، لەو کاتەدا هەستم کرد هەموو خەمەکانم نەماون و، گەڕامەوە ئەو کاتەی کە لەسەر فیترەتی ئیسلام لەدایك بووم.

لەناکاو، شەپۆلەکان تەختەیەکیان فڕێدایە بەردەمم کە پاشماوەی کەشتییەکە بوو، منیش بەخێرایی خۆم پێدا هەڵواسی و سەرم

بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و سوپاسگوزاریم کرد بەرانبەر ئەوەی ئێستا تێیدام.

لە خودا دەپاڕامەوە و نزام دەکرد تا بمخاتە نێو بەخشندەیی خۆیەوە.

پەروەرێنم بەدرێژایی ژیانم بە پەنهانی لێت دەپاڕێمەوە، بەڵام ئێستا بە ئاشکرا لێت دەپاڕێمەوە، دەنگم بەرزدەکردەوە و نزام دەکرد و دەپاڕامەوە و، دڵخۆش بووم کە دەمگوت: "خودایە،

پەروەرێنم، بێ ئەوەی لە کەس بترسم، پاڕانەوەکانم بە فرمێسکەکانم تێکەڵ بوون ئاوی دەریاکە، وەك بڵێیت خەمی ساڵانی ڕابردووم لە جەستەم دەشواتەوە.

ئەو پەڕانەی لە ناوەڕاستی پشتمدا لوولم دابوون زۆر توند بوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش خۆم لەبەردەم کەعبە بینی و خێزانەکەم لە تەنیشت ئەوێ بینی و ئاماژەیان پێ دەکردم کە بەرەو لایان بڕۆم و لە نزیك ئەوانەوە شێخ عومەر نوێژی دەکرد و لە سوجدەدا بوو، هەروەك لە نوێژدا کوشتیان و لەوێدا موسلیمە ئەبدە و موسلیمە ئەبلەم بینی، بەیەکەوە قسەیان دەکرد.

-کامیلۆ- بە زەردەخەنەوە ڕاوەستابوو و ئاماژەی بۆ دەکردم، هەموو مۆریسکییەکانم بینی لە دەوری کەعبە بوون، ئاماژەم بۆ

دەکردن، هەموویانم دەناسی و ڕووخسارییانم لەبەرکردبوو، بەرەو ڕوویان دەڕۆشتم و فرمێسك لە چاوەکانم دەبارین، بەڵام لەناکاو هەستم بە دەستێك کرد، بە نەرمی لە ڕووخساری دەدام و گوێم لە دەنگێك بوو دەیگوت:

"سوپاس بۆ خودا کە سەلامەتیت."

چاوەکانم بە قورسی کردەوە، خۆر زۆر دەدرەوشایەوە بۆیە بۆ ماوەیەك نەمتوانی هیچ ببینم، تا چاوەکانم توانییان ببینن. لە دەوروبەری خۆم دەڕوانی، لەسەر پشتی کەشتییەك بووم پێدەچوو بازرگان بن.

یەکێکیان پێی گوتم:

"سوپاس بۆ خودا لەسەر سەلامەتیت، تۆ لە هاتوویت؟"

بۆ ماوەیەك شتەکانم لێ تێکەڵ بوون و سەرم دەسووڕا، تا وام زانی دووبارە لە هۆش خۆم دەچمەوە، چونکە پیاوەکە بە عەرەبی قسەی لەگەڵ دەکردم. خودایە ئەوانە عەرەبن!

لە زۆری شۆك و خۆشی زمانم نەیتوانی هیچ شتێك دەرببڕێت، بۆیە پیاوەکە بەردەوام بوو و گوتی:

"بە ئێرەدا تێپەڕین و بینیمانی خۆت بە تەختێکدا هەڵواسـیبوو، بۆیە لە خنکان ڕزگارمان کردی، هیچ کەسـێکی ترت لەگەڵە لێی بگەڕێین؟"

بە سـووپاسـەوە سـەیری پیاوەکەم کرد و بە "نەخێر" وەڵامم دایەوە، پاشـان داوای پەرداخێك ئاوم کرد، یەکێکیان بۆی هێنام. بۆیە لێم خواردەوە تا تینوێتیم شـکا، هەموو ئەوانەی سـەر کەشـتییەکە لە دەوورم کۆبووبوونەوە و پرسـیاریان زۆر بوو و گومان و دوودڵییان لێم پەیدا بوو، چونکە شـێوەم و زمانە عەرەبییە لاوازەکەم، ئاماژە بەوە ناکات موسـوڵمان و عەرەبم، ئاخر ئەوان لە مێژە وادەزانن موسوڵمانانی ئەندەلووس لەناوچوون.

بیرۆکە و هەستەکانم کۆدەکردنەوە و بەهێواشی هەموو شتێکم بۆ باسـکردن, لە سـەرەتاوە تا ئەو سـاتەی تیایدا بووم. قسـەکان کاتێک لە زمانم دەردەچوون، دڵم ئاسـوودە دەبوو و ناڕەحەتیم لەسەر نەدەما، تا لە چیرۆکەکەم تەواو بووم، بۆیە هەموو ئەوانەی سـەر کەشـتییەکە دەسـتیان بە گریان کرد، لەتاو خەمبارییان بۆ ئەندەلووس و موسوڵمانەکانی نێوی.

لە سـەرۆکی کەشـتییەکەوە زانیم ئەوانە بازرگانی میسـڕین و بەرەو میسڕ دەڕۆن و لەوێوە کەشتییەك دەمبات بۆ مەککە.

پیاوەکان جلی نوێیان بۆ هێنام، منیش ڕاســـتەوخۆ لەبەرم کردن، لەنـاکـاو ئەو پەڕانەم بیرکەوتنەوە کە لە خۆم بەســـتبوون، بۆیە بەخێرایی پێچەکەم کردەوە تا سەیریان بکەم. سوپاس بۆ خودا وەك ئەوەی هیچیان لێ بەسەرنەهاتبێت وابوون.

دڵخۆشییەکەم وەسف نەدەکرا. لەگەڵ کۆمەڵێك لەو کەشتیوانانە نوێژی جەماعەتم دەکرد، بیرم نایاتەوە بە ئاســـوودەییەوە نوێژم کردبێت، لەوەتەی نۆ ســـاڵان بووم و لە مزگەوتی شـــێخ عومەر بووم، بەڵام ئێســـتا دەڕۆمە ماڵی خودا و لەوێ بە ئارامی و ئاســـوودەییەوە نوێژ دەکەم و داوا لە خودا دەکەم لەو غەریبانە خۆش بێت کە وەك پشـــکۆی ئاگرێك دەســـتیان بە ئاینەکەیانەوە گرتووە، داوا لە خودا دەکەم لە بەهەشـــتەکەی بەیەکەوە کۆمانبکاتەوە.

ئەو دڵڕەقانەشـــی کە لە دوای خۆم بەجێم هێشـــتوون، ئەوا دڵنیام خودا ڕۆژێکیان بۆ دادەنێت تا بە چەندین شـــێوە، وەك ئەوەی بە مۆریســـکییەکانیان چەشـــت عەزاب بچێژن. کاتێکمان لەگەڵ ئەواندا هەیە یەک ببینین، بەڵێ ئەو ڕۆژەی بەرانبەر یەک دەوەســـتین و خودای زانا و دانا بە دادپەروەری و هێزی خۆی تۆڵەیان لێ دەستێنێتەوە

❊❊

ئەوە کۆتا قسە بوو کە لەسەر ئەو پەڕانەم نووسی کە پێم بوون، لەگەڵ پەڕەکانی ئەبوحەسەنی غەڕناتی دامنان، بەڵکو ڕۆژێك بێت بگەنە موسوڵمانان تا بزانن براکانیان لە ئاییندا چۆن ناڵاندوویانە و ئەشکەنجە دراون و شەهید کراون، تەنیا لە پێناو وشەی ئیسلامدا.

با ئێستا هەموو مۆریسکییەکان ئاسوودە بن، ئێستا ئەوان تامی ئاسوودەییەك دەکەن هەرگیز لە ژیانیاندا بەدەستیان نەهێناوە.

ڕەحمەتی خواتان لێ بێت ئەی غەریبەکان.

عەلی بەدیە- مۆریسکی ئەندەلووسی.

١٨٠٧ لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحەوە.

وەرگێڕانی نووسینەکەی عەلی بەدیەم تەواو کرد، بە فرمێسکێك کە هێندە زۆر بوو وامزانی تێشووی ئەو قەڵەمەیە کە پێی دەنووسم، بە خەمبارییەکی وەها کە هەموو جەستەمی گرتەوە، تەنانەت وامزانی کە هەموو خەمی مۆریسکییەکان لە ناو دڵمدا کۆبووەتەوە.

ئەوەی مۆریسکییەکان تووشی هاتن گەورەترین کوشتارە کە جیهان پێی زانیوە، چونکە هیچ نەتەوەیەك تووشی ئەوە نەبوون کە مۆریسکییەکان تووشی بوون، بەڵام سەرەڕای ئەوە بە ئایینەکەیانەوە پابەند بوون و دەستیان بە بیروباوەڕەکەیانەوە گرت.

قەدەر هیچ هەڵبژاردەیەکی بە مۆریسکییەکان نەبەخشی، چونکە خۆیان لە ناوەڕاستی تاقیکردنەوەیەکی سامناکدا دۆزییەوە، لەگەڵی ژیان و ویستیان بیگۆڕن.

بەڵام قەدەر چەندەها هەڵبژاردەی پێ داوین، کە هەڵبژاردنیانی بۆ ئێمە بەجێهێشتووە، بەڵام سەرەڕای ئەوە بڕیارماندا هەڵنەبژێرین و زەمان یاریمان پێ بکات.

بەڵام من لەو ساتەدا بڕیارم دا ڕابردوو لە دوای خۆم بەجێ بهێڵم، و ئەو ژیانە نوێیە بقۆزمەوە کە پێم بەخشراوە.

هەروەها ویستم هەیە ژیانم بەرەو باشتر ببەم، نرخەکەی هەر چەندێك بێت.

سوپاس بۆ خودا کۆتایی پێ هات

ئەحمەد ئەمین

١٣\١١\٢٠١٣

# چەند ڕاستییەکی مێژوویی

لە پەرتووکی -الجزیرە العربیە-ـــــدا، باسکراوە کە ئیسپانییەك بە ناوی عەلی بەدیە بەرەو مەککە ڕۆشتووە تا فەڕیزەی حەج بەجێ بگەیەنێت ساڵی ١٨٠٧ بینینەکانی تۆمار کردووە.

چیرۆکی مووســـــای کوڕی ئەبوغەســـــان لە پەرتووکی -نهایە الاندلس و تأریخ العرب المنتصــرین-ــــــــی، دکتۆر موحەممەد عەبدوڵا عەدنان باسکراوە، ئەو وتانەی مووسا کە لە ڕۆمانەکەدا هاتوون و چۆنییەتی کوژرانی باسکردووە.

چەند پەرتووکێکی مێژووی باســـیان لە چۆنیەتی گۆڕینی مزگەوتی تلێلە بۆ کلێسا کردووە هەروەها باسکراوە کە شێخی مزگەوتەکە ناوی شـــێخ مەغاغی بووە و لە پەرتووکی -الژخیرە في محاسن أهل الجزيرە-ی، ئەبو حەسەن عەلی شەنترینی باس کراوە کە -بەشی چوارەم لا ١٣١و١٣٢.-

هەرچی موسلیمە ئەبدە و موسیلمە ئەبلەن ئەوا لە پەرتووکی -نهایە الأندلس و تأريخ العرب المنتصرين-ــدا، باس کراوە لا٤٩٦ و لە زانا مۆریسکییەکان بوون.

لە داتاکانی دادگای پشـــکنیندا هاتووە کە ســـاڵی ١٧٩٥ مزگەوتێکی بچووکی مۆریسکییەکان دۆزراوەتەوە کە شەعائیرە ئیسلامییەکانیان تێدا بەجێدەهێنا و مزگەوت و کەسەکانی ناوی سووتێنران.

هەروەها لە ساڵی ١٧٩٥ لە شارۆچکەی —ئاگرێدا- دەستنووسێك دۆزراوەتەوە کە چەند بڕگەیەکی بە زمانی عەرەبی تێدابوو کە چەند وتار و ســـروودی پێغەمبەر و چیرۆکی ئیســـلامی لە خۆ دەگرت، دەستنووسەکە لە کەلێنی دیوارێکدا دۆزراوەتەوە و ئێستا لە کتێبخانەی -ئەلئەســـکۆریال- لە ئیســـپانیایە. پەرتووکی -الاندلسيين المواركە-ی عادل سعيد بشتاوی لا١٧٦

## کۆتایی دادگای پشکنین

کارە قێزەونەکانی دادگای پشکنین شوێنەوارێکی ناشیرینی سەر ڕووخساری هەموو مرۆڤایەتیی بوو، چونکە خۆیان لە مرۆڤایەتی داماڵی و بەردیان لە بری دڵیان دانابوو، تا هاوولاتەکانیان دووچاری چەندین جۆری ئەشکەنجە بکەن. لەبەر هیچ شتێك نەبوو جگە لەوەی کە بیروباوەڕیان جیاواز بوو، یان تەنیا ڕێبازی ئایینییان جیاواز بوو، بۆیە کۆتاییهاتنی ئەم دادگا خوێناوییە کۆتاییەکی دادپەروەرانە بوو، ئەو بەربەریانە کەمێك لەوەیان چەشت کە لە داهاتوودا لەبەرانبەر خودا دەیچێژن لەو ڕۆژەی دوژمنەکان لە بەرانبەری خودای پەنهان و ئاشکرا کۆ دەبنەوە.

ڕاســـتترین ئەوەی لەبارەی کارە قێزەونەکانی دادگای پشـــکنین نووسـراوە ئەوەیە کە ئەفسـەر لیمۆتسـکی باسـیکردووە، یەکێك لە ئەفســـەرەکانی حەملەی فەڕەنســـی بوو لە ســـەردەمی ناپلیۆن ئیسپانیایان داگیرکرد. نووسراوێکی دەرکرد بە نەهێشتنی دادگا و ڕاگرتنی هەموو کارەکانی، چونکە بەخۆی و ســـــەربازەکانی بینییان لەبەر ســـــامناکی کارەکانیان لە قێزەونی و دڕندەیی ئەو دادگا بەربەریە گەنجەکان لە ترساندا پیردەبن.

ئەمەش گەواهیدانی فەڕەنسییەکەیە – هەروەك لە یادەوەرییەکانی خۆی نووســـیویەتی: "لە ســـاڵی ١٨٠٩ ز لەو ســـوپایە بووم کە لەگەڵ ئیســـپانیا دەجەنگا و کۆمەڵەکەی من لەو کۆمەڵانە بوو کە -مەدرید-ـــی پایتەختی داگیردەکرد، ئیمپڕاتۆر ناپلیۆن ساڵی ١٨٠٩ ز نووسراوێکی دەرکرد بە نەهێشتنی دادگاکانی پشکنین لە شانشینی ئیسپانیادا، بەڵام ئەو کارە پشتگوێخرا لەبەر دۆخ و شڵەژانە سیاسییەکان کە ئەو کاتە بڵاوبوون.

هەروەها ڕاهیبەکان جزویتەکان کە خاوەنی دیوانە نەهێشـــتراوەکان بوون سوور بوون لەسەر کوشتن و ئەشکەنجەدانی هەر فەڕەنسییەك بکەوێتە بەر دەستیان، وەك تۆڵەسەندنەوە لە بڕیارەکە و ترساندنی فەڕەنسـییەکان، تا ناچاربن وڵاتەکە بەجێبهێڵن، بەوشـێوەیە هەموو شتێکیان بۆ فەراهەم بێت.

شـەوێك بە یەکێك لەو شـەقامانەدا دەڕۆشـتم کە کەم هاتووچۆی پێدا دەکرا لە شـاری مەدرید، دوو کەسـی چەکدار هێرشـیان کردە سـەرم، دەیانویسـت بمکوژن، منیش بە توندی بەرگریم لە خۆم کرد، هیچیش لە کوشـتن ڕزگاری نەدەکردم تەنیا ئەو هێزەی سـوپایەمان نەبێت، کە ئەرکی گەڕان بە ناو شـاریان پێ درابوو. ئەوانیش کۆمەڵێك سـەرباز بوون چرایان هەڵگرتبوو، کارەکەیان ئەوەبوو کە هەموو شـەوێک بەخەبەربن بۆ پارێزگاری کردن لە سیستەم، بۆیە هەر دوو کەسەکە ئەوانیان بینی ڕاستەوخۆ هەڵاتن و بە جلەکانیانەوە دیار بوو کە لە سـەربازەکانی دیوانی پشـکنینن بوون، منیش پەلەم کرد بۆ لای -مارشـاڵ سـوڵت- فەرمانڕەوای سـەربازی مەدرید و باسـەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش گوتی: "بێگومان ئەو سـەربازانەمان کە هەموو شـەوێك دەکوژرێت کاری ئەو دڕندانەیە، دەبێت سـزا بدرێن، پێویسـتە فەرمانی ئیمپڕاتۆر جێبەجێ بکرێت بە نەهێشـتنی دیوانەکانیان و ئێسـتاش هەزار سـەرباز و چوار تۆپهاوێژ لەگەڵ خۆت ببە و، هێرش بکە سـەر دیوان و ئەو ڕاهیبە ئیبلیسانەش دەستبەسەر بکە".

تەقەکردن دەسـتی پێکرد لەگەڵ کریسـتییانەکان تا بە زۆری ڕۆشتننە ژوورەوە، پاشان بەردەوام بوو: "فەرمانم بە سەربازەکان کرد کە هەموو قەشـە و سـەربازەکانیان دەسـتبەسـەر بکەن، وەك دەستپێشخەرییەك بۆ بردنیان بۆ ئەنجوومەنی سەربازی. پاشان لە

ناو هۆڵ و کورسی لەراوە و پەشتەماڵی فارسی و وێنە و نووسینگەی گەورە گەڕاین، زەوی ئەو ژوورانە لە داری بە مۆم چەورکراو دروستکرابوو و بۆنی عەتر لە هەموو ژوورەکاندا بڵاو بوو، گۆڕەپانەکەش بە ناوازەترین کۆشکی گرانبەها دەچوو، کە تەنها ئەو پاشایانە تێیدا دەژین کە ژیانیان بە خۆشی و ڕابواردن بەسەر بردووە. پاشان زانیمان ئەو بۆنە خۆشانە لە مۆمەوە دێت، کە لەبەردەم وێنەی قەشەکان دادەگیرسێنرێن و پێدەچێت ئەو مۆمە بە ئاوی گوڵ تێکەڵ کرابێت.

خەریك بوو هەوڵەکانمان بەبادا بڕۆن کاتێك هەوڵماندەدا هۆڵەکانی ئەشکەنجەدان بدۆزینەوە، چونکە ئێمە کڵێساکە و هەموو ڕێڕەوەکانمان پشکنی، بەڵام هیچ شتێکمان نەدۆزییەوە ئاماژە بە بوونی دیوانی پشکنین بکات. ئێمەش بە بێئومێدیەوە بڕیارمان دا لە کڵێساکە بڕۆینە دەرەوە، لە کاتی پشکنینەکەدا ڕاهیبەکان سوێندیان دەخوارد و دووپاتیان دەکردەوە کە ئەوەی لەبارەی کڵێساکەیان دەگوترێت تەنیا تۆمەتی بەتاڵن و سەرۆکەکەیان بێتاوانی خۆی و شوێنکەوتووانی بە دەنگێکی کزەوە و بە ملکەچییەوە دووپات دەکردەوە، بەجۆرێک چاوەکانی زۆریان نەمابوو فرمێسك بڕێژن، منیش فەرمانم بە سەربازەکان دا بۆ ئامادەبوون بۆ بەجێهێشتنی کڵێساکە، بەڵام -لیفتنانت دی لێل- ڕایگرتم و پێیگوتم: "کۆلۆنێل مۆڵەتم پێدەدات پێیبڵێم کە

ئەرکەکەمان کۆتایی نەهاتووە؟!" پێمگوت: "هەموو کڵێساکەمان پشکنیوە و هیچ شتێکی نامۆمان نەبینی، ئەی ئێستا چیت دەوێت لیفتینانت؟!" گوتی: "دەمەوێت زەوی ئەم ژوورانە بپشکنم، چونکە دڵم پێمدەڵێت کە نهێنییەکە لە ژێریان دایە."

لەو کاتەدا ڕاهیبەکان بە دڵەڕاوکێیەوە سەیریان کردین، منیش ڕێگەم بە ئەفسەردا بیپشکنێت، ئەویش فەرمانی بە سەربازەکان کرد پەشتەماڵە گرانبەهاکان هەڵبدەنەوە، پاشان فەرمانی پێکردن کە ئاوێکی زۆر برێژنە سەر و چاودێری زەویەکەمان دەکرد و لەناکاو زەوی یەکێك لە ژوورەکان ئاوەکەی قووت دا. ئەفسەر - دی لێل- لە خۆشیان دەستی بە چەپڵەلێدان کرد و گوتی: "ئەوەتا دەرگاکە، سەیربکەن، ئێمەش سەیرمان کرد و دەرگاکە ئاشکرا بوو،" پارچەیەك بوو لە زەوی ژوورەکە، بە شێوەیەکی زیرەکانە دەکرایەوە، بە هۆی ئەڵقەیەکی بچووك لە تەنیشت پیاوەکەی نووسینگەی سەرۆکی کڵێساکە دانرابوو.

سەربازەکان دەرگاکەیان بە قۆنداغی چەکەکانیان شکاند، ڕەنگی ڕاهیبەکان زەرد هەڵگەڕا و پەشۆکی دایگرتن.

دادگاکانی پشکنین، دێوەزمەیەك بوو تەنانەت منداڵیشی پیر دەکرد.

دەرگاکە کرایەوە، پەیژەیەکمان بۆ دەرکەوت دەڕۆشتە ناخی زەوی، منیش پەلەم کرد و مۆمێکی گەورەم هەڵگرت کە درێژییەکەی لە مەترێك زیاتر بوو، وێنەی یەکێك لە سەرۆکە کۆنەکان دادگای پشـــــکنینی ڕووناك دەکردەوە، کاتێك ویســـــتم بڕۆمە خوارەوە، ڕاهیبێکی کریســـتییان بە نەرمی دەســـتی لەســـەر شـــانم دانا و گوتی: "ڕۆڵە، ئەم مۆمە بەو دەســـتە پیســـەت بە خوێنی شـــەڕ هەڵمەگرە، ئەمە مۆمێکی پیرۆزە."

پێمگوت: "هۆی کـابرا، دەســـــتی من نـابێـت پیس ببێـت بە هەڵگرتنی مۆمە پیسکراوەکەتان کە بە خوێنی بێتاوانان پیسبووە، دەشبینین کاممان پیسین و کاممان بکوژ و خوێنڕێژە؟!"

بە پەیژەکەدا ڕۆشتمە خوارەوە و هەموو ئەفسەر و سەربازەکان لە دوامەوە بوون و شمشێرەکانیان بەرز کردبووەوە تا کۆتایی پەیژەکە، بەڵام بینیمان لە ژوورێکی گەورەی ترسـناکین و ئەوە لای ئەوان هۆڵی دادگا بوو، لە ناوەندیدا ســــــتوونێك لە مەڕمەڕ هەبوو، ئەڵقەیەکی ئاســــــنینی زەبەلاحی پێوە بوو، چەند زنجیرێکی پێوە بوو بۆ بەستنەوەی دادگایی کراوەکان.

هەروەها لەبەرانبەر ئەو ســتوونەدا، ئەو کورســییەی کە ســەرۆکی دیوانی پشــــکنین و دادوەرەکان دادەنیشـــــتن بۆ دادگایی کردنی

بێتاوانان لێبوو، پاشـــان ڕۆشـــتینە ژووری ئەشـــکەنجەدان و پارچەکردنی گۆشتی مرۆڤەکان، کە لە ژێر زەوی درێژ ببووەوە.

شـتانێکم لەوێدا بینی دەروونمی دەبزواند و وای لێدەکردم تا ماوم موچوڕك و لەرز بە جەستەمدا دابێت.

چەند ژوورێکی بچووکمان بینی بە قەبارەی جەسـتەی مرۆڤ بوون، هەندێکیان ستوونی و هەندێکیان ئاسۆیی بوون، بۆ ئەوەی زیندانیکراوی ژووری سـتوونی لە ماوەی زیندانیکردنیدا بە ڕاوەستاوی بمێنێتەوە تا دەمرێت. زیندانی کراوی ژووری ئاسۆیی تا مردن بە درێژبوونەوە بمێنێتەوە و تەرمەکانیان لە زیندانەکاندا دەمێننەوە تاوەکو دەڕزن و بۆگەن دەبن و گۆشـت لە ئێسـکیدا دادەماڵرێت و کرمەکان دەیانخۆن. بۆ لابردنی ئەو بۆگەنیوانەی لە جەستەی مردووەکانەوە دێت پەنجەرەیەکی بچووکیان کردبوویەوە کە بەسەر دیوی دەرەوەدا دەیڕوانی.

لەو ژوورانەدا چەند ئێسـکەپەیکەرێکی مرۆڤمان دۆزییەوە کە نوێبوون.

زیندانیکراوەکان پیاو و ئافرەت بوون، تەمەنیان لە نێوان چواردە تا حەفتا ساڵدا بوون و توانیمان بەشێك لە زیندانیکراوە زیندووەکان ڕزگار بکەین و کۆتەکانیان بشـکێنین، کە لە کۆتا قۆناغی ژیانیاندا بوون.

هەندێکیان شـــێت ببوون لە زۆری ئەشـــکەنجەدانیان. هەموو زیندانیکراوەکان ڕووت بوون و تەنانەت ســەربازەکانمان ناچار بوون پۆشاکەکانیان دابنێن بۆ ئەوەی هەندێکیان پێ داپۆشن.

زیندانیکراوەکانمان بەرە بەرە دەرهێنا بۆ ڕووناکی تا بینیاییەکانیان لەدەستنەدەن، لە خۆشیا دەگریان و دەست و پێی ئەو سەربازانەیان مـاچ دەکرد کە لەو ســـزا ســـامنـاکەیـان ڕزگـار کردوون و گەڕانـدویـاننەتەوە بۆ ژیـانیـان. دیمەنێـك بوو بەردی دەهێنـایە گریان.

پاشان ڕۆشتینە چەند ژوورێکی تر، لەوێش چەند شتێکمان بینی لەبەر سامناکی موچوڕکیان بە جەستەدا دەهێنا، چەند ئامێرێکی ســـامناکی ئەشـــکەنجەدانمان دۆزییەوە، هەندێکیان ئامێری شکاندنی ئێسك بوون و پانکردنەوەی جەستەی مرۆڤەکان، یەکەم جار دەستیان بە شکاندنی ئێسکی قاچ دەکرد، پاشان بەرە بەرە سـینگ و سـەر و دەسـتەکان، تا هەموو جەسـتەکە دادەڕما. لە لایەکەی تر پارچەیەك ئێســـکی شـــکاو و خوێنی تێکەڵ بە گۆشـتی وردکراو دەردەهات، ئەمەیان بەسـەر زیندانیکراوە بێتاوانە هەژارەکاندا دەهێنا، پاشـــان ســـندوقێکمان دۆزییەوە ڕێك بە ئەندازەی سەری مرۆڤێک دەبوو، سەری ئەو کەسەیان تێدا دادەنا کە دەیانویست ئەشکەنجەی بدەن پاش ئەوەی دەست و قاچی بە

زنجیر و کۆت دەبەسترایەوە تا نەتوانێت بجووڵێت و لەسەری سندووقەکەوە دڵۆپ دڵۆپ ئاوی سارد بەسەر سەری کەسەکەدا دەکرا، هەموو خولەکێك بە ڕێکی، چەندەها کەس بەم شێوەیە شێت بوون، کەسی ئەشکەنجەدراو بەم شێوەیە دەمایەوە تا دەمرد.

هەروەها ئامێرێکی تر بۆ ئەشکەنجەدان لەسەر شێوەی تابووتێك بوو چەقۆی تیژی تێدەکرا.

گەنجی ئەشکەنجەدراویان لەناو ئەم تابووتە دادەنا، پاشان دەرگاکەیان بە چەقۆ و خەنجەرەکانی دادەخست، بۆیە لەو کاتەی دادەخرا، جەستەی کەسەکەی دەبڕی و پارچەپارچەی دەکرد.

هەروەها چەند ئامێرێکمان دۆزییەوە وەك قوڵاپ وابوون لە زمانی ئەشکەنجەدراوەکە دەچەقێنران، پاشان توند دەکران تا زمانیان لەگەڵی دەربچێت و پارچە پارچەی بکات. هەروەها چەند قوڵاپێك لە مەمکی ژنان دەچەقێنران و بە توندی ڕایاندەکێشان، تا مەمکەکان لێدەبوونەوە یان بە چەقۆ دەدڕان.

قامچیشمان دۆزییەوە کە لە ئاسنی دڕکدار بوو، بە ڕووتی لە ئەشکەنجەدراوان دەدرا تا ئێسکەکانیان وردوخاش دەبوون، گۆشتەکانیان پارچە پارچە دەبوو.

هەواڵەکە گەیشتە مەدرید بۆیە هەزاران کەس هاتن تا ئامرازەکانی ئەشکەنجەدان ببینن، سەرۆکی کریستییانەکانیان هێنا و خستیانە ناو ئامێری ئێسـك شـکاندن و ئێسـکەکانی ورد و خاش بوون و پارچەپارچە بوون. ئینجا نهێنی پارێزەکەیان هێنا و خسـتیانە ناو خانووە جوانەکە و دەرگاکەیان بە توندی لەسـەر داخسـت و چەقۆکان پارچەپارچەیان کرد. پاشـان دوو تەرمەکەیان دەرهێنا و هەموو گروپەکە و ڕاهیبەکانی تریان وا لێ کرد و نیو کاتژمێری پێ نەچوو تا گەلەکە سـێزدە ڕاهیبیان لەناو برد، پاشـان کلێساکەیان بە تالآن برد."

ئەمەش گەواهیـدانی نووسـەرێکی تری ئەورووپییە کە وەحشـیگەری و ئاسـت نزمی دادگای پشـکنین و ئەو سـتەم و عەزابەی موسـوڵمانان تووشـی بوون باس دەکات، کە گۆسـتاف لۆبۆن لە پەرتووکی -حەزارەت عەرەب-دا دەڵێت:

"مەحاڵە ئەوە بخوێنینەوە، بێ ئەوەی سـینەمان نەیاتە لەرزین، لە سـامناکی چیرۆکی ئەو ئەشـکەنجەدان و چەوسـاندنەوەیەی کە کریسـتییانەکان لەگەڵ موسـوڵمانەکاندا کردیان، چونکە بەزۆرەملێی کردنیان بە کریسـتیان و ڕادەسـتی دیوانەکانی پشـکنینیان کردن، چەندیان لە توانا هات سووتاندیانن و قەشە -بلیدا- پێشنیاری کرد سەری هەموو عەرەبەکان بێ جیاوازی ببڕن

کە نەبوون بە کریستیان، منداڵ و ئافرەتەکانیش، بەم شێوەیە سێ ملیۆن عەرەبی کوژران و دەرکران."

هەروەها ڕاهیب -بلیدا- لە یەك کاروانی کۆچکردواندا نزیکەی سەد هەزار کەسی کوشت، لەڕێگای ئەو تەڵانەی شوێنکەوتوواندا دایاننابوو. بلیدا داوای کرد هەموو عەرەبەکانی ئیسپانیا بکوژن، تەنانەت ئەوانەشی کە کریستیان بوون، بیانوویەکەی ئەوەبوو مەحاڵە جیاوازی لە نێوان ڕاستگۆ و درۆزناندا بکرێت، بۆیە وا باشە بە حەددی شمشێر بکوژرێن، پاشان خودا لە ژیانەکەی تر بڕیاریان لەسەر دەدات، ئەوەی کە ڕاستگۆ نەبوو دەڕواتە دۆزەخەوە.

د. لۆبۆن دەڵێت: "ڕاهیب بلیدا ئاسوودەیی خۆی نواند بە کوشتنی سەد هەزار کۆچکردوو لە یەك کارواندا کە لە ١٤٠ هەزار کۆچکردووی موسوڵمان پێکهاتبوون بەرەو ئەفریقیا دەڕۆشتن."

# بەرهەمەکانی ناوەندی ڕەها

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر و وەرگێڕ |
|---|---|---|
| ١ | ئیسلام یان ئیلحاد | ئەیاد نادر |
| ٢ | جوانتر بیربکەوە | سبحان سید |
| ٣ | دێڕی نامەکان | تەنیا محەمەد |
| ٤ | کچی کافرۆش | هێدی سەلیم |
| ٥ | هونەری جەنگ | ن: سون تزو<br>و: نیاز مەستی |
| ٦ | پیانۆ | محمد جمیل عەلی |
| ٧ | عاشقانە دێم | زامدار قادری |
| ٨ | چیرۆکی ڕەوشتە باڵاکان | محمد کەریم حاجی |
| ٩ | ئایا دەکرێت خوێن دروست بکرێت | ئەحمەد محەمەد نەقاش |
| ١٠ | ژیاننامەی زانایانی کورد | زانا قەرەداغی |
| ١١ | ستیڤ جۆبس کێ بوو؟ | ڕەوەند حەکیم |
| ١٢ | بەختەوەرترین ئافرەت لە جیهان | ن: عائض القرنی<br>و: نیاز مەستی |
| ١٣ | پێشەوا زینو العابدین عەلی کوڕی حوسێن | عەبدولڕەحمان موحەمەد ئەمین |
| ١٤ | ماهی نوورین | هێدی سەلیم |
| ١٥ | ئەبولحەسەنی ئەشعەری قوتابخانە کەلامی و فەلسەفییەکەی | عەدنان ئەمین |
| ١٦ | ئەتەکێتی قسەکردن | ن: ئیهاب فکری<br>و: دەشنێ تالیب شوانی |
| ١٧ | ١٠١ کۆدی بەربەڕۆسا | ن: جیهاد الترباني<br>و: ئەحمەد حەمەئەمین مەنتک |
| ١٨ | فیقهی سانا | ئامادەکردن و وەرگێڕانی:<br>خ. ڕەشید ڕەحیم<br>نیاز مەستی |
| ١٩ | لابردنی گومانەکان لەسەر ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەرمان ﷺ | م. جاسم کەرکووکی |
| ٢٠ | لا يأتيه الباطل | ن: موحەمەد ڕەمەزان بۆتانی<br>و: موحەمەد مەلا سعد الدين |
| ٢١ | ١٠١ چیرۆکی سەرسوڕهێنەر | ڕەوەند حەکیم |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٢ | ئامۆژگاری باوکێک بۆ ڕۆڵەکەی | ن: ئەشرەف عوسمان<br>و: ئەیاد فەهمی |
| ٢٣ | تاوانە دەروونییەکان | ن: موحەمەد ڕەمەزان البوطی<br>و: عومەر ڕێشاوی |
| ٢٤ | بەیانی جوانتر دەبێت | ن: عبدالله المغلوس<br>و: موحسین ئەمین |
| ٢٥ | گەورە بژی | ن: کەریم شازەلی<br>و: نێچیروان جاسم وەلی |
| ٢٦ | پەروەردەی ژیرانە | ن: کەریم شازەلی<br>و: هندرێن هەژار |
| ٢٧ | درەختی گەردوون<br>فێڵەکانی شەیتان | ن: محیدین ئیبن عەرەبی<br>و: یاد نوورسی – بوشرا خۆرانی |
| ٢٨ | ژیانەوەی دڵەکان | ن: ئەحمەد محمد سەعید |
| ٢٩ | ڕێبازێکی پەروەردەیی تاقانە | ن: محەمەد سەعید رمضان البوطی<br>و: م. عومەر ڕێشاوی |
| ٣٠ | بیرکردنەوەت بگۆڕە ژیانت بگۆڕە | ن: برایان ترێسی<br>و: داستان شەریف |
| ٣١ | ١٠خاڵ پێشچوونە زانکۆ | ن: یاسر عبدالکریم بکار<br>و: م. ڕەوەند حەکیم |
| ٣٢ | چیرۆکەکانی ژیان | ن: عەلی تەنتاوی<br>و: دیار ئیبراهیم سەنگەسەری |
| ٣٣ | زمانی دووەم | نەهرۆ جەرجیس |
| ٣٤ | سڵاوت لێ بێ ئەی پێغەمبەری خوا | ن: موستەفا حوسنی<br>و: بەسام مەحمود |
| ٣٥ | فێربوونی فەرەنسی | بابان علی محمود |
| ٣٦ | فەرهەنگی دەرمان | ئەحمەد گوڵ |
| ٣٧ | دوایین پیاوی ئەندەلووس | ن: ئەحمەد ئەمین<br>زامدار قادری |
| ٣٨ | لەگەڵ خەڵکدا | ن: عەلی تەنتاوی<br>و: ئەیاد فەهمی |
| ٣٩ | مرۆڤ و دادپەروەری خوا لە زەویدا | ن: محەمەد سەعید رمضان بوطی<br>و: عومەر ئەحمەد نیزامی |
| ٤٠ | نزاکانی مەولانا | کۆساران ئەحمەد |
| ٤١ | ڕەوشتی گفتوگۆکردن لە قورئانی پیرۆزدا | ن: محەمەد سەعید رمضان بوطی<br>و: ئەمجەد تەهاوی |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٢ | یادی پیاوچاکان | کۆساران ئەحمەد |

گروپێك بۆ خزمەتی
خوێنەران و نووسەران و وەرگێرەکان و قوتابیانی
خۆشەویست هەمیشە لەخزمەتانین و بەردەوامین




**کتێبخانەی ( PDF )**

Public group · **84K** Members

ڕۆمان

# دوایین پیاوی ئەندەلووس

- نهێنی مۆرسکییەکان ئاشکرا دەکات
- هەناسەکان توند دەکات
- هیوا دروست دەکات، لە ئەوپەڕی نائومێدییەوە
- داستانی ئیمانێکی چەسپاو دەگێڕێتەوە
- خەندە و گریان دەکاتە هاوڕێ و هاوسەفەر




ناوەندی ڕەها

هەولێر- بازاڕی ڕۆشنبیری - تەنیشت پارێزگا
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٠٦٦٦٧٤
نرخی( ٤٠٠٠) ڕەها/Raha

بەرگ: محمد جبار